# کورد و داعش..

## دەستکەوت و قوربانی

هەندرێن شێخ راغب

کوردو داعش

هەندرێن شێخ راغب

# Kurds & ISIS

by: Handren Shekh Rakhib

# کورد و داعش..

## دەستکەوت و قوربانی

هەندرێن شێخ راغب

..................................................
ناوی کتێب: کورد و داعش
نوسەر: هەندرێن شێخ راغب
تایپ و هەڵەبڕ: نوسەر
دیزاین: نیگار مەحمود
ساڵ: 2017
چاپخانە: دیلان
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی( ) ساڵی ( )
پێدراوە.

پێشكەشە بەهاوڕێم كاك ( خالید قادر)
بەرامبەر نائومێدیەكانی ژیان جەنگاوەر بوو..

# ناوەرۆك


1 -پێشەکی ........ 5
2 -کورد و داعش ........ 6
3 -بیرکردنەوە لەهەندێ لێدوان ........ 11
4 -کولتوری داعش ........ 15
5 -ئەمریکا ........ 18
6 -هەیمەنەی شیعە و سپۆنسەری ئێران ........ 20
7 -ئێران وەك ناوەند ........ 23
8 -ترسی کورد و دووڕیانێکی رۆشن ........ 25
9 -گەڕانەوەی صەدام ........ 27
10 -کەمایەتیەکان ........ 32
11 -ئەزمونی رۆژئاوای کوردستان لەبەرامبەر داعش ........ 35
12 -عەرەب ........ 37
13 -بەرامبەر تورکیا هەڵە دەکەن ........ 40
14 -دەبێت لەئەنقەرە ئاشتی بکەین، لە کۆبانێش جەنگ ........ 43
15 -پێشمەرگە چوو بۆ تورکیا، نەك کۆبانێ؟ ........ 46
16 -راگەیاندنی جەنگ ........ 48
17 -چۆن لە « پیتەر پیلز» تێبگەین؟ ........ 50
18 -شکستی منداڵ، شکستی ژیان ........ 53
19 -کوردستان لێرمیە ........ 55
20 -داعش و بەڕێوەبەری ........ 58
21 -پەلاماردانی کەرکوك ........ 60
22 -پارەکە بدەن بە ئەڵمانەکان ........ 64
23 -داعش گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێت ........ 67
24 -شەڕەکە بەرۆکی خۆی گرتەوە ........ 71
25 -چەکدارکردنی کورد ........ 75
26 -وەزیری جەنگی خەلیفە بۆچونەکەی ئێمە پشت راست دەکاتەوە ........ 78
27 -پێش تەقینەوەکەی هەولێر بۆچونم وابوو ........ 80
28 - پەکەکە و تیرۆر ........ 84
29 -داعشی کوردی ........ 87
30 -حەشدی شیعە ........ 89
31 -لەشکری تورك ........ 93
32 -مەرگی داعش ........ 97
33 -پەروەردە ........ 99
34 -موصڵ ........ 102

## پێشەکی:

شەڕی تیرۆر بەگشتی و رێکخراوی تیرۆریستی داعش بەتایبەتی، هەر تەنها وانەی تازەی گرنگی سەربازی و بەرەی جەنگی بۆ کورد تێدا نیە، بەڵکو گەمەی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و هۆکاری دیکەی پەشێوی ناوچەکەی بۆ کورد رون کردەوە. دوای نەمانی شەڕی داعشیش گرنگە لێکۆڵینەوەو قسەی بەردەوام لەسەر دیاردەی تیرۆر و جەنگی داعش بکەین. بەردەوام مشتومڕ لەسەر زیانەکانمان لەم جەنگە و دەستکەوتەکانیشمان بکەین. پێناسەی تازەمان بۆ مانەوەمان لەچوارچێوەی عێراق و سوریا و پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا و هەڵوێستی ئێران، گرێدراوی گەمەی داعشن و بڕێکی زۆر روخساری ئەم بابەتەشمان لە بن لێوی یاریزانەکانی جەنگی داعش بینی.

جیهان باسی ئازایەتی پێشمەرگە دەکات، ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە لەبری هەموو مرۆڤایەتی جەنگی تیرۆر دەکەین، بەڵام دوای نەمانی داعش لەموصڵ و رەقە و کۆتایی یارییەکە، چۆن ئەم پێگەیە وەردەگێڕین بۆ دەستکەوتی سیاسی و ئابوری و جوگرافی و مافە نەتەوەییەکانمان، ئەمە ئەرکێکی قورسە و توانا و ووزەی هەموانی دەوێت نەك تەنها یەك دوو هێزێك. لەم کتێبەدا هەوڵم داوە زۆر دیاردە و لایەنی جیاواز و ناکۆك بەیەك لە جەنگی نێوان کورد و داعش رۆشن بکەمەوە، هیوام ئەوەیە جێگای شایستەی خۆی بگرێت و داهاتووش چەندین بەرهەمی دیکە لەسەر شەڕی تیرۆر و بەربەریەتی داعش و مەترسیەکانی سەر گەلی کوردستان، بنوسرێت و نەوەی داهاتوو ئاگاداری ئەوە بێت ئێمە چ مەترسیەکی سەختمان بڕیوە. بەرامبەر بەمەش داعش دەبێت وانەی گرنگی دروست بوونی پێکەوەکارکردنی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بێت، ئەم دووبەرەکییە کوشندەیە بەسیەتی. با دیموکراس، ئازاد، خاوەن کیان و بیرکردنەوەی نیشتیمانی بین، بەمجۆرە پتەوتر شەڕی تیرۆرمان پێ دەکرێت.

## کوردو داعش

دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام، ناسراو بە (داعش). لەرۆژئاوای کوردستان ئازاری زۆری گەلی کوردی داوەو کۆمەڵکوژی و سەربڕینی منداڵ و ژن و گەنج و پیر، سیاسەتی ئەو ڕێکخراوە بووە دەرهەق بە کورد. هەتاوەکو ئێستاش دەستی لەم سیاسەتە دوژمنایەتیە هەڵنەگرتووە، بۆیە کرۆکی ئەم بابەتە هێندەی خوێندنەوەی واقعێکی سیاسی بەرژەوەندیانەی بەرجەستەیە بۆ دۆخی کورد، دوورو نزیك پەیوەندی بە باشی وخراپی ئەم ڕێکخراوەوە نیە. بەندە بەهیچ شێوەیەك لە تاریك بینی عەقڵی کۆمەڵایەتی وئایدۆلۆژی داعش بەرگری ناکەم، ڕاستیەکەی ئەوەیە رووی من لە کوردە، نەوەکو داعش. دەمەوێت لەسەر هەلومەرجی تازەی عێراق، قسە لەسەر هەنگاوەکانی خۆمان بکەین.

داعش بۆ كورد موعجیزەی خوڵقاند..

نزیكـەی (11) سـاڵە كـورد لەعێـراق بەدەسـت مـادەی (58) ودواتـر مـادەی (140) دەسـتوری هەمیشـەیی عێـراق وسـوپاو حكومەتـی عێـراق گیـرۆدە بـووە. تاوەكـو ئێسـتا بسـتێك چیـە لـە خاكـی دابڕێـندراوی كوردسـتان نەگەڕاوەتـەوە بۆ سـەر هەرێم. سـەركردەو حیـزب وهێـزە سـونیەكان قسـەو هەڵوێسـتیان بەرامبـەر ناوچـە دابڕێـندراوەكان هیچـی لەتەعریب وبەعـس كەمتـر نەبـووە. شـیعەش لەناوەنـدی دەسـەڵات لەبەغـدا بەتوندتریـن شـێوە رێگـری لەجێبەجێكردنـی مـادەی 140 وپێـش ئەویـش مـادەی 58 ی دەسـتور كـردووە، كوردیـش بۆخـۆی ناكـۆك وكەمتەرخـەم و بـێ پلانێكـی سـتراتیژی داڕێـژراو بـوو بـۆ ئاینـدەی ئـەم ناوچانـە. بـەلام داعـش هـات كـۆی ئـەم واقیعـەی سـەرەو ژوور كـرد. ئـەوەی كـورد بـە هەوڵـی100 سـاڵ لـە خوێـن وجەنـگ بـۆی تێدەكۆشـاو هەمیشـەش بەشـێكـی سـەرەكی خەونـی كوردانـەی بـووە، داعـش بە سـەعاتێك و بەبـێ تەقەو خوێنڕشـتن بسـت بـە بسـتی خاكـی دابڕێـندراوی كوردسـتانی دایـە دەسـت هێـزی پێشـمەرگە، بەتـەواوی شـاری كەركوكیشـەوە! شـكۆی سیاسـی وحكومـەت وسـوپای عێراقـی بەجۆرێك تێك شـكاند، هەمـوو گرێیـە دەروونیەكانـی كـوردی لەبەرامبـەر سـوپا وحكومـەت وهێـزە سـونی وشـیعەكان كـردەوە. ئێسـتا كـورد بەپێكـەنینـەوە ئـاڵای عێـراق لەحەمرین و موصڵ ودیاله(ناوچـە كوردسـتانیەكان) لادەدات و ئـاڵای كوردسـتان لەجێـگای دادەنێـت، هەمەرەكانـی سـوپاش منـداڵان یـاری باجێنـەی پێدەكـەن.

سیناریۆكان:

زۆرێـك لەچاودێـری سیاسـی لەئاسـتی نێودەوڵەتـی وئیقلیمـی وناوخۆیـی، جەخـت لـەوە دەكـەنـەوە، سـیناریۆی زۆر لەپشـت كەوتنـی موصڵ وهاتنـی داعشـەوە هەیـە، بەبۆچونـی مـن دەشـێ یەكێـك لـە سـیناریۆكان توركیـاو كـورد بێـت، چونكـە بـۆری نەوتـی هەرێـم جیهانـی بەخۆیـەوە سـەرقاڵ كـرد، توركیـا بەدەسـت عێراقـەوە زۆری خـوارد لەسـەر نەوتـی هەرێـم، دەشـێت توركیـا وكـورد بەهێنانـی داعـش

بەمجۆرە مالکی وحکومەتەکەی عێراق رەزیل بکەن، چونکە ئاماژەی زۆر هەیە بەوەی تورکیا کۆمەکی زۆری داعشی کردووە و بەڵگەی زۆر دەخرێتە روو؟ لەلایەکی دیکەوە وەلامی تورکیای سووننە( بەهاوبەشی لەگەڵ سووننەکان ) وئەمریکا وئەوروپییەکان بێت، بەتایبەت سێکوچکەی ئەمریکا وتورکیاو سووننە، بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی عێراق. چونکە بیرمان نەچێت ئێرانی شیعە، نەیاری پرۆژەی تورکیای سووننەو پێکهاتەی سووننەو ئەمریکا، پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراقی بەرێوەبرد. هەموو لایەك قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد ئێران لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران یەکلاکەرەوە بوو، بۆیە دەشێ داعش وەڵامی دەرهاویشتەی هەڵبژاردنەکانی عێراق بێت.

بەنسبەت کوردەوە، پێویستە کورد بیر لە سیناریۆو تێڕوانینی جۆراوجۆر بکاتەوە، بۆ نمونە لەرووی دەستکەوت وهێزو خاکەوە کورد لەم بەزمەی داعش زۆری دەستکەوت بەتاییەت کەرکوك، چونکە داعش هەلومەرجێکی وای خوڵقاند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش زمانی قفڵ بوو لەوەی بڵێ نابێت پێشمەرگە موصڵ وکەرکوك بەمجۆرە کۆنترۆڵ بکات. داعش رێگای نێودەوڵەتی وئیقلیمی وناوخۆیی وعێراقی بۆ پێشمەرگە وگەلی کورد تەخت کرد.

بەرای من یەکێك لە سیناریۆکان ئەوەیە کورد دوژمنایەتی داعش نەکات، پاڵپەستۆ نەخاتە سەر داعش. سیناریۆی دیکە بەکارهێنانی داعشە وەکو فشار بەرامبەر بەغدا وجێبەجێکردنی خواستەکانی کوردە. لەواقعی دیکەدا تابلۆی بارودۆخەکە بەجۆرێکە هەر دەڵێی پێش وەختە کوردو داعش پێکەوە نەخشەی ئەم واقیعەیان داناوە، بۆیە با کورد لەتێکشکانی داعش هیچ دەست پێشخەریەك نەکات، سیناریۆی دیکە ئەوەیە کورد بەراورد بکات لەنێوان هێزە شۆڤێنیەکانی سووننەو ئەوانەی هیچیان بۆ کورد پێ نیە، لەگەڵ داعش، واتە داعش نەکاتە قوربانی ئەم دەسەڵاتەی عێراق کە تەنانەت موچەکەشت پێ رەوا نابینێت.( هەرچەندە داعش جگەلە درندەیی و بەربەریەت بەرامبەر کورد و پێشمەرگە هەنگاوێکی نەناوە، پێی بڵێین باش،

ئەمەش وایکرد هەموو رێگاکانی لە کورد گرت کە بتوانێت تۆزێك چیە گەمەیەکی لەگەڵ بکات، بەڵام دوای نەمانی داعشیش ناوچەکە بۆ کورد نابێتە بەهەشت).

رێککەوتن لەگەڵ داعش
تازە داعش پارێزگای موصڵی کۆنترۆڵ کردبوو، بەم جۆرە راوبۆچونم خستە روو:
راستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتیرۆریست و مەترسیدار سەیری داعش دەکات، کوردیش هەر قسەیەکی باش لەسەر داعش بکات، لەئاستی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و جیهان و ناوچەکە خراپ لەسەر هەنگاوە سیاسیەکانی دەکەوێتەوە. بەڵام واقیعی کوردی لەعێراق زۆر شت لە کورد دەخوازێت، بەبۆچوونی من گرنگە کورد لەگەڵ داعش رێککەوتنێکی هەبێت( پەنهان، ناڕاستەوخۆ، بێ اعلان کردن)، بەرامبەر گرەنتی داعش بۆ دوو خاڵ: یەکەم داعش شەڕی پێشمەرگە نەکات. دووەم واز لە کورد بهێنێت ئەوەی ئێستا لەموصڵ وکەرکوك ودیالە و سەرجەم ناوچە دابڕێندراوەکان دەستی کەوتووە. واتە بەکورتی دەستکاری خاکی کوردستان نەکات. ئەگەر داعش چاوپۆشی لەم دووخاڵە بکات، پێشنیار ئەوەیە کورد چەند هەنگاوێك بنێت:
1_پشتگیری ئەمری واقعی داعش بکات.
2 - هاوکاری ژێربەژێری زانیاری ولەیەکترگەیشتن لەگەڵ داعش هەبێت.
3_بێلایەن بێت لەهەر جەنگێك بەرامبەر داعش دەکرێت.
4_ دەست پێشخەری باش بکرێت بۆ ئەوەی دووژمنایەتی داعش بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان بوەستێنرێت ولاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ کورد لەسوریا هەڵبدرێتەوە.
5_هێزی داعش وسیاسەتەکانی ئەم رێکخراوە لەراگەیاندنی فەرمی ونافەرمی کوردستانی زۆر ئیدانەو باس نەکرێت. (بەدەر لە حالەتی مەدەنی ومرۆڤایەتی وئەخلاقی، من باسی هاوکێشەی سیاسی دەکەم؟).

6_ پشتگیری دروست کردنی ئەزمونێکی ئیداری داعش بکرێت لەم ناوچانەی عێراق کە کۆنترۆڵی کردوون، ئینجا خوای دەکرد ئەزموونی تالیبانی دووبارە دەکردەوە، کەئەوە شتێکی دیکەیەو وەکو کاری دیموکراسی و مەدەنی و مرۆڤانە ناشێ بێ هەڵوێست بین، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە بابەتی من روی لە کوردە نەوەکو داعش؟.

## بیرکردنەوە لە هەندێ لێدوان

لەبارەی دەرەنجامەکانی جەنگی موصڵ وئەم گۆڕانکاریانەی دروستی کرد، کە یەکێك لەگرنگترین دەرەنجامەکانی هێنانە گۆڕی دروست کردنی دەوڵەتی کوردستان وجیابوونەوەی کوردستانە لە عێراق، ئەم بابەتە هێندەی جەنگی داعش وموصڵ وبەڵکو زۆر زیاتر گەرمترین وزیندووترین بابەتی پرۆسەی سیاسی عێراق وناوچەکەیە، تەنانەت زۆر بەزوویی سنوری عێراقی تێپەڕاندو ئێستا دنیا لەسەر دەوڵەتی کوردستان وجیابوونەوەی کورد لەعێراق قسە دەکات و چەندین هەڵوێستی جیاواز رۆژانە لەم بارەیەوە دەبینین. لەبارەی پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران رایگەیاند سەرکردە ژیر و تێگەیشتووەکانی کورد بیر لە دابەشبونی عێراق ناکەنەوە. وتەکانی جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران وەك کاردانەوەیەك بوو، لەبەرامبەر لێدوانەکەی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لەبارەی سەربەخۆیی

کوردستان و پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی.
دوای ئەوەی بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل رایگەیاند پێویستە پشتگیری لە راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەین.
حسێن ئەمیر عەبدوڵلاهیان جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران بە ئاژانسی فەرمی (ئیرنا)ی وڵاتی ئێرانی رایگەیاند ئەوانەی باس لە دابەشکردنی عێراق دەکەن نازانن چ ئەنجامێکی کارەساتباری لێدەکەوێتەوە.
هەر سەبارەت بەم دۆخەی داعش بۆ کوردی خوڵقاند، چەندین لێدوانی تازەو نوێ سەبارەت بە کورد هاتنە ئارا، بۆ نمونە زەڵمای خەلیلزاد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە عێراق، پێیوایە بە چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستان، کورد کێشەی خاکی نەماوە و گەیشتووەتە ئەو داواکارییەی کە هەیبووە. بەگوتەی باڵیۆزی پێشووتری ئەمریکا لە عێراق: « ئێستا کوردەکان دەتوانن بڕیار لەسەر ئەوە بدەن کە دەیانەوێ سەربەخۆ بن یان بۆ ماوەیەکی دیکەش بێدەنگ بن و چاوەڕێ بکەن بزانن چیدیکە روودەدات»، هەر وەك خەلیلزاد ئاماژەی پێداوە «ئێستا بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە بە کام ئاراستەدا دەڕۆن، کوردەکان وەکو شۆفێری ئۆتۆمبێل وان و پێگەیەکی تا رادەیەك بەهێزیان هەیە لە عێراقدا».
وەکو رۆژنامەیەکی ئیسرائیلیش دەڵێت کوردەکان ئۆرشەلیمی خۆیان رزگارکرد، مەبەست شاری کەرکوکە، رۆیتەرزیش ئاماژە بەوە دەکات کە دۆخی ئەم جارە خەونی کوردەکان لە بەدیهێنانی سەربەخۆیی بەتەواوی نزیك کردۆتەوە. سەرۆکی میسریش لەدژی خواستی سەربەخۆیی کورد بەزمانێکی سەربازی کودەتاچیانە؟ رایگەیاندووە کە: سەربەخۆیی کورد کارەساتە. عەبدولفەتاح سیسی، سەرۆکی میسر، رایگەیاندوە، کە هەر راپرسیەك لەسەر سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، تەنها «کارەساتێکە» بۆ پارچە پارچەبونی عێراق کە لە ئێستادا روبەڕوی هێرشێکی بەرفراوانی چەکداری ئیسلامیەکان دەبێتەوە.
ئاژانسی هەواڵی شەرقلئەوسەت -ی میسری چەند لێدوانێکی سیسی گواستوەتەوە کە تێیدا مەترسی خۆی لە سەرهەڵدانی ئەو مەترسیانە دەربڕیوە

کە بە بۆچونی ئەو دەبێتە هۆی دابەشبونی عێراق. سیسی ئەو لێدوانانەی لە کۆبونەوەی لەگەڵ سەرنوسەری رۆژنامە میسریەکاندا داوە.
ئەیاد عەلاویش مەترسی مانەوەی عێراق بەیەك پارچەیی، خستە ئەستۆی مالکی وبەتوندی سیاسەتەکانی مالکی رەت دەکاتەوە، وەك چۆن پێداگیری لەسەر ئەوە کرد کە مالکی هۆکاری دابەش بوونی عێراقە نەوەکو کورد. ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی نیشتمانی عێراقی داوای لەسەرۆك وەزیرانی ماوە بەسەرچووی عێراق نوری مالکی کرد دەستبەرداری پۆستەکەی بێت و واز لە خۆ کاندیدکرنەوە بهێنیت. بەپێی بۆچونی ئەو مالکی ماوەی دووجارە پۆستی سەرۆك وەزیرانی بەرێوەبردووە، ئەگەر بۆ جاری سێیەم پۆستەکە وەربگرێتەوە، ئەوکاتە ئەوەی روو دەدات بەرپرسی یەکەم نوری مالکیە.
هەڵوەستەیەك لەسەر چاوپێکەوتنێکی ئەلێکساندەر دووگین دەکەین لەگەڵ (روداو) کە بیرمەند و فەیلەسووفی رووسیە، بە «مێشکی پوتین» ناسراوە. وەکوو خۆی دەڵێت، بەشی زۆری سیاسەتی فلادیمیر پوتین، سەرۆکی رووسیا، لە تیۆرییەکانی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت. دووگین خاوەنی پڕۆژەی زیندووکردنەوەی بیرۆکەی «ئۆڕاسیا»یە کە بە دژبەری پڕۆژەی ئەمریکی و ئەتڵەسی دەزانرێ.سەبارەت بە دۆخی ناوچەکە دەڵێت: ئێستا زەلکاوەکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قازانجی ئێوەیە، ئەگەر لێزان بن دەتوانن ئەمە بەکاربهێنن و پێ بنێنە داهاتووەوە. بەڵام دەبێ ئەوەتان لەبەرچاو بێ کە جیهانی تاکجەمسەر خەریکە بەرەو ئاوابوون دەچێت و لە داهاتوودا روانگەی فرەجەمسەری بەهێزتر دەبێ، ئەوکات کورد دەبێ لەناو پێکهاتەی ئۆراسیادا شوێنی خۆی بدۆزێتەوە. رەنگە یەکێك لە هەڵە باوەکانی کورد ئەوە بووبێ کە زۆر متمانەیان بە رووسەکان، بە تورکەکان و بە عەرەبەکان کردووە. پێویستە زیرەکتر بن. راستە ئێمە و کورد ئێستا لەسەر هەمان رێگا نین، بەڵام دۆخەکە دەگۆڕێ.
ئیدی بەم جۆرە سەرۆك و باڵیۆز و دبلۆماتی وڵاتانی وەکو ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، روسیا، چین ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و دەیان دەوڵەتی دیکە لەبارەی کورد و پێشمەرگە و جەنگی تیرۆرەوە، سەدان لێدوان

و بۆچونیان خستۆته روو، کە دەبێت ورد و باش و روون لێیان بکۆڵینەوە و دیکۆمێنتیان بکەین، قسەیان لەسەر بکەین، شتی کرداریان لەسەر بونیاد بنێین بۆ بەرژەوەندی ستراتیژی گەلی کوردستان.

گرنگە کورد بیر لەهەموو ئەم لێدوانە گرنگ وهەستیارانە بکاتەوە کە دەرهەق بە پێگەی هێزی دەکرێت لەدوای روداوە تازەکانی عێراق.

## کولتوری داعش

ئـەم رێکخـراوە، لـەروی کولتوریـەوە تیرۆریستە...هەڵسـوکەوتەکانی هێنـدە نامەدەنیـن کـە زۆر ماندووبوونـی ناوێت، تاوەکـو بزانیت چۆن کاری نامرۆڤانـەو نامەدەنـی دەکـەن، بۆیـە لـەرووی کولتوریـەوە کـورد نابێـت هیـچ جـۆرە سازشـێك بەرامبـەر مامەڵـەی ئـەم رێکخـراوە بـکات، لەوەتـەی هاتونەتـە نـاو پارێـزگای موصـڵ هەمـووان دەکـوژن: مەسـیحی، تورکمـان، شـەبەك، ئێزیـدی، شـیعی، عەلمانـی، نادینـی، ....هتـد، هـەر کەسـێك کولتـوری ئەوانـی قبـوڵ نیـە، روبـەروی مەترسـی کوشـتن دەبێتـەوە. هـەرزوو کەوتنـە سـوتاندن و وێرانکردنـی کڵێسـا مەسـیحیەکان و ناوەنـدە رۆشـنبیری مەدەنیـەکان، تەنانـەت لەسـەر شـتە زۆر کەسیەکان کـە تایبەتن بە ئـازادی تـاك، بڕیارو بۆچونـی بـێ مانـا و نامەدەنیان هەیە. دەبێت ئێمـە هەوڵـی زۆر بدەیـن تاوەکـو کولتـوری داعش نەگوازرێتـەوە بۆ کوردستان و کۆمەڵگەی کوردی. بەلام وەکو باسمان کرد لەروی سیاسیەوە، بـە پێـوەری بەرژەوەنـدی نیشـتمانی، بـۆ پاراسـتنی ناوچـە دابڕێنـدراوەکان ودەسـت

پێوەگرتنیان، جێگای خۆیەتی دۆسیەی کورد بەرامبەر داعش کراوە بێت. مێزی کوردی ناشێت داخراو بێت، بۆ هەموو لایەك بە کراوەیی بهێڵدرێتەوە، هەر رێککەوتن ودانیشتنێکی سەر مێزەکە لەبەرژەوەندی کوردستان بێت، با کورد دژایەتی نەکات. لەلایەکی دیکەوە بۆ رای گشتی جیهانی وبۆ قەناعەتی بەرزی بەهای مرۆڤ بوونی خۆی، پێویستە کورد نەهامەتیەکانی هەموو پێکهاتەکان بە هی خۆی بزانێت، ئێستا هەرێم پەناگەی ئاوارەکانی پارێزگای موصڵ وئەنبارو فەلوجەو حەویجەو زۆرێکی دیکەی شارەکانی عێراقە، تەنانەت مەکۆی جیاوازی پێکهاتە ئاینیەکانیشە، ئاوارەی زۆری مەسیحی لەهەرێمن. لەخۆگرتنی ئاوارەکانی عێراق بەبێ جیاوازی خاڵی بەهێزی ئەزمونی حوکمڕانی کوردی دەردەخات، نابێت کورد پاشگەزبێتەوە لە باوەشگرتنەوە بۆ خەڵك. بەلاَم هەمیشە ئەم جۆرە دۆخەی جەنگ وململانێیە، پێویستی بە ئیدارەدان وسیستەم ورێکخستنێکی باش هەیە، کورد لەوانەیە وەکو ئەزمونی دەوڵەتداری نەتوانێت یان هێزی ئەوەی نەبێت، زۆر شت بکات. ئەمەش لاوازی نیە، بەقەدەر ئەوەی هەوڵێکی راشکاوانەیە بۆ بوون بە خاوەن ئەزمونێکی فراوانی دەوڵەتداریەتی.

کولتوری داعش و پێکهاتەی داعش، دەبێت لای کورد رۆشن بێت، چونکە داعش نە یەکەم ئەزمون و رێکخراوە، نە دواهەمین ئەزمون و رێکخراویش دەبێت، بۆ نمونە داعش لەچەندین گروپی بەعسی، سەلەفی، جیهادی، فرە نەتەوەوگروپی جیاواز جیاواز، ئیسلامی رادیکاڵ، ناسیۆنالیزمی عەرەبی، .... هتد، چەندین ئینسانی بێکارو پەراوێزو خاوەن هەستی دینی توند، بنەچەی گروپ ورێکخراوی لە نمونەی وەکو دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشامە ناسراو بە (داعش). کولتوری سیاسی ودینی وکۆمەلاَیەتی وئابوری و دەوڵەتداری عێراق وسوریاو ناوچەی رۆژهەلاَت بەجۆرێکە، هەمیشە هەوێنی دروست بوونی چەندین رێکخراوی وەکو داعشی لێ دەکرێت، فەرمون بەعس نامێنێت، لەجێگای ئەو داعش سەوز دەبێتەوە. لەبەرئەوە بۆ کورد لەرووی ستراتیژی چەندە گرنگە لەروی سەربازی وهێزو پێشمەرگەوە رووبەروی داعش ببێتەوە، هێندەش گرنگە ئاگای لە هەناوی کۆمەڵگای کوردی بێت، بۆ ئەوەی

نمونەی داعش گەرای لەناودا دروست نەكات، كە هەرچەندە بۆچوونم وایە لەهەناوی كۆمەڵگای كوردی داعش گەرای گەشەكردنی داناوە، بەهێزترین بەڵگەش ئەوەیە كە دەزگا فەرمیەكانی هەرێمی كوردستان رایانگەیاند تاوەكو ئێستا زیاتر لە (50) گەنجی كورد لەریزی داعش كوژراون. لەوەش مەترسیدارتر بەرپرسێكی ئەمنی كورد گوتی: لەهەموو ئەم ناوچانەی دەكەونە سنوری نێوان داعش وكورد، ئەو كوردانەیان داناوە كە لەریزی داعشن، واتە شەڕی كورد هەر بەكورد دەكەن. روبەروبوونەوەی كولتوری داعش ئەركێكی گەورەی رێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنیە لەكوردستان.

كارێكی مەترسیدار كە داعش لە موصڵ دەستی داوەتێ، تەقاندنەوەی گۆڕی پێغەمبەرو مەزاری پیاوچاكانی دینییە، لەگەڵ تەقاندنەوەی مزگەوتی زۆر. ئەم پێغەمبەرو مەزارو مزگەوتانە، سالآنێكی دوورو درێژە بەشێكی گرنگی رۆحی وكولتوری خەڵكی ناوچەكەن، ئیمان وبیرەوەری وهەڵسوكەوتی ئاینی دانیشتوانی ئەم ناوچانەیان دروست كردووە، یان برەو پێداوە، بۆچونی من ئەوەیە داعش لەم هەڵسوكەوتە زیانمەندی یەكەمە، هەستی خەڵكی بریندار دەكات ومتمانە لەدەست دەدات، چونكە سڕینەوەی كاریگەری ئەم گۆڕو مەزارو مزگەوتانە هەروا ئاسان نیە. لەئێستاوە خەڵكی ناوچەكە نارەزایی توندیان بەرامبەر ئەم رەفتارەی داعش دەربڕیوە، لەسەر ئاستی عێراق وتەنانەت كوردستانیش دەنگۆی زۆری لێكەوتۆتەوە. ئەم كارەی داعش لەمەودای دووریش زیانی زۆری هەیە، بۆ نمونە داهاتوو كاتێك حكومەت موصڵ بگرێتەوە، ملیار دۆلار بەناوی نۆژەن كردنەوەو دروست كردنەوەی ئەم گۆڕو مزگەوت ومەزارانە لە داهاتی خەڵكی دەبات، لەجیاتی باشكردنی هەژاری و بێكاری ودروست كردنی كارگەو كارەبا وئاوو جاددەو شوێنی نیشتەجێ بوون، یان دروست كردنی خوێندنگاو نەخۆشخانە، ئەوا دەبێت حكومەت خەریكی دروست كردنەوەو نۆژەن كردنەوەی ئەم شوێنانە بێت كە داعش وێرانی كردوون. ئەمەش دەرهاویشتەی كولتوری داعش وگروپی لەم چەشنەیە.

## ئەمریکا

کاتێك داعش موصڵی گرت، لەهەموان زیاتر ناوی ئەمریکا زیندوو بویەوە، بەفەرمی عێراق داوای یارمەتی لە ئەمریکا کرد، سوونەو شیعەو کورد چاوەڕێی هەڵوێستی ئەمریکا بوون لەسەر رووداوەکان، ئەمریکاش چەندین هەڵوێستی نارۆشن وهەندێ جار ساردی هەبوو، ئێستاش بەشێوەیەکی زۆر بایەخدارو گەرماوگەرم، نایەتە ناو بابەتەکەوە، تەنها ئەوە نەبێت جۆن کێری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مەیدانی هاتە عێراق وهەرێمی کوردستانیشی بەسەرکردەوە، ئەمریکا لەلایەك دەڵێت بەهەموو شێوەیەك پشتیگری عێراق دەکەین، لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێت ئەم قەیرانە بەرهەمی عێراقیەکان خۆیانە. واتە سیاسی وپێکهاتە ودەوڵەتمەدارانی عێراق خۆیان ئەم دۆخەیان بەرهەم هێناوەو کاری ئەمریکا نیە. هەمیشە سەرۆکی ئەمریکا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە سەرباز نانێرن بۆ عێراق وجەنگ ناکەن، کەچی لەملاشەوە 30 هەزار سەرباز رەوانە دەکات، ئەمریکا دەڵێت ئەرکی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی عێراق لەروی سیاسی وسەربازیەوە، ئەرکی حکومەتی عێراقە. کەچی لەملاشەوە سەدان راوێژکاری سەربازی وخاوەن ئەزمون رەوانەی بەغدا دەکات وخۆی سەرپەرشتی پرۆسەکە دەکات. بەبۆچونی من ئەم هانابردنە

بەردەوامەی عێراق بۆ ئەمریکا، لەبەر هێزو ستراتیژو دەست پێوەگرتنی ئەمریکا نیە بەعێراق، بەڵکو پەیوەندی بە لاوازی و بێ توانایی عێراقەوە هەیە. ئەگەر ئەمریکا بێت وداعش لەناو بەرێت بە سەرباز وفڕۆکەو موشەکی خۆی، کەواتە تۆش مافی ئەوەت نیە بەرژەوەندی وستراتیژو سودی ئەمریکا لەناو دەوڵەتی عێراقدا جێگای بۆ نەکەیتەوە. ئەمریکا جەنگت بۆ دەکات، دەبێت تۆش شەریکایەتی ئەوت قبوڵ بێت. ئەمریکا فشار دەکات بۆ ئەوەی پەرلەمانی عێراق کۆببێتەوە، حکومەتی تازە دروست بکرێت. ناکۆکی کوتلەو هێزە سیاسیەکان ئەهوەن بکرێتەوە. هاوکات داوا دەکات عێراق بەهەموو پێکهاتەکانی بەشدار لەپرۆسەی سیاسی عێراق روبەروی داعش وتیرۆر ببنەوە. بەرامبەر بەم ئامادەگیەی ئەمریکا لەناو پرۆسەی سیاسی عێراق، رێگری ئیقلیمی بەرچاو هەن، کە رەنگە لەهەمویان زەقترو ئامادەتر، ئێران بێت. ئێران پرۆژەو خواست وسیاسەتی خۆی هەیە بەرامبەر بەغدا. ئەمەش لەگەڵ ئەمریکا بەریەك دەکەون، بۆیە راگرتنی هاوسەنگی ئێران وئەمریکا بەپلەی یەکەم، دواتر سعودیەو تورکیاو قەتەر بەپلەی دووەم، بۆ عێراقیەکان زۆر قورس وتوانای نەکردەیە، چارەسەری کاتی وسەربازی وتەکتیکی ناتوانێت هێزو مانەوەو پێگەی داعش وهەر رێکخراوێکی دیکە لەعێراق چارەسەر بکات. بەڵکو پێویستە خواستی کوردو سوونەو هێزی شیعەش بە تەواوی مانا گوێی لێبگیردرێت. دەوڵەتی عێراق بە پینەو پەڕۆو فشاری کۆمەڵی نێودەوڵەتی وهەرێمایەتی پێکەوە نراوەتەوە، ئەمەش داهاتووی نیە، باشترین خزمەت بە عێراقیەکان ئەوەیە خۆیان لەسەر دروست کردنی دەوڵەت وسنوری پێکهاتەکان قسەی خۆیان بکەن. ئەمریکا دەیەوێت عێراق یەکپارچە بێت، هێمن بێت، رووی لە ئەمریکا بێت، هاوکاری تیرۆر نەکات، دیموکراس بێت، جێگای داعش و رووداوەکانی سوریا نەبێت، ....هتد، ئەمەش ئەوپەڕی نەکردەیەو مەحاڵە. زۆر بەکورتی عێراق ناتوانێت ئەوە بێت کە ئەمریکا داوای دەکات.

## هەیمەنەی شیعەو سپۆنسەری ئێران

ئەوەی داعش لە دۆخی عێراق خوڵقاندی، دەرفەتی گەورەی خستەبەردەم کورد بۆ ئەوەی وەرەقەکانی لەعێراقدا رێکبخاتەوە، بەڵام هەرزوو کوردو داعش روبەروی نەیارێکی زۆر سەخت بوونەوە کە ئەویش ئێرانە. لەسەر روداوەکانی ناو عێراق ئێران پەتی ئارامگرتن وقسە کردنی وەستاوە، ئەوەندەی بەرپرسانی حکومی ئێران رۆژانە لێدوان لەسەر عێراق دەدەن، هێندە عێراقیەکان خۆیان قسەیان نیە. ئێرانیەکان هێندەی بەدواداچوون بۆ کێشەکانی بەغداو موصل وناوچە پیرۆزیەکانی شیعە دەکەن، هێندە بەدواداچون بۆ کێشەکانی تارانی پایتەخت ناکەن. دیارە من بەلایەنگیری ئەم قسانە لەسەر ئێران ناکەم، گوایە دوو بەرەی ئێرانی وتورکی، شیعەو سوننە، یان بەرەی نێودەوڵەتی گەورەتر وەکو روسیاو ئەمریکا وبەریتانیاو یەکیەتی ئەوروپا..؟، بەڵکو قسەی من لەسەر هەڵوێستە راگەیەنراوەکانە. هەڵوێستی راگەیەنراوی ئیسرائیل وتورکیاو بەرەی سوننە دژی خواستی سەربەخۆیی کوردستان نییە، هەرچەندە لەستراتیژەوە تورکیا نەك هاوکاری دەوڵەتی کوردی نیە بەڵکو

زۆریش دژە، بەڵام گەمەی ئیقلیمی خۆی دەکات لەسەر ئەم دۆسیەیە، ئەمەش لەگەڵ ئەم هێڵە سیاسیە رێك هاتۆتەوە کە پارتی و بارزانی سیاسەتی لەسەر دەکەن، بەخوێندنەوەی ئەم تابلۆیە بەشێك لە شیکارە سیاسیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە راگەیەنراوی ئێران و کارەکانی ئەم دەوڵەتە، یەکیەتی و سەرکردەکانی ئەم حزبەی لە زۆنی سەوز روبەروی چەندین هەڵوێستی نارۆشن وشەرمنانە کردۆتەوە، میدیایەکی کوردی نوسیویەتی: هەڵوێستی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی یەکیەتی کردۆتە دووپارچە، میدیای دیکە هەیە نوسیویەتی ئێران وایکردووە یەکیەتی لەبەرەی شیعەکان بێت و زۆر بە هەوڵەکانی بارزانی دڵسۆز نەبن بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان کە بە بۆچونی من ئەمە جگە لەهەوڵێکی خراپ بۆ پەرتکردنی حزبە کوردیەکان هیچی دیکە نیە، ئەگینا یەکێتی بەردەوام جەخت لەسەر مافی چارەی خۆنوسین دەکاتەوە. لێرەدا ناتوانین وردو درشتی سیاسەتی پارتی ویەکیەتی وگۆڕان وحزبەکانی باشوری کوردستان شرۆڤە بکەین، بەڵام پەکخستنی پەرلەمان دەمامکی توانای دەوڵەتداری کوردی خست، روداوەکانی ناوچەکە بەجۆرێکن کە پێمان دەڵێن دەوڵەت لەناوەوە دروست دەکرێت، نەوەکو بە رەزامەندی تورکیا و ئیسرائیل و ئێران، یەکەمجار دەبێت خۆمان پایەکانی دەوڵەت دابرێژین، بەڵام بە پەکخستنی دامەزراوە شەرعی و نیشتمانیەکانی کوردستان، دەوڵەت دروستکردنەکە کەوتە لێژی و گوتارێکی راستەقینە دەرنەچوو..لەبەرئەوە دەرکەوت بازنەی گۆڕانکاریەکانی عێراق و روداوەکان زۆر یەکانگیرو پڕ وردەکارین، کاریگەری گەورە و راستەوخۆیان هەیە، هەرچەندە بە پتەوکردنی ناوەوەی کوردەواری، دەتوانین بەرگەی ئەم گۆڕانکاری و فشارانە بگرین کە دەخرێتە سەرمان.

دەوڵەتی کوردستان دژی شیعەکان و سوونەکان و هیچ گەل و پێکهاتەیەکی ئەم دنیایە نیە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی دژایەتی گەورەی سەربەخۆیی کوردستان دەکرێت، بەبۆچوونی من ئەم دژایەتی کردنە رەهەندی ناوخۆی کوردستانی وهەرێمی و نێودەوڵەتی هەیە، بەڵام کورد نابێت سەربەخۆیی ودامەزراندنی دەوڵەتی خۆی بکاتە قوربانی ئەم دژایەتی وئاستەنگانە. گومانم

نیە زۆر هەڵوێستی جودا جودا لەژێر پەردە هەن، بەڵام بۆ ئێمە زانیاری ناخرێتە روو..کەواتە گرنگە کورد بەئاگاییەوە هەنگاو بنێت، بەڵام نەگەڕێتە دواوە. ئێستا یەکێك لەم ئاگاییانە هەنگاوەکانی ئێرانە، پێویستە کورد لە مەترسی وقسەو نیگەرانیەکانی ئێران تێبگات، خۆشی بۆ ئامادە بکات، میدیاکان زانیاری ئەوە بلاودەکەنەوە کە ئێران هۆشداری داوەتە کورد لەسەر هەنگاوی سەربەخۆیی کوردستان. یەکێك لەم هەواڵانە دەنوسێت: ئێران توندترین هۆشداری دەداتە هەرێمی کوردستان، بەپێی هەواڵێکی سایتی (فارس)ی ئێرانی، ئەمیر عەبدوللەهیان، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران لە لێدوانێکدا گوتویەتی: قسەکردن لەسەر دابەشکردنی عێراق، پلانێکی سەهیۆنیە. یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئێران ئەوەشی گوتوە: قسەکردن لەسەر سەربەخۆیی کوردستان، ئەنجامەکەی ئەوەیە کوردستان دەگێڕێتەوە بۆ پێش چەند دەیەیەك.

ئێران کار بۆ مانەوەی عێراق بەیەکپارچەیی ویتەو و مانەوەی دەسەڵاتی شیعەکانی عێراق دەکات، کوردیش ئاراستەی دیکەی هەیە. ئەگەر ئێران دژی ئاراستەی کوردیە، ئایا کورد بۆ روبەروبونەوەی مەترسیەکانی دژایەتی ئێران پلانی چیە؟ یەکێك لەپلانەکان یەکریزی کوردو ئیرادەی یەکگرتوویی کوردە، ئەگەر ئێران ناو ماڵی کورد پەرتەوازە بکات، ئەوا هەنگاوی کورد بۆ جیابوونەوە لەعێراق مانای چەقان ووەستانە لەناو گۆم وپەلکێش کردنەوەیەتی بۆ بەغدا، بەغدایەك کە سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەیگوت: ئێستا سنورمان لەنێوان نەماوەو تەنانەت دوو دەوڵەتی دراوسێش نین ودەوڵەتی داعش لەنێوانمانە. ئایا کورد دەچێتەوە بەغداو ئاراستەی ئێران و دۆستەکانی سەردەکەون وئێران سپۆنسەری رووداوەکانی تازەی عێراق دەبێت، یان سیناریۆکان و رووداوەکان تازە لەدەست ئێرانیش نەماون وعێراقی پێش کەوتنی موصڵ هەرگیز نابێتەوە عێراقی دوای کەوتنی موصڵ.

## ئێران وەك ناوەند

بابەتێكی نوسەرێكی ئیسلامی بەمجۆرە باسی هەندێ زانیاری دەكات لەسەر ناوەندیەتی ئێران و دەنوسێت: ئەندام پەرلەمانێكی ئێرانی(زاكانی) دەڵێت: سێ پایتەختمان بەدەستەوەیە (بەغداو دیمەشق و بەیروت)و چوارەمیشی هاتەسەر واتە (سەنعا) حوسیەكان كە پێكهاتەیەكی شیعەن لەیەمەن جێگای خۆیان لە دەوڵەتدا كردەوە، دواتر ئەم پەرلەمانتارە دەڵێ ئێستا كلیلی زۆربەی كێشەكانی ناوچەكە لای ئێمە دەست دەكەون، وەهەر ئێمە بووین بەزەبری چەك نەمان هێشت ئەسەد بڕوخێت.

سێ تەوەری سەرەكی سیاسەتی ئێرانیان كۆڵەكە بەند كردووە، ئێران لەم سێ تەوەرەیەدا میحوەری سەرەكی سیاسەت كردنە. یەكەم پرسی بەشداریكردنێكی ناوەندی هەیمەنییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وپەیوەندیە نێودەوڵەتیەكان، دووەم: پرسی ئەتۆم و بەجیهانی بونی كێشە ئەتۆمیەكەی

لەدۆسیەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی. سێیەم: مافی مرۆڤ و سیستەمە ئایدۆلۆژی ومەزهەبیەکەی. لەهەموو ئەم بابەتانە ئێران ناوەندێکی بەهێزە، چەندین جار هەوڵی پەراوێزخستنی ئێران شکستی هێناوە. بۆیە ئێستا لەگەڵ پەیدابوونی داعش رۆڵی ناوەندی ئێران بە زەقی دەرکەوتەوە، بۆ نمونە بەئاشکرا عێراق وهەرێمی کوردستان سوپاسی ئێرانیان کرد کە یەکەم وڵات بوو بە چەك وکۆمەکی مەعنەوی وسیاسی وسەربازی پشتگیری کردن لە روبەربوونەوەی داعش. ئێستا ئەمریکاو ئێران لەسەر یەك هێڵی راست کۆبوونەتەوە کە جەنگی هاوبەشیانە دژی داعش، پێدەچێت زیاتر لە هێڵە پێچەوانەکان دوربکەونەوەو زۆر دۆسیەی دیکە پێکەوەیان کۆبکاتەوە. تاوەکو دێت لەبازنەی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، قاچەکانی ئێران درێژترو دەستەکانی پانتر دەبن. کوردیش وەکو کێشەی جەوهەری وسەرەکی ناو کێشەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێویستی بەخوێندنەوەی تازەی پەیوەندیە نێودەوڵەتی وهەرێمیەکانە، بەتایبەت لەسەر پرسی ستراتیژیەتی کێشەکەی. گونجاو نیە کورد بەهەمان لۆژیکی سیاسی پێش داعش سەیری ئێران وتورکیاو سوریاو عێراق بکات. دەبێت لەئێستاوە کورد هەوڵی خوێندنەوەی تازە بدات بۆ دوای داعش. ئێران وەك نمونە، دەبینین رۆڵی ناوەند دەبینێت نەوەکو دەوڵەتی ناراستەوخۆ. ئەمەش زیاتر هەستیاری ونزیکی ئەم دەوڵەتەمان نیشان دەدات لەسەر کاریگەری کێشەکانی ئێمە. ئێران راستەوخۆ لای ئێمەیە، نەوەکو ناڕاستەوخۆ، رووداوەکانی عێراق وسوریاش دەریانخست ئەگەر لەدەرگاوە ئێران دەربکەیت، ئەوا لەپەنجەرەوە دێتەوە ژوور.

## ترسی كوردو دووڕیانێكی ڕۆشن

ئەگەر لە دوو ڕێگاوە بەلای كێشەی كورددا بچین، دەبینین ئەوەی لەسەر مەترسی وئاڵۆزی پرۆسەكە باس دەكرێت، لەجێگای خۆی نیە، بەڵكو دووڕیانەكە بۆ كورد دیارە. لەوەتەی داعش موصڵی گرتووەو ئێستا ئەمری واقعی ناوچە سوونیەكانەو كوردو شیعەو سوونەو عێراق هەمووی كەوتە دۆخێكی زۆر تازەوە..لەئاستی ناوخۆی كوردستان، ناوخۆی عێراق، ئاستی هەرێمی ودەوڵەتە دراوسێیەكان، وە ئاستی نێودەوڵەتی. كورد بەسەر دوو گوتاردا دابەش بووە، واتە دوو جۆر قسە لەسەر كورد دەكرێت، یەكەمیان باسی جیابوونەوەو دەوڵەتی كوردستان وئەنجام دانی راپرسیە، دووەمیان مانەوەی عێراق بەیەكپارچەیی وبەشداری كوردە لەپرۆسەی سیاسی. ئەگەر بەدیققەت سەیر بكەیت، هەست دەكەی لایەنگرو نەیاری ئەم دوو بابەتە زۆر هاوسەنگن. هەندێ جار شتێ زیاتر گوتارێكیان پێش ئەوەی دیكەیان دەكەوێت، بەڵام زۆر نیە.

ئێستا كورد دووڕیانی بەردەمی ڕۆشنە. یان ئەوەتا بەرەو دەوڵەت و سەربەخۆیی

و ریفراندۆم دەڕوات، یان بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراق دەکاتەوەو ململانێی پۆست و پێگەی کورد لەحکومەتی داهاتووی عێراق دەکات وەکو ساڵانی رابردوو. لەناوخۆی کوردستان دوو گوتارەکە بوونیان هەیە. کاریگەری نێودەوڵەتی وهەرێمایەتی بەسەر کورددا زاڵە، وەکو زۆرێکی دیکە، چەندین جاریش باس کراوە، کورد لەبەردەم دابەش بوونێکی هەرێمایەتی دایە، ئەمەش خزمەتی ناکات بۆ دروست کردنی دەوڵەت. کورد پێویستە لەبەردەم یەکێك لەم رێگایانە بەهەموو هێزیەوە مامەڵەی خۆی بکات، ئەگەر دەیەوێت سەربەخۆیی رابگەیەنێت، ئەوا با هەموو تواناو گوتاری لەمەدا کۆبکاتەوە. ئەگەر دەشیەوێت بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراق بکات، ئەوا پێویستە بەهەموو هێز تواناو یەکگرتویەوە بەشدار بێت.

لەوەتەی روداوەکانی داعش هەیە، هەمیشە باسی ترسی کورد دەکرێت لەبڕیاردان، بەتەواوی بەدەموچاوی سەرکردایەتی سیاسی کوردا دیارە کە مەترسی هەیە، زۆرێك لە سیاسیەکانی کورد ئاماژە بەوە دەکەن راستە هەلی زێرین هاتۆتە پێش بەڵام بێ مەترسیش نیە. تۆ بڵێی ئەو ترسەی دەموچاوی کوردی داگرتووە، چی بێت؟ ئایا ئەگەر ئێمە لەعێراق جیاببینەوە، دەوڵەتانی دنیا بەهەزاران سەرباز وفڕ وکەو تانك لێمان دەدەن، توشی کیمیاباران وئەنفال دەبینەوە؟ پێم وایە ئەم ترسەی ئێستا باس دەکرێت زۆر لەقەبارەی خۆی گەورەتر کراوە. راستە مەترسی هەیە، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆش رابگەیەنیت، ئالاشت بچێتە ناو نەتەوەیەکگرتوەکان بەفەرمی، تۆ هەر لەناو مەترسیەکانداى، ئەم ترسانەی ئێستا کورد باسی دەکات لەرووداوەکانی داعش و عێراق و ئێران و سوریاو تورکیا، بەدڵنیایەوە ئەگەر دەوڵەتی سەربەخۆش رابگەیەنیت هەر دەمێنن ولەوانەیە زۆرتریش بن. بەڵام دەبێت کورد لەوە زیاتر خۆی بە ترس وئەگەرو دوودڵی لابەلا نەبەسێتەوە. واقعی ئێستا لەکورد دەخوازێت بڕیاری راشکاوانەو ئیرادەگەری خۆی هەبێت. کات بەفیڕۆدان لەخزمەتی کورد نیە.

## گەڕانەوەی صەدام

حەنان فەتلاوی شیعە، لە لیستی دەوڵەتی یاسا راستیەکی مەترسیداری درکاند، ئەو ئاماژەی بەوە کرد رێگری جددی لە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوری هەمیشەیی عێراق کردووە، ئەو نەیهێشتووە کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. ماوەی چوارساڵیش بەردەوام چاودێری ئەم دۆخەی کردووە. بەم هاوكێشەیە بێت جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان حەنان فەتلاوی و عیزەت دووری و بەعسیەکان نیە، بەکورتی جیاوازیەکی ئەوتۆ لەنێوان شیعەو سونەکاندا نیە، هەمان عەقڵیەت هەمان جۆر هەڵسوکەوت لەگەڵ پرسی کوردو مافە رەواکانی کورد دەکەن. بەداخەوە بۆ بیرتەسکی شیعەکانی عێراق، کە هەم عێراقیان تێکدا، هەمیش کوردیان خستەوە بەرەیەك وەکو تەوقەکردنە لەگەڵ سەخترین دوژمن. شیعەکان لەدوای 2003 عێراقیان کەوتە دەست، دەبوو ئەوەی سوونەکانی عێراق لەماوەی هەشتاساڵەی دروست بوونی عێراق ئەنجامیان داوە، هەرگیز ئەوان دووبارەیان نەکردبوایەوە، دەبوو

دەزگای گەورەی بەعسناسی ودیموکراسی ودەوڵەتداری و فەرمانڕەوایی وسیاسی هاوچەرخیان دامەزراندبوایەو کۆمەڵگای عێراقیان ورد خوێندبایەوە، شتێکیان بکردبوایە تەواو عێراقی گۆڕیبا، بەڵام شیعەکان خەریکی سیستانی نەخۆشی پیری هەست لاواز بوون، خەریکی نەجەف وکەربەلاو مەراسیمی حەسەن وحوسێن، دیارە من بە تەعن وسوکایەتی پێکردن ئەم قسانە ناکەم، نە بۆ برایانی شیعەو نە بۆ خودی دین وسروتی مێژوویی وئیمانی دینی. بەڵکو مەبەستی من شتێکی دیکەیە کە دەوڵەتداری وسیاسەت و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایە. شیعەکان ئەزمونی بەعسیان یان سوونەکانیان لەگەڵ کورد لە کێشەی کەرکوك وناوچە دابڕێندراوەکان دووبارە کردەوە بە رەنگی دیکە، ئامادە نەبون شتێك بکەن کە کورد نەچێتە بەرەی تورکیاو سونەکان وئەوانی دیکە، ئێستا خۆیان لەسەر زاری نوری مالکی سەرۆك وەزیران کورد تۆمەتبار دەکەن کە هەولێری پایتەخت بۆتە مۆڵگەی بەعسیەکان وداعش و تیرۆرستان. ئەمە چەندە رەخنەگرتنە لە کورد و سیاسەتی کوردی، هێندەش مانای شکستی سیاسەتی شیعەکانە، چونکە سیاسەت و دەوڵەتداری ئەوان بوو وایکرد هەولێر ببێتە مۆڵگەی بەعسیەکان وداعش و تیرۆریستان؟؟؟. سیاسەتی شیعەکان لەناوخۆیاندا دابەش بوون بووە بەسەر مەرجەعیەت وشتی سەیرو سەمەرە، بڕوا بکە هەندێ جار کەناڵی ئاسمانی شیعەکانم کردۆتەوە ئەوەی نەمبینیوە بەرنامەی جددی سیاسی ودەوڵەتداری و خەمی خەڵك وسیستەم ودامەزراوەیی بووە، بەڵکو پەڕۆی رەشی شیعەو مەزارەکان و رێپێوانی خەڵك و زنجیر لەخۆدان و شتی زۆر خورافی..سەردەمی ئێستا وئەم جۆرە عەقڵیەتە لە فەرمانڕەوایی زۆر شکست خواردووە.

لەلایەکی دیکەوە ئەوەی شیعەکان لە دوای گرتنەدەستی دەسەڵات ساڵی 2003 کردیان، بۆ دەوڵەتێك دەبێت یان کۆمەڵگایەك دەبێت کە تەواو شیعە، یان زۆرینەی رەهای شیعە بێت. بەڵام شیعەکان لە دووشت شکستیان خواردووە، یەکەمیان نەیانتوانی لەوە سەرکەوتوو بن کە عێراق کێشەی مەزهەبی هەیە، سونەو شیعە، دووەمیان نەیانتوانی لەوە سەرکەوتوو بن کە

عێراق کێشەی ئەتنی و نەتەوەیی هەیە کوردو عەرەب ومافی چارەی خۆنوسینی گەلێك؟

ئەگەر شیعەکان دامەزراوەو دەزگاو کەسایەتی گرنگی بەهێزیان خستبایە ناو پرۆسەی سیاسی کە بزانێت شارەزایانە مامەڵە لەگەڵ کێشەی مەزهەبی ونەتەوەیی بکات، ئەوا لانی کەم رەوشەکە نەدەگەیشتە ئەوەی لەروی هەرێمی و ناوخۆیی گروپی وەکو داعشت بکەن بەگژداو لایەکی گەورەی ولاتت هەلاهەلا بکەن. دەست وپێی سوپات تێك بشکێنن.

ئێستا شیعەکانی عێراق حەز بکەن یان نەیکەن، صەدام حوسێن گەڕاوەتەوە. کولتوری ئەوو پیاوەکانی ئەو لەبەرگی داعش سێبەری ئێستای جەنگی عێراق وناوچە سوونیەکانن. دەیەها کەسایەتی وەکو ئەیاد عەلاوی دەیان جار هاواریان کرد تکایە هێندە پاشگری ئێرانی شیعە مەبن، کەچی لەمە تێنگەیشتن، تاوەکو عیزەت دووری گەڕایەوەو ئەیاد عەلاویش پاشەکشەی کرد. پەیامی زۆر دەدرێتە شیعەکان بەڵام نازانم چۆن ئەوان مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، هەر بۆ نمونە نوێترین پەیام ئەوەیە کە پێویستە پشتگیری تەواوی سوونە میانڕەوەکان بکرێت. شیعەکان دەتوانن شتێك بکەن کە بۆنی یاساو دەستور دەوڵەتداری لێ بێت، لانی کەم ئەم تەقینەوە نەتەوەیی ومەزهەبیەی ئێستای عێراق بەلایەکدا بخەن. ئەگەر ئەوەش ناکەن ئیدی ناتوانن رێگری بکەن لە پارچەپارچەبوونی عێراق، چونکە بەعسیەکان و سوونەکان دەستبەرداری ئەوە نابن کە دەستیان کەوتووە، کوردیش لەرێگای جوڵە و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە هەموو شتێکی خستەروو، نەك بۆ شیعەکان بەڵکو بۆ دنیا.

ئەگەر شیعەکان واز لەم بیرتەسکی دەوڵەتداریە نەهێنن، خۆیان دەست پێشخەری گەورە نەکەن، رەوشی عێراق لەوەش خراپتر دەبێت، خۆشیان زیانی زۆریان بەردەکەوێت، بەتایبەت لەروی ستراتیژی دوورەوە، بۆ نمونە ئێستا پشتیوانی ئەوان ئێرانە، سالانی داهاتوو گۆڕانکاری گەورە ئێران بگرێتەوە ئەوان لەعێراق دەکەونە ناو گۆمێکی لیخنەوە، چونکە بەدڵنیایەوە ئێران دوای سوریاو بەهاری عەرەبی بەمجۆرە نامێنێتەوە؟ دەبێت شیعەکانی عێراق

بزانن لەگەمەی ئیقلیمی ونێودەوڵەتی سوونەکان بەهێزترن ودەوڵەمەندتریشن، سعودیەو قەتەر بۆ یەك گروپ ئامادەن ملیۆنەها دۆلار خەرج بکەن، هەموویان پشتگیری گروپی سونەکان دەکەن، لەروی دەولیەوە وەکو ئێران گۆشەگیر نین، نەوت وباڵیۆزو پارەو گروپی زۆریان هەیە، دەتوانن ئاسان دەستکاری رەوشی عێراق بکەن، بۆیە ئەگەر ساڵی 2003 شیعەکان لەجیاتی شتی خورافی خەریکی سیاسەت وستراتیژو پیاوی دەوڵەتداری بونایە، ئێستا حکومەت وبەغداو هێزو ژیانیان بەمجۆرە نەدەبوو.

شیعەکان تەنانەت لەپەیامی ئەم هەموو تەقینەوەیەی رۆژانەی عێراق تێنەگەیشتن، رۆژانە لەبەغدا تەقینەوەو رفاندن و کوشتن و بۆمب هەیە، تەنانەت گەیشتە ئەو رادەیەی بان کی مۆنی سەرۆکی نەتەوەیەکگرتوەکانیان دایە بەر هاوەن، شیعەکان لەجیاتی ئەوەی روبەروی دۆخی ئەمنی ببنەوەو عەقلانی وسیستەمانەو دامەزراوانەو بە کراوەیی لەروی ئابوری وکۆمەڵایەتی و رۆشنبیریەوە چارەسەری بکەن، ئەهاتن مانۆڕی سەربازیان بە گەنجانی شیعە دەکردو نمایشی هێزیان دەکرد. بەمجۆرە زیاتر بەعسیەکانی هاندەدا بۆ ئەوەی خۆیان رێکبخەنەوە، شیعەکان لەجیاتی ئەوەی بزانن مامەڵەی دەستوری ویاسایی و سیاسی بکەن، ئەهاتن ئۆپەراسیۆنی دیجلەیان دروست دەکرد. بۆیە شکستی شیعەکان رەهەندی زۆر لەپشتە.

یەکێکی دیکە لەئەزمونە خراپەکانی شیعەکان، تێنەگەیشتن بوو لەگۆڕانی هەرێمایەتی، بۆ نمونە تورکیای خاوەنی ئەندامەتی ناتۆ، تورکیای خاوەنی نزیکەی ملیۆنێك سەرباز، تورکیا بەهەموو چەکە مۆدێرنەکانیەوە، گەیشتە ئەو بڕوایەی لەرێگای پرۆسەی چارەسەری وئاشتیەوە کێشەی نەتەوەیی کورد چارەسەر بکات، لەجیاتی ئەوەی شیعەکان لەپەیامی گۆڕانکاری تورکیا خوێندنەوەی ورد بکەن، پیاوە ئەفسەرەکانی دەوری نوری مالکی دەیانگوت : گەورەم رێگامان بدە کورد تاوەکو چیاکان راوە دوو دەنێین.؟ ئەمەش وایکرد یەکێك لە بەڵگەنامەکان باسی ئەوە بکات ئێستا کوردو تورکیاو سوونەکان لەباکوری عێراق هاوپەیمانیەکیان دروست کردووە.

لەروی نێودەوڵەتیش دەبوو شیعەکان پەندیان وەربگرتایە، بۆ نمونە دوای

کشانەوەی سەربازەکانی ئەمریکا لەعێراق، ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا گرنگی ستراتیژی ئەمریکای لەعێراق زۆر بچوك کردەوەو، ئەم قورسایەی هێجگار گەورەیەی نەما، واتە بەکورتی عێراقی دایەوە دەست عێراقیەکان. شیعەکان لەجیاتی ئەوەی لەقورسایی ئەمە تێبگەن ودەست بکەن بە جێبەجێکردنی پرۆژەی نیشتمانی ودەوڵەتداری، کەچی خەریکی لاقرتێی ئێرانی بون، بەمانای ئەوەی ئیدی ئێران سپۆنسەری سیاسەتی عێراقیە، ئەمە هەڵەی کوشندەی شیعەکان بوو، کشانەوەی ئەمریکیەکان، مەسئولیەتێکی گەورە بوو بەسەر شانی شیعەکانەوە کە بتوانن ئەم وڵاتە رێکبخەنەوە، دەبوو دەست پێشخەری گەورەی ئاشتی وپێکەوەژیان و نەمانی ناکۆکی مەزهەبیان بکردبوایە، نەوەکو بەمجۆرە تەسك بینیە مامەڵەیان بکردبوایە. شیعەکان تەنانەت نەیانتوانی کەمترین شتی تازە لەسەر چارەسەری بێکاری وهەژاری ودۆخی کۆمەڵایەتی وخزمەتگوزاری پێشکەش بکەن، چ مانای هەیە بەغدای پایتەخت بەهەموو ئەندازیارو کارمەندو خەڵکی شارەزات لەبەردەست بێت، کەچی نەتوانی کارەبای وڵات چارەسەر بکەیت، لەجیاتی ئەوەی کێشەی بێکاری وکارەبا وهەژاری وبرسیەتی چارەسەر بکات، کەچی پۆلیسی دادەنا لەبەغدا بۆ ئەو کچانەی تەنوریەکی روتیان لەبەرکردووە، یان هەندێ گەنجی نامرادو قوڕبەسەر لە یانەیەك یاخود گازینۆیەك کۆبوونەتەوە. شیعەکان ئەوەندەی لەبەغدا خەریکی یانەو گازینۆی گەنجان وقژی روتی ژنان بوون، ئەگەر ئەوەندە خەریکی جاددەو خزمەتگوزاری وکارەباو ئاوەدانی بونایە، ئێستا عێراق بەم رۆژە نەدەگەیشت.

بەردەوامی واقعی ئێستای عێراق بەمجۆرە رێگا بۆ چەند شتێك دەکاتەوە، یان ئەوەتا عێراق دابەش دەبێت بۆ هەرێمی شیعەو سوونەو کورد، یان پارچە پارچە دەبێت و دەوڵەتی کوردستان دروست دەبێت، یان صەدام دەگەڕێتەوە کۆشکی کۆماری بەغدا؟!

## کەمایەتیەکان

لەسەرەتاوە ئەوە بڵێم من لەگەڵ چەمکی کەمایەتی بەم تێگەیشتنەی ئێمەی لەسەر راهاتووین، گرفت وکێشەم هەیە، چونکە ناوهێنانی هەر نەتەوەو ئاین و ئاینزایەك، بە کەمایەتی، بریتی بووە لە بچوك کردنەوەو گەمارۆدان و دواتر لەناوبردن و قۆرغکردنیان لە هەر خەونێك بۆ ژیان وگەشەکردن هەیان بێت.. بەهەرحاڵ با بێمەوە سەر مەبەستەکەم، لەوەتەی داعش هاتۆتە موصڵ پرسی کەمایەتی مەسیحی وئێزیدی و شەبەك و تورکمان و ئاشوری و....هتد، بۆتە رۆژەڤی هەواڵ و لێدوانە سیاسی ومیدیایەکان. رفاندن و کوشتن وئاوارەبوونی ئەم کەمایەتیانە رۆژانە دووبارە دەبێتەوە لەسەر دەستی چەکدارانی داعش. یەکێك لەپرسە گرنگەکان ئەم بڕیارەی خەلافەتەکەی داعش بوو لە موصڵ کە دەبێت پێکهاتەی مەسیحی یان جزیە بدەن یان کۆچ بکەن یان مەرگ چاوەڕێیان دەکات. سەیرەکە ئەوەیە هەموو پێکهاتەکان بەرامبەر کوشتن ورفاندن وسوکایەتی پێکردنیان زۆر بێ دەسەڵات وەستاون. ئەگەر

بەراورد بکەین دەبینین نزیکەی ملیۆنێك ئاوارە لە هەرێمی کوردستانە، کۆی رێکخراو گروپە چەکدارەکانی ناو موصلیش زۆری هەرە زۆری بەسوونەشەوە با سەد هەزار بۆ سەدو پەنجا هەزار چەکداریان لەبەردەست بێت، ئایا لەکۆی یەك ملیۆن لە هاولاتیانی ناوچەی موصل لە پێکهاتەی سوننەو تورکمان ومەسیحی و شەبەك وئێزیدی و...هتد، بەهاوکاری هێزی پێشمەرگە یان سوپای عێراق، ناتوانن سوپایەکی سەد هەزار کەسی پێکبهێنن؟ ئایا ناتوانن گروپی بەرگری چەکداری دروست بکەن وبەرگری لە گەڕەك وکەنسیەو شوێنی پیرۆزی خۆیان بکەن؟ ئایا ناتوانن بەهاوکاری سوپای عێراق و پێشمەرگە بەشێك لەشوێن وناوچەی خۆیان بپارێزن؟ مرۆڤ کاتێك تێبینی دەکات ئەم کەمایەتیانە زۆر بێ سەرکردەو بێ رێکخراو خاوەن کەسایەتی بەهێزن؟ کەسێکی گرنگیان نیە لەعێراق بتوانێت واقعی عێراق باش مامەڵە بکات وکەمایەتی خۆی بپارێزێت؟ کەسێکیان نابینم خاوەن رای تەواوی خۆی بێت وبتوانێت رای گشتی پێکهاتەی خۆی لەگەڵ بێت. لەئاستی خۆرێکخستن و بەرگری کردن لەخۆیان زۆر لاوازن؟ نابینیت هەستێکی رۆشنبیری وئاینی وسیاسی رێکخراوی وایان تێدا بێت کە قەناعەت بە هەرێمی کوردستان وحکومەتی عێراق بکات بۆ ئەوەی پشتیوانی گرنگ و راستەوخۆیان بن. ئێستا بەهەزاران خێزانی پێکهاتەی مەسیحی هاتۆتە هەولێرو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان..هەست ناکەی خۆیان بڕیاری چارەنوسساز بدەن و بتوانن دیسپلینی بەرگری و خۆ تەیارکردنیان باش ئامادە بکەن و بەرگری لە پاراستنی خۆیان بکەن.

دیارە بەهیچ شێوەیەك حەز ناکەم مەبەستی من وا لێکبدرێتەوە هانی پێکهاتەکان دەدەم بۆ کاری میلیشیایی و چەکداری وجەنگی ناوخۆیی وتایەفەگەری زیاتری ناو عێراق..مەبەستی من بڵاوبونەوەی چەکداری وگروپ و جەماعەتی چەکداری بێ یاسا و بێ دیسپلین نیە؟ بەڵکو بیرۆکەی من ئەوەیە بۆ نمونە پێکهاتەی مەسیحی لە موصل لیوایەکی سەربازی بە رێنمایی و یاسای سەربازی لە ناو چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان رێکبخەن، تەنها بەرگری لەناوچەکانی خۆیان وسەرو ماڵیان بکەن، ناویشی

نەنێن لیوای مەسیحیەکان، بەڵکو ناوێکی نیشتمانی بێت و بەهیچ شێوەیەك بەرەو تایەفەگەری و میلیشیایی نەڕوات. ئینجا دەتوانن بەشێوەیەکی باش خۆیان پەروەردە بکەن و بەرگری لە خۆیان بکەن. بەراستی هەست دەکەی لەپاراستنی خۆیان سەرجەم کەمایەتیەکانی ناو عێراق زۆر بێ ستراتیژو بێ بەرنامەو لاوازن، چونکە بۆ نمونە لەوەتەی بەعس رووخاوە ساڵی 2003 کوشتن وتەقینەوەو رفاندن ولێدانیان بەردەوامە، دەبوو کارێك بکەن سنورێك بۆ توندوتیژی بەرامبەر خۆیان دابنێن. هیوام ئەوەیە بۆچونی من بەهەڵە بکەوێتەوەو ئارامی و ژیان باڵ بەسەر هەموو گەلانی ناوچەکەدا بکێشێتەوەو کەسمان چەکمان بەدەست نەبێت. بەلام واقیعی حاڵ فەرموون تەماشا بکەن داعش شمشێری لەهەموان هەڵگرتووە؟.

## ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان لەبەرامبەر داعش

پێکهاتەکانی ناو عێراق بەتایبەت کەمینەکان!، دەتوانن ئەزمونی زۆر لە هێزەکانی پەیەدەو کوردانی رۆژئاوای کوردستان وەربگرن، لەوەتەی ئەم پارچەیەی کوردستان ئازاد بوە، کورد خۆڕێبەری دیموکراتی تاقی دەکاتەوەو خەریکی دروست کردنی بونیادی دەوڵەتداری خۆیەتی..بەڵام هەمیشە بەسەختی روبەروی هێرشی مەترسیدارو دڕندەی گروپە چەکدارەکان دەبێتەوە، بۆ نمونە قاعیدەو بەرەی نوسرەو داعش...هتد، بەڵام کوردانی رۆژئاوا زۆر پتەو کوردستان دەپارێزن، ئەگەر سەیری نەخشەو شێوازی بەرگری کورد بکەیت دەبینیت چەندە وردو ئازاو خاوەن دیسپلینن، لەهەمووشی سەرنج راکێشتر بەشداری کچان و ژنانە لەناو کەتیبەکانی بەرگری و هێزی پاراستن وئاسایش.. دەکرێت سودی گەورە لە ئەزمونی ژنان وکچان وکوڕان و پیاوانی کوردی رۆژئاوای کوردستان وەربگیردرێت لە روبەروبونەوەو مامەڵەیان بەرامبەر داعش و گروپە چەکدارەکانی دیکەی ناوچەکە لەعێراق وسوریا بەتایبەتی.

یەکێك لەم ئەزموونانەی پەیەدە لەرۆژئاوای کوردستان، ئەوەیە چۆن خاکت وماڵت دەپارێزیت و بەجێی ناهێڵی، کوردانی رۆژئاوا زۆر تۆکمە سەنگەری بەرگری خۆیان پاراستووە، تەنانەت بەرگەی گەمارۆی سەختی ئابوری وبرسیی کردنیشیان گرتووە، بۆیە پێویستە وەکو وانە بخوێندرێت بۆ ئەوەی دەوڵەتان و هێزەکان سودی لێوەربگرن کە چۆن کورد بەم کەرەسە سادەیەی دەستی لە جوگرافیایەکی بچوکی دیاری کراوی خاکی خۆی، بەرگەی سەختی هێرشی تیرۆرو گروپە چەکدارەکان بگرێت، ئەمە وانەیە.

دیوێکی دیکەی ئەم بابەتە لێوردبوونەوەیە، لەروی دەروونی، ئایا کوردانی رۆژئاوا چۆن لەرووی دەروونیەوە دەتوانن ئەوا خەڵکی ئامادە بکەن، ئاستی ورەیان بپارێزن، حەماسی بەرگریان رابگرن، هەستی خۆ بەخاوەن کێشەیەکی رەوایان لەلا گەورەتر بێت نەوەکو سازشی لەسەر بکەن، بۆیە گرنگە لەهەموو رووەکانەوە تەنانەت لەروی ئیداری وجەماوەری ومیللیەوە جێگای وردبوونەوەو ئەزمونە. سیاسەتی کوردانی رۆژئاوا وایکرد زووتر مەترسی داعش لەسەر سوریاو ناوچەکە دەرکەوێت، چەندین کەتیبەی ئیسلامی چەکدارو توندڕەوو خاوەن ئایدۆلۆژیای توند، هاتنە ماڵی کوردو داوایان کرد پێکەوە بەرەیەك لەدژی داعش دروست بکەن، ئێستا چەندین هێزو کەتیبەو گروپی چەکداری ئیسلامی و عەرەبی وسوری وهەمەلایەن، لەگەڵ هێزەکانی پەیەدە هێزی هاوبەشیان دروست کردووە، بۆ ئەوەی کێومالی داعش بکەن و لەسوریا تێکی بشکێنن. بۆیە گرنگی دان بە پێگەی یەکتر دۆزی کورد دەباتە پێشەوە، نەوەکو لێدان لەپێگەی یەکتر، بەداخەوە ناکۆکی حزبی زۆرێك دەستکەوتی نەتەوەیی پێکەوەیی ناشیرین و بچوك کردۆتەوە.

**عەرەب**

بابەتێکی زۆر گرنگ هەیە دەبێت کورد لەوە زیاتر فەرامۆشی نەکات، ئەویش عەرەبەکانی ناوچە کوردستانیەکانە، بۆچی گوندنشینە عەرەبەکان زیاتر لەداعش گوولەیان نا بە کوردەوە، ئەوان رۆڵی گەورەیان بینی لە تاوانی جینۆسایدی شەنگال، داگیرکردنی مەخمورو گوێرو جەلەولاو چەندین روبەری دیکەی جوگرافیای کوردستان، دەیان ساڵە کورد لەم ناوچانە فەرمانڕەوایە، کار دەکات، بودجەو پارە خەرج دەکات، مەکینەی گەورەی راگەیاندن دەخاتە کار لەسەر برایەتی و پێکەوەژیان..کەچی لەگەڵ یەکەم دەرکەوتنی داعش گوندە عەرەبەکان دەستیان دایە چەك وئەوەی پێیان کرا بەرامبەر دانیشتوانی کورد کردیان؟ پرسیاری گرنگ ئەوەیە ئێمە چۆن وەڵامی ئەم هەڵوێستەی عەرەبەکان بدەینەوە، دووبارە لەناو یەك گوند پێکەوە بژین؟ یان تۆڵە بکەینەوە؟ بەڕاستی قسەکردن لەسەر

ئەم بابەتە زۆر گرنگەو نابێت بە سادەیی سەیری بکرێت.
شێخ شامۆ، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی دەستەی بالآی بنکەی رۆشنبیری و کۆمەلآیەتی -ی لالش، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رووداو دەڵێت: مەحالە جارێکی دیکە بتوانین لەگەڵ عەرەبەکانی شنگال بژین. زۆرێك لەهاولآتیەکانی ناوچەی مەخمورو گوێڕیش لە تیڤیەکانەوە راشکاوانە باسی ئەوەیان دەکرد کە چەکدارە عەرەبەکان شوێنی ماڵە کوردەکانیان نیشانی داعش داوە. ئێستا لەهەموشی مەترسیدارتر هەوڵی هۆزو عەشیرەتە عەرەبەکانی ناحیەی جەلەولاو دیالە بەگشتییە، لەسەر ئەوەی ئەگەر داعش تێکشکاو ناوچەکەی چۆڵ کرد، ئەوا خۆیان چەکدار بکەن و روبەروی کورد ببنەوەو نەهێڵن کورد بستێك خاکی لەم ناوچەیە لەژێر دەست بێت. عەبدول ئەمیر زەیدی سەرۆکی ئۆپەراسیۆنی دیجلە کۆبونەوەی لەگەڵ کردوون، پێی گوتون ئەگەر شەڕی کورد بکەن ئەوا هاوکاریتان لەگەڵ داعش لەخیانەتەوە دەگۆڕین بۆ خزمەت وموچەو پلەو ئیمتیاز وەردەگرن. بەراستی تا رادەیەکی بێ سنور جێگای مەترسی و رەش بینی و هەموو شتێکی خراپە، خەڵکێك لەگەڵ داعش بوو بێت دەستی لەهیچ تاوان ودڕندەییەك نەپاراستبێت؟ کەچی لەبری ئەوەی سزای بدەی، ئەم دڕندەییەی بۆ بە خزمەت و تێکۆشان هەژمار بکەیت و پارەو موچەو پلەی پێی ببەخشیت؟ پرسیار بەسادەیی ئەوەیە ئەم هەموو دوژمنایەتی و رق وکینەیە بەرامبەر کورد بۆچی؟ تاکەی؟ کورد ناشێ لەوە زیاتر بێ وەڵام بێت، دوای ئەنفال وکیمیاباران وجینۆسایدی شەنگال و ئەم هەموو وێرانیە، چۆن دەکرێت کورد قسەی جدی وتوێژینەوەو لێکۆڵینەوەو بڕیاری یەکلاکەرەوەو رۆشن و واقیعی بەرامبەر عەرەب نەبێت. کورد لەسەر پرسی دانیشتوانە عەرەبەکان مافی خۆیەتی کەیسی یاسایی بجوڵێنێت. لەروی سیاسی وسەربازیەوە هەموو هەوڵی خۆی بدات، بەبێ ئەوەی زیادەڕەویەك بکات زیانی پێ بگەیەنێت. ئێستا بێ متمانەیی زۆر دانیشتوانە سنورە عەرەبیەکانی ناوچە کوردستانیەکانی گرتۆتەوە، ئەگەر کورد خۆی بۆ دۆخێکی لەمجۆرە باش ئامادە نەکات، ئەوا هەمیشە جەنگ لەبەردەم ماڵی ئێمەیەو هەمیشە ئەم دانیشتوانانە ئامادەن لولەی چەك بکەنە سنگی کورد. کێشەکە یەکەمجار

دەبێت كورد لەخۆیەوە دەست پێبكات؟ ئایا لایەنی لاوازو نێگەتیڤی كورد چیە ئەوان متمانەیان بەكورد نیە؟ مۆدێلی سیاسەت وحوكمڕانی وحكومەتی كوردی كێشەی جەوهەری چیە لەبەرامبەر ماف وئەرك و پێكەوەژیان لەگەڵ عەرەب؟ ئەوان چیان دەوێت كە ئێمە بۆیان جێبەجێ ناكەین؟ یەكەمجار دەبێت لەخۆمانەوە دەست پێبكەین، ئینجا وەڵامی ئەوان بدەینەوە.

## بەرامبەر تورکیا هەڵە دەکەن

داعش، هەرێمی کوردستانی بەرەو نوشستیەکی چاوەڕوان نەکراو برد، جەنگ بەر دەرگای کوردی گرت. لاوازیەکانی کورد لەم جەنگە زۆر قسەی بەدوای خۆیدا هێنا. لەوانە هەڵوێستی تورکیا. پێم سەیرە گلەیی لەتورکیا دەکەن کە هاوکاری کورد ناکات. ئەم جەنگە هی پێشمەرگەیە نەك جەندرمە. شەڕە لەسەر خاکی کوردستان نەوەك خاکی تورکیا. لولەی تفەنگی داعش روی لەهەولێرە نەوەکو ئەنقەرە. رووی جیۆپۆلەتیك و مێژویی وسیاسی وسەربازی تورکیا بەهیچ شێوەیەك خزمەتی ناسیۆنالیستی و ئازادی خاك وکوردبوونی ئێمە ناکات، کاتێك ئێمە دەڵێین دەبوو تورکیا بەرامبەر داعش کۆمەکی کوردی بکردبوایە، مانای داوەت کردنی دەوڵەتێکی داگیرکەرە بۆ سەرخاکی کوردستان بەئیمزای خۆمان. لەلایەکی دیکەوە ئەمە شەڕە گەڕەك نیە، تاوەکو دراوسێی تەنیشتت مەسڵەتێك یان هەوڵێك بدات. بەرێزان تورکیا خاوەن دەستورو سنورو دەوڵەت ودامەزراوەو بەرژەوەندی

و ستراتیژی خۆیەتی. مافی بەزاندنی سنورە نێودەوڵەتی و هەرێمیەكانی نیە. چۆن دەكرێ بەچەك و جبەخانەو سەربازەوە بێتە سەنگەری تۆو تەقە لەداعش بكات، ئینجا ئەگەر توركیا ئەوەی بۆ كردی، تۆ وەزارەتی پێشمەرگەو دوو سەد هەزار پێشمەرگەو چەكدارت بۆچیە؟

ئەگەر توركیا جوڵەی سەربازی بكات، ئەوا دڵنیابە دواتر ناكشێتەوە، ئەوانەی گلەیی لە توركیا دەكەن فەرموون بنكەی سەربازی لەبامەڕنی تەماشا بكەن كە تاوەكو هەنوكەش سەربازە توركەكان هەر لەوێن. واقعی بەشداری ئەمریكاو ئەوروپیەكان لەجەنگی داعش وكوردستان كە راستەوخۆ دێنە ناو هەولێرو بەغداو گۆڕەپانەكەوە، زۆر زۆر جیاوازی لەگەڵ توركیادا هەیە. هەر یەكێك لەجیاوازیە هەرە بەرچاوەكان بەشداری پەكەكەو یەپەگەیە لەشەڕی داعش، چۆن دەكرێت بەم ئاسانیە سەربازی تورك وگەریلای پەكەكە لەیەك سەنگەربن!. ئەوەتا توركیا زۆر سەغڵەتە بەئامادەگی پەكەكە لەجەنگی دژی داعش. كورد هەنگاوێكی ستراتیژی گرنگی لەگەڵ توركیا بڕیوە كە مەسەلەی هەناردەی نەوتە(سەربەخۆیی ئابوری)، نابێت شەڕی داعش تێكەڵی وەرەقەی نەوت بكرێت. رێڕەوی توركیا بەنسبەت كورد زۆر چارەنوسسازە. بەتایبەت لەدۆسیەی ئاشتی لەباكوری كوردستان و بابەتی نەوت، كورد نابێت لەگەڵ توركیا بەو ئاسانیە تێكی بدات. بەبۆچونی من هەواڵی رۆیشتنی ئاشتی هەورامی بۆ ئێران و رێككەوتنی نەوت وگاز لەگەڵ ئێران جارێ زوو بوو. لەدوای یەكلابوونەوەی جەنگی داعش هاوكارو دۆستەكانی كورد دەردەكەون، لەگەڵ ئەوانەی لێشمان دوور بوون. ئەوكاتە كورد لەسەر دەرەنجامی جەنگەكە وەرەقەی دۆست ودوژمن رێك دەخاتەوە. توركیا مەكەنە تەرەفی داعش وجەنگەكە، تۆزێك ئاور بدەنەوە كە چۆن بینیمان لە ساڵی 2003 ئامادە نەبوو بەرەی باكور لەدژی صەدام حوسێن بكاتەوە، كە ئەمریكا زۆر پێویستی پێ بوو. دەیانگوت توركیا ئەندامی ناتۆیەو ئەمریكا لەم هەڵوێستەی خۆش نابێت، بەڵام دواتر خۆتان بینیتان پێگەی توركیا گەیشتە كوێ.

گەلی كورد كە یەكێك لەداگیركەرانی خاكەكەی توركیایە. نابێت

رێـگا بـدات بەهیـچ شـێوەیەك تورکیـا تەنانـەت بەیـەك فیشـەك و سـەربازیش بەشـداری شـەڕی کـوردسـتان بـکات. ئەوەتـا ئێـران لەجەنگەکـە کۆمەکـی کـوردی کـردووە، هـەر زوو لەبەرخاتـری ئێـران پێشـمەرگەکانی رۆژهەڵاتـی کوردسـتان لەبەرەکانـی جەنـگ پاشەکشـەیان پێکـرا. ئایـا ئەمـە خزمەتـی داگیرکـەران ودژی یەکبوونـی نەتەوەیـی نیـە. دەبێـت کـورد خۆشـحاڵ بێـت کەتورکیـا بەشـدار نیـە، ئەگـەر بەشـداربێت داواکاری دەبێـت ودەسـتکەوتی دەوێـت. بێگومـان داواکاری ودەستکەوتەکانیشـی زۆر لـە دژی کوردسـتانی بـوون وگوتـاری نەتەوەییمـان دەبێـت. مەهێڵـن تورکیـا پشـکی بەشـداری لەشـەڕی تیـرۆر پـێ ببڕێـت. پێویسـتە خۆمـان لەجەنگەکـەدا بەخوێنـی خۆمـان ئـەوەی دەمانەوێـت وە چنگـی بخەیـن.

لەلایەکـی دیکـەوە، ئەگـەر کـورد لەهـەر جەنگێك هانـا بـۆ دەوڵەتانـی دەوروبەر ببـات، مانـای کۆیلـەداری و پاشـکۆیەتی کـورد دەگەیەنێـت بـۆ ئـەم دەوڵەتانـە، هەسـتی خـۆ بەکەمگرتنـی کـورد دەردەخـات. کـورد لەجیاتـی ئـەوە خەریکـی دروسـت کـردن و رێکخسـتنی سـوپای تەیارکراوی نیشـتمانی خۆی بێت لەهەموو شـتێك شـەرافەتمەندانەترە. ئـەوەی کـورد بەهێـز دەکات بنەبڕکردنـی گەندەڵـی و جەماعـەت جەماعەتێنـەی نـاو هێـزی پێشـمەرگەیە نەوەکـو سـەربازی تـورك.

هێـزی کـورد لەوەدایـە نەهێڵێـت دەوڵەتـە داگیرکـەرەکان لەسـەر خاکـی کوردسـتان جەنـگ بکـەن، نەوەکـو داوا بـکات بێـن و هـاوکاری بکـەن لەسـەرکەوتن و دەسـتکەوتەکانی جەنگـدا.

پرسـی فرۆشـی نـەوت و پارەکـەی و بڕەکـەی لەگـەڵ تورکیـا یەکلایـی بکەنـەوە، جەنگـی داعشـیش بـۆ پێشـمەرگەو فڕۆکەکانـی ئەمریـکا بەجێبهێڵـن.

## دەبێت لەئەنقەرە ئاشتی بكەین، لەكۆبانێش جەنگ

بەرگری سەختی جوامێرانەی كورد لە كۆبانێ، بۆتە سرودێكی ئازایەتی جیهانی و نەك هەر كورد بەڵكو هەموو مرۆڤایەتی شانازی پێوە دەكات. كۆمەڵێك بیرمەندو هەڵگری خەلاتی نۆبڵ رۆژی كۆبانێیان داناو ئیدی كۆبانێ رەمزی كورد نیە بەتەنیا، بەڵكو مەدالیای ئازادییە بۆ مرۆڤایەتی. تاوەكو ئێرە هیچ كێشەیەكم نیە. بەلام لەئاستی ناوچەكەو ناوخۆی كوردستان، قسەی جیاواز لەسەر كۆبانێ هەیە. لەوەتەی جولانەوەی شۆڕشگێڕی دژی بەعسیەكانی سوریا دەستی پێكردووە، گروپی تیرۆریستی وەكو داعش و قاعیدەو نوصرە دەمیان ناوەتە جەستەی سوریاو شۆڕشەكەی و هەوڵی زۆریان داوەو بەردەوامیش دەیدەن كە رۆژئاوای كوردستان قوت بدەن و، نەهێڵن ئەم پارچەیەی كوردستان ببێتە خاوەنی كیانی خۆی. بەتایبەت لەدوای راگەیاندنی كانتۆنەكانی رۆژئاوای كوردستان، كێچ كەوتە كەوڵیان

و زۆری دیکەش شێت و هاربوون بەتایبەتی تورکیا. تورکیا دوژمنایەتی راستەوخۆی دەستکەوتەکانی رۆژئاوای کوردستان دەکات، یەکێك لەمەرجە سەرەکیەکانی تورکیا بۆ بەشداری کردنی لەجەنگی دژی داعش بۆ سەرمێزی هاوپەیمانان ئەوەبوو کە کانتۆنەکانی رۆژئاوای کوردستان نەمێنن..بەکورتی کیانی کوردی دروست نەبێت.

ئێستا هەموو چاوەکان لەسەر کۆبانێن. بۆتە رەمزی کورد لەروبەروبونەوەی داعش و هاوکارەکانی، ئەگەر کۆبانێ بکەوێت مەترسی بۆ سەر کەرکوك وهەولێرو ئامەدو مەهاباد دروست دەکات، واتە زللەیەکی گەورە لە کێشەی کورد دەدات لەناو روداوەکانی ئێستای ناوچەکە، بەتایبەت سەبارەت بە پرسی چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا. بەرادەیەکی هێجگار هەستیارو راستەوخۆو کاریگەر کۆبانێ بەستراوەتەوە بەدۆخی ئاشتی و شەڕی کورد لەباکوری کوردستان بەرامبەر بەدەوڵەتی تورکیا، ئێستا شەڕی راگەیاندن وململانێی سیاسی نێوان کوردو تورك لەئامەدەوە گوازراوەتەوە بۆ کۆبانێ. ئۆجەلان لەئیمراڵیەوە گوتی» ئەگەر کۆبانێ بکەوێت شتێك نامێنێت بەناوی پرۆسەی ئاشتی». شارەکانی باکوری کوردستان سەرانسەر بووە گۆڕەپانی خۆپیشاندان بە مەبەستی پشتگیری کردن لە کۆبانێ و ریسواکردنی تورکیا لەکۆمەك وهاوکاریەکانی بۆ داعش.(تەنانەت لەخۆپیشاندانەکان دەیان شەهیدو سەدان بریندار هەبوو).

بۆچی دەبێت پرسی کورد لەتورکیا گرێ بدرێت بەرۆژئاوای کوردستان وشاری کۆبانێ؟ ئایا ئەو چارسەریانەی بۆ ئامەد پێویستن، هەمان چارەسەریش بۆ کۆبانێ وقامشلۆ پێویستن؟ ئایا لەبەرئەوەی رۆژئاوای کوردستان (پەیەدە)، باکوری کوردستان(پەکەکە) ..بەهەمان فەلسەفەی ئۆجەلان بەرێوە دەچن دەبێت هەمان رێگاوشوێن و پرۆژەشیان هەبێت؟.بەبۆچونی من ئەزموونی باشوری کوردستان لەرێککەوتنی لەگەڵ عبدالکریم قاسم(1958) و حوکمی زاتی(1970) و ئەزموونەکانی کێشەی کورد لە پارچەکانی کوردستان هەموویان پێکەوە دەتوانن هەندێ لایەنی باشی پرسی چارەسەری و ئاشتی لەتورکیا رۆشن بکەنەوە. کەوتنی کۆبانێ بۆ هەموومان لەهەر کوێی

دنیابین کارەسات وجەرگ بڕە، کوردستان لای من وهەموو کوردانی دنیا چوارپارچە نیە، یەك جەستەیە. بەڵام هەست و سۆزی ئێمە شتێکەو یاسا و سنورو دیسپلینی نێودەوڵەتی شتێکی دیکەیە، بۆ نمونە من بەرۆح و نەژاد خەڵکی ئامەدم، بەڵام ئەگەر لەهەولێرەوە بڕۆم بۆ ئامەد پێویستە پاسپۆرتم پێ بێت وفیزای تورکیاو دەوڵەت وەربگرم، واتە من لەعێراقەوە دەچم بۆ تورکیا! بۆیە بۆ جەنگ وسیاسەت وکوردایەتیش ئەم واقعە زۆر راستە، ئێستا کۆبانێ بەرگری دەکات، پێشمەرگەش گەیشتە ئەوێ، هەموومان لەوێ دەجەنگین بۆ ئازادی وکوردو کەرامەت. بەلام بەبۆچونی من پرۆسەی ئاشتی وچارەسەری لەتورکیا زۆر گرنگەو دەبێت کورد نەهێڵێت تورکیا پرۆسەکە تێکەڵ بەداعش و کۆبانێ و سەر سنور بکات. دوو دۆسیەی جیاوازن، کۆبانێ جەنگەو ئێمەش بەهەموو توانامان رەفتارەکانی تورکیا شەرمەزار دەکەین، بەڵام پرۆسەی ئاشتی و چارەسەریش لەئامەدو ئەنقەرەیە، دەبێت لە ئەنقەرە سیاسەت وئاشتی بکەین، لەکۆبانێش جەنگ.

ئەمە واقعی حاڵی کوردە لەهەنوکەدا، ئەگەر بەیانیش واقعەکە گۆڕا، ئەوا منیش قسەی دیکەم دەبێت.

بەڵگەکان لەسەر کۆمەکی تورکیا بە جۆرێکن هەڵە نین ئەگەر بڵێین تورکیاو داعش پێکەوە پەلاماری کۆبانێ دەدەن، بەڵام سەرکەوتنی کورد لەوەدا نیە کە پێکەوە روبەروی تورکیاو داعش ببێتەوە، بەڵکو گرنگە کورد کار بۆ ئەوە بکات تورکیاو داعش لەیەکتر داببڕێت و دوور بکەونەوە لەیەکتر. لەوانەیە بۆ ئەم کارەش ئەمریکا هێزی ئەوەی هەبێت. کە دەبێت کورد لەسەر وەتەری ئەمریکا کاری زۆرتر بکات، هەرچەندە ئەمریکا لەئێمە زۆرتر روداوەکانی لەبەرچاون و خۆی زۆر شت دەزانێت. بەڵام سیاسەتی ئەمریکا هەر لەسەرەتای سەرەتاوە ئەوەبووە تورکیاو داعش لەیەکتر جیابکاتەوە، نەوەکو پێکەوە روبەروی تورکیاو داعش ببێتەوە، کورد لەم هەنگاوەی ئەمریکا دەتوانێت ئەزمونی باش وەربگرێت، کە لەئیمراڵی وئامەدەوە بۆ ئەنقەرە لەسەر پرسی چارەسەری و ئاشتی بەرۆکی تورکیا بەرنەدات.

## پێشمەرگە چوو بۆ تورکیا، نەك كۆبانێ؟

رۆژی دامەزراندنـی كۆمـاری توركیـا بـوو، بۆنـەی نیشـتمانی دەوڵەتـی توركـە! ئۆتۆمبێلـەكان سـەربازی بـوون، جلـەكان و ئـارم و ئـاڵاكان كـوردی بـوون، فەرمـی بوون..تابلـۆی ئۆتۆمبێلـەكان نوسـرابوو» وەزارەتـی پێشـمەرگە«. شـوێن نـاو خاكـی دەوڵەتـی توركیـا بـوو. ئەمەیـە فشـاری ئەمریـكاو زلهێـزەكان كـە ئەگـەر بەرژەوەندی وسیاسـەتیان بخوازێت، شتی وا دەكـەن عەقڵ بـڕی نـەكات. چوونـی هێـزی پێشـمەرگە بـۆ كۆبانـێ لای مـن چەندیـن بنەمـای لەخۆگرتـووە، كـە بۆچوونـم وایـە دەشـێ بـەم جـۆرە شـیكاری ئـەم روداوە بكەیـن:

1_ وێنـەی پێشـمەرگە لەگروپێكـی چەكداری، میلیشـیا، یـان رێكخراوێكـی سـەربازی كـە زۆرێـك لەدەوڵـەت و شـوێن و حكومەتـی دنیـا ئـاوا سـەیری پێشـمەرگەیان دەكـرد، گواسـتەوە بـۆ هێزێكـی دەوڵەتـی، یاسـایی، خـاوەن رێـگاو شـوێنی سـەربازی، واتـە لەتوركیـاوە پێشـمەرگەی وەكـو هێزێكـی نیزامـی نیشـانی دنیـادا.

2_شەقێكی لەرێككەوتننامەو پەیماننامەكانی سایكس بیكۆو لۆزان دا، پێشمەرگە سنوری سێ دەوڵەتی بڕی(عێراق، توركیا، سوریا) كە دەرەنجامی سایكس بیكۆو لۆزان و رێككەوتننامەی دوای جەنگی جیهانی یەكەمن.
3_شەرعیەتی دەولی و فەرمی دایە پێشمەرگە، كە بتوانێت لەناو چوارچێوەی خۆی بجوڵێت، واتە بەیانی دەتوانێت بۆ رۆژهەڵاتی كوردستانیش (ئێران) بڕوات، دەتوانێت بۆ باكوری كوردستانیش بڕوات(توركیا) بەكورتی ئیدی پێشمەرگە دەتوانێت سنوری كوردستان ببڕێت و بچێتە ناو هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی.
4_ سەروەری عێراق و توركیاو سوریا ئێوە خۆش، بەئاڵای كوردستان كە كوردستان دەوڵەت نیە!بە لۆگۆو تابلۆی وەزارەتی پێشمەرگە لەهەر سێ دەوڵەت یان با بڵێین سنوری سێ دەوڵەت دەبڕێت، ئەمەش مانای خۆی هەیە. راستە پێشمەرگە بەیاسا بەشێكە لە بەرگری نیشتمانی و پاسەوانی سنوری عێراق، بەلام ئێمە دەزانین چونی پێشمەرگە بۆ كۆبانێ وەكو سوپای عێراق نیە، ئاڵای عێراقی هەڵنەكردووە.
5_ رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان نەك هەراسان و پەشۆكاو نابێت، بەڵكو دەست خۆشیش دەكات لەچوونی پێشمەرگە!.
6_بارزانی ئەوكاتە سەرۆكی هەرێم بوو، لێدوانێكی دا گوتی: ئەگەر ئەمریكاو توركیا رەزامەند نەبونایە، مومكین نەبوو بتوانین پێشمەرگە بۆ توركیا بنێرین تابچنە كۆبانێ بۆ روبەربوونەوەی داعش، گومانم نیە لەوەی توركیا بەهیچ جۆرێك بە پێشنیارێكی لەم چەشنە رازی نابێت ئەگەر فشاری ئەمریكا نەبێت، ئەوە ئەمریكاو هاوپەیمانانن بەم جۆرە سیناریۆكانی خۆیان جێبەجێ دەكەن و كەسیش ناتوانێت رێگریان لێبكات.
7_ بەبۆچونی من ئەگەر چونی پێشمەرگە بۆ كۆبانێ بۆ یەكبوونی نەتەوەیی كورد مانای گەورەی هەبێت، ئەوا چونی پێشمەرگە بەناو خاكی دەوڵەتی توركیا مانای سیاسی گەورەی هەیە. لەروی سیاسیەوە پێشمەرگە چووە بۆ توركیا نەوەكو كۆبانێ.

## راگەیاندنی جەنگ

لەناو هەواڵەکانی بەرەی جەنگ، هەر کەسەو بەشێوەیەك زانیاریەکان دەگوازێتەوە، هەر میدیاو کەناڵە بەجۆرێك مامەڵە لەگەڵ ژمارەی شەهیدو بریندارو سەرکەوتن و شکستەکان دەکات، هەندێ جار بەهۆی زانیاری هەڵەوە خزمەت بەداعش دەکرێت نەوەکو هێزی پێشمەرگە، لەجەنگی داعش دەرکەوت کەلێنی زۆر لەبواری کاری راگەیاندنی سەربازی و جەنگ هەیە لەناو وەزارەتی پێشمەرگەو هێزی پێشمەرگە بەگشتی، ئێمە ئێستا لەناو جەنگێکی سەختی راستەقینەداین، راگەیاندن دەبێت وریای سایکلۆلۆژیای گشتی وخەڵك بێت، وریای هەندێ زانیاری بێت لەرووی پیشەییەوە، ئەگینا لەروی سەربازی وسیاسیەوە دەبێت ئێمە چاو لەولاتە شەفاف وپێشکەوتووەکان بکەین، نەك بەبیانوی ئاسایشی بەرەکانی جەنگ زانیاری بشارینەوە، بەلام بەراستی لەناو هەواڵەکانی بەرەی جەنگ کەس بەکەس نیە، هەر لایەو بەپێی تەلەفۆن و پەیوەندی کردنی خۆی زانیاریەکان بلاودەکاتەوە، واتە لەناو هێزی پێشمەرگە لەمیحوەرەکانی جەنگ وتەبێژی راگەیاندن و کەسی

دیاریكراو نیە كە هەواڵ و زانیاری لەرێگای ئەوەوە بگەنە هەموو لایەك، جاری وا هەیە پێشمەرگەیەك كە هیچ لەراگەیاندنی جەنگ وسەربازی نازانێت لێدوان دەدات و دنیایەك وشە فڕێدەدات، كەدواجار جێگای رەخنەن، بۆیە پێویستە لەناو هێزی پێشمەرگەی كوردستان كاری راگەیاندنی جەنگ وسەربازی پێداچوونەوەی بۆ بكرێت، ئەمەش یەكێكە لەوێستگەكانی چاكسازی لەناو هێزی پێشمەرگە، نابێت بەهۆی زانیاری و هەواڵی ناپیشەیی زیان لە تێكۆشان وخوێنی پێشمەرگە بدەین، هەندێ جار بەهۆی هەندێ هەواڵەوە خزمەت بەداعش دەكەین بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین.

لەزۆر جارو لەچەندین جێگادا سیاسیەكان لەناو هێزی پێشمەرگە لێدوانیان داوە، واتە سەركردەی فەرمی ناو هێزی پێشمەرگە لەتەنیشت سیاسیەكە وەستاوە كە قسەی كردووە، لەكاتێكدا پێویستە لۆگۆو شوێن وجێگاو داتاشۆو هەموو پێداویستیەكانی راگەیاندنی سەربازی دیاری بكرێت و بە جلی فەرمی و پلەی سەربازیەوە بەشێوەیەكی دەوڵەتداری قسەو لێدوان بدرێت بە راگەیاندنەكان، هەر لەرێگای ئەنتەرنێتەوە وەزارەتی پێشمەرگە دەتوانێت سودی زۆر لەشێوازی كاری راگەیاندنی سەربازی وڵاتە پێشكەوتوەكان وەربگرێت، بۆیە كارێكی ئاسانەو هێندە زەحمەت نیە. بەداوای لێبوردن لەبرا پێشمەرگە جوامێرەكان بەلام هەندێ جار كە لەكەناڵەكانی راگەیاندنەوە لێدوان دەدەن هەست ناكەی هێزێكی فەرمی دەوڵەتدارین، بەڵكو لە گروپی چەكداری ومیلیشیا دەچن، ئەمەش خەتای پێشمەرگە جوامێرەكان نیە، بەڵكو خەتای وەزارەت و دەزگا فەرمیەكان وكەناڵەكانی راگەیاندنە كە بەم جۆرە هەواڵ و شوێن و قسەی پێشمەرگەو سەنگەرەكان دەگوازنەوە.

جەنگی داعش لەزۆر لایەن كەلێنی ناو هێزی پێشمەرگەی دەرخست، یەكێكیش لەم لایەنانە راگەیاندنە، وەكو چۆن كەس بەكەسی ناو بواری راگەیاندنی كوردیشی بەگشتی دەرخست.

## چۆن لە «پیتەر پیلز» تێبگەین؟

ماڵپەڕی» ڕۆژنیوز» هەواڵێکی جێگای بایەخی بڵاوکردەوە، دیقەتدان لەچالاکی لەم جۆرە بۆ کورد زۆر پێویست و ستراتیژیە، بەپێی هەواڵەکە لەکۆبونەوەی دەستەی پەرلەمانتارانی وڵاتانی ئەندام لەناتۆ، داواکراوە دەوڵەتی کوردی دروست بکرێت و پەکەکەش لەلیستی تیرۆر دەربهێنرێت، جوڵاندنی پرسی کورد بە»پیتەر پیلز» پەرلەمانتاری نەمسایی سپێردرابوو!، ئەم پەرلەمانتارە پڕۆژەیەکی لەسەر کورد گەڵاڵەکردبوو کە زۆر جێگای نوختەی ستراتیژین بۆ کورد، لەوانە:

1_دەبێت باشوری کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

2_ دەبێت لەهەرێمەکانی کوردانی تورکیا، ئێران، سوریا..دانبنرێت بەمافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد.

3_دەبێت پەیوەندیەکان لەگەڵ پەکەکە ئاسایی ببێتەوەو لەلیستی تیرۆر دەربهێنرێت(مەبەستی پەیوەندی ئەمریکاو ناتۆو یەکیەتی ئەوروپاو پەکەکەیە..؟؟؟).

لەڕوانگە ستراتیژیەکەدا دەبێت زۆر دیوی بخوێنینەوە، یەکێك لەوانە ئەم خاڵەیە کە داوا دەکات لەئێران وتورکیاو سوریا مافی ئۆتۆنۆمی بدرێت بە کورد، ئەم راشکاوی ودەست پێشخەریە لەلایەن ناتۆوە گرنگە، چونکە راستەوخۆ قسەکردنە لەسەر دیوی ناوەوەی سێ دەوڵەت، کە هەمیشە سنوری ئاسایشی نەتەوەیی وبەرژەوەندی و رێککەوتنەکان قفڵیان لەپرسی کورد داوە لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە، بەڵام ناتۆ سنورەکان راستەوخۆ دەبڕێت و داوای ئۆتۆنۆمی بۆ سێ پارچەی کوردستان دەکات. بە بۆچونی من لەسەر پرس و پڕۆژەی لەمجۆرە پێویستە کورد پلان وپڕۆژەی خۆی گەڵاڵە بکات. یان بەمانایەکی دیکە شۆڕشگێرە کوردەکانی ئەم سێ پارچەیەی کوردستان چۆن پلانی ستراتیژی خەباتی خۆیان داڕشتووە، بۆ ناتوانن بەرهەم هێنانی گرنگ لەم جۆرە پڕۆژانە ئەنجام بدەن؟ چۆن بتوانین کێشەی کورد راستەوخۆ بەهەڵوێست وپڕۆژەو پلانی ستراتیژی نێودەوڵەتی ببەستینەوە، بەتایبەت لەئێستادا کە کورد لەهەر چوارپارچەکەی کوردستان دژی تیرۆر جەنگ دەکات. ئەوەی سەرنج راکێش، جێگای بایەخی نێودەوڵەتی وناتۆو ئەمریکاو ئەوروپییەکانە، ئەوەیە کە کورد لەهیچ پارچەیەکی کوردستاندا بێ لایەن، یان هاوکاری داعش و تیرۆر نیە، بەڵکو خۆی قوربانی وئامانجی لەپێشەوەی تیرۆرە. ئەمەش مانایەکی گەورەیە لەسەر ناونیشانی خەباتی گەلی کورد کە روانگەو چوارچێوەیەکی توندوتیژو تیرۆریستی نیە، لەسەر سەکۆی ئازادی جیهاندا وێڵی سەر زەمینی ئازادی خۆیەتی و خواستی ئەم گەلە ئەوەیە لەدەرەوەی شارستانیەتدا نەبێت.

بەڵام میکانیزم و هێزو سەردەستەکانی کورد لەم روانگە ستراتیژیەدا، خاڵی لاوازو کەمتەرخەم وناکۆکی مەترسیداریان هەیە، جەنگی تیرۆر رونتر هەناوی کوردی دەرخست کە پڕە لەناکۆکی و خاڵی لاوازی ناسیۆنالیستی و سیاسی و ستراتیژی. ئەمەش ئەم مەترسی یە دروست دەکات کە نەتوانین سود لەپڕۆژەو خاڵ وخواستەکانی وەکو « پیتەر پیلز» وەربگرین کە لە هەڵوێستێکی مێژوویی گرنگ لەناو کۆبونەوەی وڵاتانی ئەندام لەناتۆ، داوای دەوڵەت و ئۆتۆنۆمی بۆکورد و پارچەکانی کوردستان دەکات.

ئـەوەی ماوەتـەوە بیڵێیـن ئەوەیـە کـە هـەر کۆبونـەوەو پـڕۆژەو کەسـایەتی لـەم چەشـنە بـوون کاتـی خـۆی نەخشـەی دەوڵەتانـی ناوچەکـەی بەمجـۆرە داڕشـت و چەندیـن ڕێککەوتـن و پەیماننامەیـان لەسـەر بونیـاد نـا، کـە گەلـی کـورد باجـی ژێردەسـتەیی ناوەڕۆکیـان دەدات، بۆیـە لەزەبـری مێـژوو بـا تێبگەیـن و لـە «پیتـەر پیلـز» تێبگەیـن، بـەلام چـۆن، کـێ هەیـە کاری سـتراتیژی بـکات؟ کـەی دەبینـە خـاوەن گوتارێـك شایسـتەی قوربانیدانـی گەلێـك بێـت کـە سـەدەیەکە خـەون بەئـازادی یـەوە دەبینێـت.

## شکستی منداڵ، شکستی ژیان

رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لەراپۆرتێکدا بەناوونیشانی( تەنیان لەسەرماو بێ چارەییدا) رەخنەی شەرمهێنەرو توند لەدەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی دەگرێت، کە وێڕای ئەم هەموو دەوڵەمەندیە گەورەیەی هەیانە، کەچی یەك ئاوارەی سوورییان لەخۆنەگرتووە. شەریف سەید عەلی بەرێوەبەری بەرنامەی مافی کۆچ و کۆچبەران لەرێکخراوەکە دەڵێت:» مایەی شەرمە هیچ دەوڵەتێکی کەنداوی عەرەبی نابینین تەنانەت یەك هەلی دووبارە نیشتەجێکردنەوەی پەنابەرانی سوریای دابێت. لەکاتێکدا دەبووایە بەپێی بنەمای ئاینی وهاوزمانی ئەم دەوڵەتانە پەناگەی یەکەمین بوونایە بۆ ئەم ئاوارانە».

دەوڵەتە عەرەبییە کەنداویەکان کەدەوڵەمەندی جیهانین، بیریان چووە ئاوارەکانی سوریا هاولاتی عەرەبین؟؟هاونەتەوەو خوێن و ئاین و زمانن..دەبوو شەرمیان لەکورد بکردبوایە کە تەنها هەرێمێکی هەیەو دەوڵەت نیە، قەیرانی دارایی هەیە، لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی خۆی(عێراق) کێشەی زۆر قوڵی هەیە..کەچی هەم کوردانی سوریا(هاوخوێن و نەتەوەو زمان و ئاین)ی خۆی لەئامێزگرتووە، هەمیش سەرباری جەنگی بەرفراوانی راستەوخۆی لەگەڵ

تیرۆرو (داعش)..پێشمەرگەو سەربازەكانیشی دەنێرێت بۆ نیشتمانەكەی پارچەكەی سوریا.
ئەرێ دەوڵەتانی عەرەبی دەوڵەمەندی وەكو كەنداو، چۆن دەتوانن بەم هەموو خوێن ساردی وبێ ویژدانیەوە لەمردنی منداڵان و بێ دیفاعانی سوریا بڕوانن؟
ئەگەر ناشتوانن سەرباز بۆ سوریا بنێرن، خۆ لانی كەم دەتوانن باوەشی دەوڵەمەندانەی خۆیان بۆ ئاوارە عەرەبە سوریە سەرگەردانەكان بكەنەوە.
ئەگەر لەباری جەنگ و ئارامی و ئاسایش دەترسن، فەرموون دوو دەوڵەتی عەرەبی وەكو ئوردون ولوبنان، ملیۆن ئاوارەی سوریایان لەخۆگرتووە، لەم دەوڵەتانە كۆمەكی جەوهەری و مرۆڤانەی خۆتان بكەن. كەچی هەروەكو لەوتارێكی دیكەدا ئاماژەم پێداوە ئەم دەوڵەتە عەرەبیە كەنداویانە لەئوردن ولوبنان كچی گەنج وهەرزەكاری ئاوارەی سوریایان كڕیوە...!! ئەرێ لەمە بێ شەرمتر بۆ دنیای عەرەب هەیە؟
رێكخراوی یونسێف، لەنەتەوەیەكگرتوەكان ئەمساڵ (2014)بەساڵی شكستی مندالان دەست نیشان كرد، بەتایبەت بۆ منداڵانی سوریاو عێراق.
هەزاران منداڵ وێڕای بێ بەش بوون لە خوێندن، ئارامی، ژیان، خۆراك، جلوبەرگ، شیرو پێداویستی تەندروستی..وێڕای بێبەش بوون لە باوك ودایك وهەتیو كەوتن..كەچی هەزاران منداڵیش كوژراون، رۆژانەش دەكوژرێن ولەناو باڵەخانەو ماڵ وشوێنەكانیان دەكەونە بەر موشەك و جەستەی منداڵانەی فریشتە ئاسایان، پارچە پارچە دەبن، یان كەم ئەندام دەبن. منداڵان لەجیاتی پارك و حەوانەوە، دەبێت لەكونە تەیارەو ناو ترس ولەرزەوە ژیان بەسەربەرن.
چەندە شەرمێكی گەورەیە بۆ هەموو دەوڵەتانی ناوچەكە، كە هیچ جۆرە ستراتیژێكی مرۆڤانەی گرنگیان نیە، بۆ ئەوەی لانی كەم منداڵ وپیرو پەككەوتەو ژن، لە دۆزەخی جەنگ دوور بخەنەوە، لانی كەم مانایەك بۆ منداڵی وهەستە پاكیزەیەكانیان بدۆزینەوە. بۆ دەبێت منداڵ پارووی قوڕگی ئەژدیهای جەنگ و وەحشیگەری چەكدارانە بێت.

## کوردستان لێرمیە؟

جەنگی داعش بەرامبەر کوردستان، لێدانی گروپ وحکومەت وکۆمەڵێك خەڵك نیە، ماناکانی ئەم جەنگە دیوی دیکەی هەن، چونکە کورد ویلایەتێکی ئەمریکی و دوورگەیەکی شانشینی بەریتانیا نیە، تاوەکو دنیای دژە رۆژئاوا پەلاماری بدەن، کوردستان لێرەیە، لەناو رۆژهەڵاتدا، دڵی رۆژهەڵاتەکەیە، داعش دەیەوێت چی هەڵبکەنێت؟ گروپێك، حکومەتێك، هێزێك، یاخود دەیەوێت گەلێك لەڕیشەوە لەناو نیشتمانەکەی هەڵبکەنێت، شکستی ستراتیژیەتی داعش و هاوشێوەکانی، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە،کەدەیانەوێت کوردستان لەناوەوە هەڵبکەنن، نیشتمانی گەلێکی هەزاران هەزار ساڵ بسڕنەوە، بێ ئەوەی بزانن زۆر زۆر ئەستەمەو خەیاڵێکی زۆر پوچە. جەنگ بۆ سڕینەوە نیە، بۆ بەرژەوەندی وسیاسەت ودەستکەوت و پێگەی خۆتە، جەنگ بۆ ئەوە نیە هەموو شتێك کۆتایی پێبهێنیت و زمان وجەستەو

كولتورو خاك و هەموو شتەكان ئیدی بۆ هەتاهەتایە لەناو بەریت. ئەوەی داعش بەرامبەر كوردانی ئێزیدی ئەنجامی دا، رێك هەمان هاوكێشەیە. بەلام تیرەكە رووی كردەوە نێوچەوانی داعش خۆی. چونكە لەجەنگی نەتەوەو نیشتمانێكدا دەتوانیت سەركەوتن بەدەست بهێنیت، بەلام مەحاڵە بیانسڕیتەوە. ماناكانی جەنگی داعش بەرامبەر كوردستان، جێگای توێژینەوەو لێوردبوونەوەی زۆری كولتوری وسیاسی وهزرین، ئەوانە كوردیان بەهیچ شێوەیەك قبوڵ نیە وەكو كورد، ئەگەر هەموو كورد ببنە كەتائیبی چەكداری داعش، مادام وەكو كورد دەچیتە ژێر باڵیەوە، هەر قبوڵی نیە. بۆ ئەوەی داعش و هاوشێوەكانی جەنگی تۆ نەكەن، تەنها ئەوە پێویست نیە بەیعەت بە ئەبوبەكر بەغدادی وخەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی بكەیت، بەڵكو دەبێت ئەوە لەبیر بكەیت كە كوردی.

پڕۆژەی كوردستان دروست بوونی نیشتمانی كوردی، بۆ ستراتیژی داعش و هاوشێوەكانی بەهیچ شێوەیەك قبوڵ كراو نیە، بەتایبەت لەئێستادا كە ئەمریكاو ئەوروپا، هەماهەنگی چەكداری وسیاسی ودبلۆماسی كوردەكان دەكەن، دنیای بوغزو كینەی گەورەی گروپەكانی ناو رۆژهەلات بەرامبەر رۆژئاوا ئەگەر دەستیشیان بە ئەمریكا وئەوروپا نەگات، ئەوا دەیانەوێت گورزی خۆیان لەكوردو هەموو ئەو لایەنانە بوەشێنن كە لەدنیای رۆژئاوا نزیكن، ئێستا كوردستان سەنگەری ئەمریكاو رۆژئاوایە بەنسبەت داعش و هاوشێوەكانی، بۆیە سەركەوتن بەسەر كوردستاندا بۆ ئەوان پەلوپۆی زۆری دیكەی هەیە، بەلام ئێمەی كورد بۆ داعش و ئەمریكاو رۆژئاوا پێویستە وردترو جیاوازتر قسە بكەین وبڵێین: بەرێزان پێش ئەوەی ئەمریكاش بدۆزرێتەوە، كوردستان هەر لێرەبوو. ئێمە جەنگ بۆ خۆمان دەكەین، بۆ ئازادی، كێ دەیەوێت ئازادی هەبێت پشتگیریمان دەكات، ئینجا خوا دەیكرد ئەرجەنتین وبەرازیل وكامیرۆن و زامبیاو مالیزیاش چەكیان بۆ دەناردین ودەهاتن بۆ لامان. ئێمە كوردستان دەپارێزین، ئەم كوردستانەی دەمێنێتەوە، رەگەزەكانی مانەوەی كوردستانیش بەدەست داعش وجەنگەكەی داعشەوە نیە، بەڵكو لەدەستی خۆمانە، دیموكراسی، ئازادی، ژیانی پڕ كەرامەت، دروست كردنی

دەوڵەتـی مەدەنـی، لێبوردەیـی، دابەشـکردنی سـامان بـە دادپـەروەری، سیسـتەمی پـەروەردەی سـەرکەوتوو، سـوپای خـاوەن دسـپلینی نیشـتمانی نـەك گـرووپی بچـوك بچـوك، زۆری دیکـەش لـە چەمك و زاراوەی دیکـە، رەگـەزی سـەرەکی مانـەوەی کوردسـتانن، نەوەکـو داعـش و هـاوشـێوەکانی دیکـە. ئێمـە لەدەسـتی داعـش کوردسـتان دەپارێزیـن، بـەلام مانـەوەی کوردسـتان لەدەسـتی خۆماندایـە؟؟؟.

## داعش و بەڕێوەبەری

زۆرێك لە لێکۆڵەرو شارەزایانی بواری دەوڵەتداری، هاوکات ئەوانەشی شارەزای بواری هێزە توندڕەوە دینیەکانن، بۆچونیان وایە کە جێبەجێ کردنی بنەماکانی دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵك، بەم هێزە دینیە توندڕەوانە ناکرێت، هەر بۆ نمونە داعش و قاعیدەو تالیبان بەڵگەی بەرچاون. ئێستا قسەکە راستەوخۆ لەسەر داعشە، ئایا داعش دەتوانێت کۆمەڵگا بەڕێوەببات، بتوانێت سیستەمێکی سیاسی سەقامگیر دروست بکات، کاری دامەزراوەیی ئەنجام بدات، بتوانێت بەشدار بێت لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و کولتوری و زانستی کۆمەڵگا؟ هەموو ئەمانە تەوەری سەرەکین لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ژیانی رۆژانەی خەڵك. ئێستا ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە وەزیفەی دەوڵەت و حکومەت ودامەزراوەکان زۆر گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە، خەڵك ئاسایش و ئارامی و جێبەجێکردنی یاساو کاری دامەزراوەیی دەوێت، نەوەکو گوتاری ئایدۆلۆژی، داعش چۆن دەتوانێت دەوڵەتێکی ئیسلامی سەرکەوتوو

بونیاد بنێت بە گوتاری حەماسی دینی و ئایدۆلۆژی و توندوتیژی. ئەم هێزانە لەسەر بەرهەمی ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتی ناژین، بەڵکو ئەوەی بەردەوامیان پێدەدات گوتاری دوژمنکارانەیانە لەگەڵ ئەوانەی دەرەوەی خۆیان. بۆ نمونە خەڵك بەوە ناژیت تۆ باسی کافرەکانی جولەکەو ئەمریکای بۆ بکەی، بەڵکو کارەباو ئاوو جاددەو ئاسایش و بانك و موچەو زانکۆو خۆراك وجلوبەرگ وناوماڵی دەوێت، داعش دەتوانێت پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانی کۆمەڵگا دابین بکات؟ لەکاتێکدا ئەوەی دەیبینین ئەوەمان پێ دەڵێت کە دەوڵەتی ئیسلامی داعش دەوڵەتێکی واقیعی نیەو بەهۆی دروشم وگوتاری حەماسی وموژدەی قیامەتی دەژیت، ئەمەش پەیوەندی نیە بە دامەزراوەو ژیانی کارگێری و تەندروستی وئابوری و کۆمەلایەتی خەڵك. بۆیە ئاسان نیە داعش بتوانێت بەم خوێنڕێژی و کوشتارو دوور لەواقیعەوە سەرکەوتوو بێت وبژیت. داعش تەمەنی کورت دەبێت لە بابەتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو دامەزراوەو دەوڵەتداری، هەر خودی شکستی داعش لەهەناوی خۆیەوە دروست دەبێت، لەلایەن ئەم خەڵکانەوە دروست دەبێت کە رابەرایەتیان دەکات. چونکە داعش جەنگ دەکات وخوێن دەڕێژێت، کۆمەڵگاش سەقامگیری وئاسایش ونان وکارو ئازادی دەوێت، بۆیە ئەنتی داعش لەناو خودی دەسەلاتداریەتی داعش دروست دەبێت.

## پەلاماردانی کەرکوك

ماڵپەڕی ئاوێنەنیوز، شرۆڤەی پرۆفیسۆرێکی بڵاوکردەوە، کە لەسەر پرسی کەرکوك وپەلاماری داعش قسە دەکات وپوختەکەی ئەوەیە کە:
پرۆفیسۆر گۆنتەر مایەر، مامۆستای زانکۆیماینزی ئەڵمانی، لەگفتوگۆیەکیدا لەگەڵ کەناڵی DWی ئەڵمانی لەبارەی هێرشەکانی ئەم دواییەی داعشەوە بۆ سەر کەرکوك رایدەگەیەنێت، «داعش دەیەوێت لەڕێی هێرشەکانی بۆ کەرکوك، چاوەکان لەسەر شاری موسڵ لاببات کە ئێستا بەهێزترین پێگەی تێیدا هەیە، هێزەکانی پێشمەرگە لەچەند هەفتەی پێشودا پێشڕەوی زۆریان کردوە لەناوچەکانی موسڵ. ئەوان دەیانەوێت پێشمەرگە هێزەکانی خۆی بهێنێتە نزیك کەرکوکو زۆر چاوی لەسەر موسڵ نەبێت».
ئەو پرۆفیسۆرە ئەڵمانییە کە بەڕێوەبەری ناوەندی لێکۆڵینەوەیە لەجیهانی عەرەبیی لەزانکۆ ماینز، سەبارەت بە پێگەی ئابوری کەرکوکو نەوتەکەی بۆ داعش، پێی وایە کە لەئێستادا نەوتی کەرکوك بۆ داعش لەکارە لەپێشینەکانی نییە، بەڵکو پەیوەندی بەجوگرافیای کەرکوکەوە هەیەو

داعش دەیەوێت موسڵ لەهێرشی زیاتر بپارێزێتو سنورێك بۆ پێشڕەویەكانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە دابنێت.

لەبارەی گرنگیی کەرکوك بۆ کورد، ئەو پرۆفیسۆرە رایدەگەیەنێت کە لەئێستادا کورد خاوەنی بەهێزترین پێگەیە لەعێراقداو رۆژئاواش یارمەتییان دەدات، «ئامانجی سەرەکیی کورد، بنیاتنانی دەوڵەتی کوردییە کە کەرکوك پایتەختەکەی بێت، لەدوای هاتنی داعشیشەوە کورد لەو خەونەی نزیك بوەتەوەو بێ گومان نەوتی کەرکوکیش گرنگیی خۆی هەیە بۆ کورد».

گۆنتەر مایەر دەستبەسەراگرتنی کەرکوك لەلایەن داعشەوە بەکارێکی ئەستەم دەزانێتو پێی وایە داعش هیچ چانسێکی نییە بۆ ئەوەی ئەو شارە کۆنترۆڵ بکات، «زۆربەی دانیشتوانی کەرکوك کوردنو لەپشتی پێشمەرگەوەن، داعش خۆیشی ئەمە دەزانێت کە ناتوانێت دەست بەسەر شارێکدا بگرێت کە زۆرینەی کوردبێت».

بێگومان ئەگەر وردببینەوە لە روداوەکان تەنانەت لەپێش هاتن و پەیدابوونی داعشیش، ئەم قسانەی پرۆفیسۆر گۆنتەر مایەر تازە نین، واتە شتێك نین ئێمە پێشووتر نەمانزانیبێت و بیرمان لێی نەکردبێتەوە، کەرکوك بۆ ئێمە لەپێش پەیدابوونی داعشیش هێڵی هەرە پێشەوەو گەرمی خەباتی نەتەوایەتی ونیشتمانی بووە، کلیلی چارەسەری پرسی کوردەو سنوری کوردستان بێ کەرکوك نانەخشێنرێت. بەڵام بۆ منێکی کورد ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئیدی پرسی کورد ناوخۆیی نیەو شتێك نیە خۆمان بۆ خۆمانی باسی بکەین، بەڵکو خواست و هیواو داواکاریەکانمان بونەتە بەشێکی گرنگی بیرکردنەوەو رۆشنبیری خەڵکانی دیکەی جیهانی، هاتنی داعشیش کوردی جارێکی دیکە لەئاستی جیهانیدا خستەوە بە قسەوباس. ئێستا ئێمە لەئاستی جیهانی زۆر قسەو باسی گرنگمان لەسەر دەکرێت، بۆیە گرنگە براوەی دواجار ئێمە بین، نەوەکو دەست بەتاڵ لەجەنگەکە بێینە دەرەوە. دەبێت کەرکوك بەهەر نرخ وسیاسەتێك بووە بیپارێزین، ناسنامەی کەرکوك نەك هەر لەلایەن داعشەوە، بەڵکو لەئاستی ئیقلیمی و گروپە عێراقیەکانی دیکە

زۆر هەڕەشەی لەسەرە. دەبێت بزانین ئێمە تەنها خواستی ئەوەمان نیە کە روبەروی تیرۆر ببینەوە، بەڵکو خواستی دەوڵەت بوون وسەربەخۆیی و خاکمان هەیە، واتە ئەگەر جیهان تەنها گرفتی تیرۆر بێت، ئەوا گرفتی ئێمە دووی دیکەی زیاترە، ئێمە هەم دەبێت روبەروی تیرۆر ببینەوە، هەمیش دەوڵەت و خاك ونیشتمان بونیاد بنێین.

لەلایەکی دیکەوە نابێت رێگا بدەین بەهۆی ستراتیژی پاراستنی موصڵ لەلایەن داعشەوە، کەرکوك ببێتە قوربانی و مەیدانێکی تازەی جەنگ، بەجۆرێك وەکو کۆبانیٚ ببێتە شوێنی یەکلایی کردنەوەی سەنگ و هێزو شکست وسەرکەوتنەکانی داعش، بەڵکو پێویستە حسابی یەکلایی کردنەوەی سەنگ و هێزو شکست وسەرکەوتنەکانی داعش ببرێتە ناو خودی موصڵەوە، ناو جوگرافیای خۆی، دەبێت هەوڵ بدەین جەنگەکە لەناو جوگرافیای داعش بێت، نەوەکو ناو جوگرافیای کوردستان. ئەوەی ئێستا هەیە دڵخۆشکەرە، چونکە پێشمەرگە بەهاوکاری هاوپەیمانان توانیویەتی بەشی زۆری خاکی کوردستان لەچنگی داعش دەرباز بکات و ئازاد بێت. بەڵام ستراتیژی پاراستنی ئەم ناوچە کوردستانیانە هێشتا لەروی سەربازی و کردەوەی توندوتیژی لاوازن و کورد دەبێت بەدوای خاڵە لاوازەکانەوە بچێت وئەم بۆشاییەش پڕ بکاتەوە. چونکە هێشتا کەرکوك پتەو نیە لەروی سەربازی وئاسایش و پاراستنەوە، ئەمەش جێگای ماندووبونی زیاترو کارکردنی زیاترە. کە خاڵی یەکەم پێویستە ناکۆکی لایەنە کوردیەکان لەناو کەرکوك بەرەو چارەسەری بڕوات. دەستی هاوبەش و بازوی هاوبەش و سەنگەری هاوبەشی پێشمەرگەو لایەنی سیاسی کوردستانیەکان خاڵی گرنگە لەناو کەرکوك ودەوروبەری، هاوکات بەشی سەرەکی ئەم ستراتیژیە کوردیەش یەکگرتن و رێکخستن وکاری هاوبەش و پتەوی نێوان دەزگا ئەمنی وپۆلیس وئاسایش وهەواڵگریەکانە، کە گویٚ بە ناکۆکی لایەنە سیاسیەکان نەدەن و پاراستنی کەرکوك ئامانج وکارو هەنگاوی هەرە یەکەمیان بێت. ئەگەر کەرکوك روبەروی هەر شکستێك بێتەوە، تەنیا شکستێکی سەربازی وسیاسی نیە، بەڵکو هێنانەوە خاڵی سفری کێشەی کوردە لەعێراق

لە روی دەستوری وخاك ونیشتمان وسنوری کوردستانەوە. ئەگەر کەرکوك پارێزراو نەبێت، حەمرین نابێتە سنوری کوردستان. پەلاماردانی داعش بۆ کەرکوك بۆ ئەوەی پاڵپەستۆی سەر موصڵ نەمێنێت، ئەرکی قورسی سەربازی بۆ هێزی پێشمەرگە دروست دەکات کە یەکەم ئەرك ئەوەیە رێگا نەدەن ناکۆکی گەرمی یەکیەتی و پارتی لەسەر کەرکوك نەگاتە ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگەو داعش سودمەند نەبێت لە تەقاندنەوەی ناکۆکیەکان. چونکە سەنگەربەندی هێزی پێشمەرگە لەناو کەرکوك و قەزاو ناحیەکان حەساسیەتی نێوان یەکیەتی و پارتی زۆری تێدایەو بەردەوام بەرپرس وسەرکردەکانی ئەم دوو حزبە لێدوانی دژ بەیەك بەرامبەر یەکتر دەدەن. بۆیە گرنگە جەنگی داعش بەرامبەر کەرکوك ببێتە هۆکاری لەیەکتر نزیك بونەوەی لایەنە کوردیەکان، نەوەکو موزایەدەکردن بەسەر یەکتری و لێدان لەپێگەی یەکتر. لەوانەیە سەرکەوتن بەسەر داعش لەکەرکوك هەڵوێستەش بە عێراق بکات ئەگەر بیەوێت کێشە بۆ کورد دروست بکات لەسەر ماددەی 140 وئەوەی ئێستا ماوەو قسەی لەسەر دەکرێت، چونکە وەکو دەڵێن هاتنی داعش کۆتایی بەم ماددە دەستوریە هێناوە، بەلام بۆ دروست کردنی کێشە بۆ کورد هێشتا بیانوی چاکە، چەندە کورد لەکەرکوك بەرامبەر تیرۆر سەرکەوتوو بێت، هێندە لەناوچەکانی دیکەی کوردستان وعێراق پێگەی کورد بەهێزتر دەکات.

## پارەکە بدەن بە ئەڵمانەکان

لەوانەیە هەندێ کورت بینی سیاسی و ئیقلیمی و بابەتی ناوخۆیی لەناو بابەتەکەمدا هەبێت، چونکە ئاسان نیە لە بابەتێکی رۆژنامەوانیدا قولایی سیاسی و ستراتیژی و ئابوری و فەرهەنگی تەواوی لایەنەکان بخرێتە روو، بەڵکو ئەم جۆرە بابەتانە پێویستیان بە توێژینەوەی زانستی هەیە، بەهەرحاڵ بەندە یەك دوو قسەی لەسەر دەکەم.

دوای نەمانی بەعس لەساڵی 2003 دەروازەیەکی باشی ئابوری و بازرگانی بەروی هەرێمی کوردستاندا کرایەوە، بەکورتی پارەی زۆر هاتە گیرفانی کورد. ئەوەی هەرزوو بووە شەریکەبەش و خاوەنی ماڵ دەوڵەتە دراوسێیەکان بوون، بەتایبەت ئێران و تورکیا. کۆندۆلیزا رایس وەزیری پێشووی دەرەوەی ئەمریکا گوتی: ئێمە خوێنمان رشت کەچی تورکیا دەیخوات. مەبەستی خانمی وەزیرە ئەوەبوو کە سودی لەناوبردنی عێراق بۆ تورکیا لەروی ئابوری و ژێرخانی تورکیا گەلێك باش کەوتەوە.

بەڵێ تورکەکان پارەی هەرێمیان برد، نەوت وسامانی سروشتی دەبەن، کۆمپانیاکانیان لەهەموو کوچەیەکی هەولێر هەن، هەرێمی کوردستان کەلوپەلی تورکی وئێرانی داپۆشیوە. بەڵام لەجەنگی داعش وقەیرانی ئابوری بەتەنیا جێیانهێشتین. بەتایبەت تورکیا. ئێرانیش لەبەرخاتری خاتران، نەك لەبەر کورد بەشداری جەنگی تیرۆر دەکات، چونکە داعش سونەیەو پرۆژەی شیعە نیە. ئەمەش وادەکات ئێران روبەروی ببێتەوە. سەرکردەیەکی بالای ئێرانی گوتی: توانیمان داعش بۆ زیاتر لە 500 کیلۆمەتر لە سنوری خاکی ئێران دووربخەینەوە. بەکورتی بۆ کورد نیە.
ئێستا ئابوری کوردستان داتەپیوە، تەنانەت موچەی مانگانەش نیە. کۆمپانیاکان ئیفلاس بوونە. پرۆژەکان وەستاون. دوای نەمانی داعش و ئارام بوونەوەی کوردستان. قەیرانی دارایی لەگەڵ بەغدا یەکلایی دەبێتەوە، ئینجا بەهەر بارێکدا بێت گرنگ ئەوەیە یەکلایی دەبێتەوە. بۆیە گرنگە ئەمجارە ئەگەر گیرڤانی کورد پڕ بۆوە لەپارە. مەیدەنە تورکەکان، بەڵکو ئەوانەی لەجەنگی داعش خاوەنی هەڵوێست وکۆمەکی راستەوخۆ بوون، بەئاشکرا هەڵوێستیان بۆ کورد دەربڕی. با ئەوان وکۆمپانیاکانی ئەوان بێن سود لەنانە چەورەکەی ناو گیرڤانی کورد وەربگرن. لێرەدا لەسەر دەوڵەتی ئەڵمانیا دەوەستم و وێنای بابەتەکەم بە ولاتی ئەڵمانیا تەواو دەکەم. سێجار وەزیری بەرگری سەردانی کوردستانی کردووە، جارێکیش لەناو ئەڵمانیا سەردانی پێشمەرگەکانی کردووە. راوێژکارو وەزیری دەرەوەو پەرلەمان وتەواوی دەزگاکانی دیکەی ئەم ولاتە هەڵوێستی رۆشنیان هەبووەو پێچ وپەنایان نیە. ئینجا فەرەنسا سەرۆکەکەی کە ئەم ولاتە ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایشە! هاتە هەولێر..ئیتالیا خۆی کردووە بەخاوەن وداوای لێبوردنی کردووە کە وەکو پێویست نەبووەو بەڵێنی داوە قەرەبووی بکاتەوە. ئەوروپییەکان زۆر ئاشکراو بێ پێچ وپەنا هاتونەتە مەیدان، با کوردیش بێ گرێ وپێچ وپەنا نانە چەورەکەیان لەگەڵ بخوات.
بەرژەوەندی دوو لایەنەیە، ئەوروپییەکان یەکەمجار بەدوای ئاسایشی خۆیاندا دەگەڕێن، ئێمەش بەرگری لە نیشتمانی خۆمان دەکەین، هەردوو لامان لەم

خاڵـەدا یـەك دەگرینـەوە. بـەلام دەوڵەتانـی دراوسـێ دنیایـەك شـەڕی شـاراوەیان لەگـەڵ ئێمـە هەیە و حەز ناکـەن کوردسـتان خاوەنی سـەربەخۆیی خۆی بێت و گەرەکیانـە کـورد هەمیشـە پاشـکۆی ئـەوان بێـت.

لەلایەکـی دیکـەوە لەسـەر ئـەم بابەتـە دەتوانیـن شـتی دیکـەش وە دەسـتبخەین، بـۆ نمونـە ئاسـت بـەرزی وکوالیێـت و پێشـکەوتن و پیشەسـازی ئەوروپیـەکان لەگـەڵ تورکیـاو ئێـران و ناوچەکـە بـەراورد ناکرێـت، بێنـە بەرچـاوی خـۆت کۆمپانیایەکـی فەرەنسـی یـان ئەڵمانـی پردێکـت بـۆ دروسـت بـکات، بزانـە چەنـدەی جیـاوازی لەگـەڵ کۆمپانیـای تورکـی وئێرانـی هەیـە. ئێمـە بەهەمـوو شێوەیەك سـودمەند دەبین، واتە پارەمان داوە بە تورکەکان ودەوڵەتانی ناوچەکە کەچـی پـڕۆژەی خراپیـان بـۆ جێهێشـتوین. بـەلام پـارە دەدەینـە ئەورپیـەکان و پـڕۆژەی بـاش وەردەگرینـەوە.

ئەگـەر گەندەڵـی ناوخـۆی هەرێمـی کوردسـتان رێـگا بـدات، دڵنیـام خێـری زۆر گـەورە لـە دەسـتی پیشەسـازی وئاوەدانـی ئەڵمانـەکان و فەرەنسـیەکان و ئیتالیـەکان وئەوانـی دیکـەی ئەوروپـا وەردەگرین. بۆیـە دەڵێـم بـەرەو ئەوروپـا بڕۆن و کاریـان لەگـەڵ بکـەن. ئـەوان بەرژەوەنـدی خۆیـان هەیـەو ئێمـەش هەروەهـا. ئـەدی بۆچـی رێکنەکەوین و نانەکـە پێکـەوە بخۆیـن. دوای داعش بیربکەنەوەو ژێرخانێك بۆ کوردسـتان دروسـت بکـەن بەرگـەی قەیرانـەکان و جەنگـەکان بگریـن.

ئێـوەی ئەوروپیـش بەسـە ئیـدی هەڵەکانـی لـۆزان وسـایکس بیکـۆ راسـت بکەنـەوە. بـەس نەبێـت ئیـدی؟.

## داعش گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێت

دوای ئـەوەی چەکدارانـی داعـش سـتراتیژ و بـەرەی جەنگیـان گـۆڕی، روویـان لەبەغـدا وەرگێـڕا و پەلامـاری هەرێمـی کوردسـتانیاندا، توانیـان پێشـڕەوی بەرچاوبکـەن و زۆر شـوێنی کوردسـتان بگـرن و هەنـدێ ناوچـەی گرنگـی سـتراتیژیش بەدەسـتەوەبگرن. وەکـو بەنـداوی موصڵ. داعـش قـەزای شـەنگالیان گـرت و نزیکـەی 200 هـەزار کـوردی ئێزیدی لەشاخەکانی شەنگال روبەروی ئەنفـال و قڕکردنێکـی گـەورەبوونـەوە. ئەمـەش جیهانـی هـەژانـد و پشـتیوانی گـەورەی بـۆ پێشـمەرگەی کوردسـتان دەسـتەبەرکـرد. داعـش پێکهاتـەی ئێزیـدی، کاکـەیـی، شـەبەك، دواتـر مەسـیحیەکانی جیهانـی هێنایـە سـەرخەت و دەوڵەتانـی ناچـار بەهەڵوێسـت کـرد. تاوانـی شـەنگال پێویسـتی بەوردبوونـەوە و توێژینـەوە و بابەتـی زیاتـرە کـە دەکرێـت لەدیوێکـی دیکـەدا قسـەی لەسـەر

بکەین. بەڵام لێرەدا لەسەر سێ تەوەرەی سەرەکی دێمەوە سەر باسی ئەو گۆڕەی داعش بۆ خۆی هەڵیکەند:

تەوەرەی یەکەم: داعش ( الدولە الاسلامیە فی العراق والشام) کە ئێستا ناوی لەخۆی ناوە (الدولە الاسلامیە) و خەلیفەشی هەیە. لەیەك کاتدا دوو بەرەی جەنگی سەختی لەدژی خۆی کردەوە، کە پێشووتر تەنها یەك بەرە بوو. داعش کە موصڵی گرت رووی لە سوپای عێراق و باشوری عێراق بوو. حکومەتی هەرێمی کوردستان و گەلی کوردستان لەباکوری عێراق تەنها ناوچەکانی خۆیان دەپاراست و بەرگریان دەکرد. واتە لەبەرەی باکور لەپشتەوە داعش لەئارامیدا دەژیا. بەڵام بەپەلاماردانی بۆ کوردستان ئێستا دەبێت لەهەردوو بەرەی باشورو باکور بجەنگێت. لەجیاتی یەك حکومەت و یەك سوپا، ئێستا دوو حکومەت و دوو سوپا روبەروی دەبنەوە. ئەمەش بۆ هێزەکانی داعش قورسە و لەناو سنوری یەك دەوڵەت ئەستەمە بەرگەی دوو سوپا و حکومەت بگرێت.

تەوەرەی دووەم: پەلاماردانەکانی داعش کۆدەنگی هێزی کوردی لەهەر چوار پارچەی کوردستان دروست کرد. ئێستا بەکردەوە پێشمەرگەکانی باشور و رۆژهەڵاتی کوردستان و گەریلاکانی باکور و رۆژئاوای کوردستان لە گۆڕەپانی جەنگ شان بەشانی یەکتر دەجەنگن، بە بۆچوونی من داعش ناتوانێت شەڕی هێزی چل ملیۆن کورد بکات؟ ئێستا لەهەموو شوێنێکی کوردستان دەکەوێتە بەر پەلاماری کورد. واتە داعش بەهۆی پەلاماردانی کوردستانەوە خزمەتی گەورەی یەکڕیزی و گیانی نەتەوەیی کوردی کرد و، وانەیەکی زۆر گرنگ و قوڵی فێری کوردەکان کرد لەمەترسییە تازەکانی تیرۆر و دوژمن و قوڵکردنەوەی گیانی نەتەوەیی و کوردستانیانە.

تەوەرەی سێیەم: تاوانی ئەنفالی شەنگال، دەرگای پشتیوانی نێودەوڵەتی و جیهانی بۆ کورد و هێزی پێشمەرگە کردەوە. کوردستانی بردە سەر شانۆی نێودەوڵەتی لەجەنگی تیرۆردا. ئەمریکا بە ئاشکرایی بڕیاری وەشاندنی گورزی سەربازی راگەیاند و هەولێری بەهێڵی سور وەسف کرد. ئەمریکا و یەکیەتی ئەوروپا بە رۆشنی پشتیوانی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان خستەروو.

دوای ئەوە کۆ دەنگیەکی جیهانی بۆ پێشمەرگە دروست بوو، بۆ وێنە ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، کەنەدا، ئیتالیا، ئەڵمانیا، سوید....هتد، چەندین دەوڵەتی دیکە بڕیاری پشتیوانیان لەهێزی پێشمەرگە و هەرێمی کوردستان دەرکرد. تەنانەت باراك ئۆباما ستایشی هەرێمی کوردستانی کرد کە بۆتە شوێنی پێکەوەژیانی ئاینەکان و پێکهاتەکان و مۆدێلێکی گونجاو و تازەیە!.هاوکات سکرتێری ناتۆ ئامادەیی هاوکاری کردنی پێشمەرگە و کوردستانی راگەیاند. ئەم کۆمەکە نێودەوڵەتیە مەترسیەکانی سەر کیانی کوردی دەرەوێنێتەوە. بەڵام بابەتێکی دیکە هەیە کە دەبێت بەوردی کورد هەڵوەستەی لەسەر بکات.

ئەم پەلاماردانەی داعش بۆ شەنگال و دواتر هەموو بەرەکانی جەنگ لەگولاڵەوە تاوەکو مەخمور، وە ئاوارەبوونی 200 هەزار ئێزیدی بۆ شاخەکانی شەنگال، ئەم راستیەی دەرخست کە ئەنفال و جینۆسایدی کورد کۆتایی نەهاتووە، گەلی کورد بەهۆی شوناسی نەتەوەیی و ئاینزایی خۆیەوە لەبەردەم مەترسی گەورەی ئەنفال و جینۆسایدە. بۆیە کورد زۆر بە قوڵی پێویستی بەپێداچوونەوەی شوناسی دیموکراسیانە و نەتەوەییانە و ناسیۆنالیستانەی خۆی هەیە. کاری تازە، فەلسەفە وهێز و دامەزراوە و بیرکردنەوەی تازەی پێویستە. هێشتا ئێمە لەبەردەم مەترسی ئەنفالکردنداین. کەواتە کورد چۆن نیشتمان و نەتەوە بونیاد دەنێتەوە؟؟

مەترسی دیکە ئەوەیە کە دوژمنی شاراوەی زۆر هەن کە دەیانەوێت کۆتایی بە حوکمڕانی کوردی بهێنن و لەگەڵ کیان و سەربەخۆیی و دەوڵەتداری کوردی نین. نەوەکو دەوڵەتداری نەوەکو هەبوونی نەتەوە، ئامادەی بوونی تۆ نین..؟ کورد لەبەردەم خەباتێکی چڕ وپڕ و سەختدایە لەقۆناغەکانی داهاتوودا، کە پێویستە ریفۆرم لەتەواوی جومگەکانی کارکردنی ناوخۆیدا بکات و نەخشەی تازەی ناسیۆنالیستی و نیشتمانی و دیموکراسی خۆی بخاتە روو.

پەلامارەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، دوژمن و دۆستی کوردی ئاشکرا کرد، ئەوانەی هاوسۆزی کوردن دەرکەوتن، لەهەمانکاتدا پێگەی

ستراتیژی هەرێمی کوردستانی دەرخست، ئێستا کورد دەزانێت مەوقیعی خۆی لەکوێیە؟ لەپەیوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و ناوخۆیدا لەکوێیە؟ زۆر سیاسەت و هەڵوێست و بۆچوونی تازەی بۆ دەرکەوت بەرامبەر بەخۆی. کورد دەبێت پێگەی ستراتیژی و قەبارەی خۆی بخاتەوە سەر رێگایەکی دیکە کە لاوازیەکان و کەموکورتیەکان چارەسەر بکات و هێزی دیکەش بەپێگەکەی بدات. ئەگەر کورد راستەوخۆ کەوتۆتە ناو جەنگی تیرۆرەوە، ئەوا شێوەی ئیشکردن و مامەڵەکردن و سیاسەتی خۆی دەبێ بگۆڕێت، تەنانەت بەپلەی یەکەم دەبێت هێزی سەربازی و سیاسی و دبلۆماسی خۆشی بگۆڕێت، ئێستا کورد لە بەرەی دژە تیرۆر خەریکی جەنگ و قوربانیدانە. بۆیە کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەبێت بەحساباتی خۆیدا بچێتەوە و لەشوێن و هێز و جوگرافیا و توانای کورد بکۆڵێتەوە و هەڵوێست و هەنگاوی کرداری هەبێت.

## شەڕەكە بەرۆكی خۆی گرتەوە

بابەتێكی سیاسی نوسەر كاك یاسین تەها، لەماڵپەڕی «ئاوێنە» بەناونیشانی( بۆچی داعش كوردستان دەكاتە ئامانج». سەرنجی منی راكێشا، نوسەر لەم بابەتەدا بەكورتی و خاڵبەندی روون جەنگی داعش بەرامبەر كوردستان روون دەكاتەوە. لە راستیدا هەر وەكو لەسەرەتای ئەم كتێبەدا هەڵوێستی من ئەوەیە كە داعش موعجیزەیەكی بۆ كورد خوڵقاند و بەماوەی كاتژمێرێك ماددەی 140ی دەستوری عێراقی جێبەجێ كرد و پێشمەرگە كەركوك و تەواوی ناوچەدابڕێندراوەكانی كوردستانی گرتەوە. لەم بۆچونە پەشیمان نیم. پێم وایە داعش عێراق و كوردستانی بردە قۆناغێكی زۆر تازە و زۆر

شتی گرنگی لەگەڵ خۆی داهێنا. بەڵام کاتێك داعش رووی لەبەغدا وەردەگێڕێت و پەلاماری کوردستان دەدات، پێشمەرگە شەهید دەبن و خەڵك ئاوارە دەبن و ئەنفالی گەلی کورد دەکات، بۆچوونەکانمان دەگۆڕێت بۆ هەندێ دیوی دیکە لەبارەی ئەم گۆڕانکارییە زۆر خێرایانەی کەلە عێراق و ناوچە کوردستانیەکاندا لەسنوری داعشدا روو دەدەن. هەر وەکو نوسەر یاسین تەها لەبابەتەکەی باس دەکات کە چەند هۆکارێك وایکرد کە داعش پەلاماری کوردستان بدات و بیەوێت حکومەت و سیستەمی سیاسی کوردستان کۆتایی پێ بهێنێت، لەوانە:

ئیسرائیل پشتیوانی خۆی بۆ سەربەخۆیی کوردستان راگەیاند و، کورد ئامادەکاری دەوڵەتی کوردستان دەکات. ئەمەش لەچەند لایەنێکەوە داعش بەتوندی دژی دەوەستێتەوە، وەکو نابێت ئیسرائیل و ئەمریکا( دەوڵەتانی کافر!!) پرۆژە و پشتیوانی و پلانەکانیان سەربکەوێت( تەبعەن بەقەولی داعش). کە جوو دژی ئیسلامە و ئیدی نابێت بە پشتیوان و کۆمەکی ئیسرائیل دەوڵەتی کوردستان دروست ببێت. هاوکات ئەم دەوڵەتە بەیعەتی بۆخەلیفەی ئیسلامی داعش و شەریعەت و دین و سیستەمی داعش نیە و دەوڵەتێکی کافری عەلمانی یەکیەتی و پارتییە. کەواتە داعش بەم بیانووە دەیەوێت شەرعیەتی خۆی لە جەنگی بەرامبەر کوردستان دەستەبەربکات.

دیوێکی دیکە ئەوەیە کورد خاکی ئەهلی سونەی عەرەبی داگیرکردووە و دەیەوێت قەڵەمڕەوی خۆی لەسەرخاکی سونە گەورە بکات. داعشیش بۆیە پەلاماری کوردستان دەدات بۆ ئەوەی ئەم خاکەی پێشمەرگە داگیریکردووە بگەڕێنێتەوە دەست عەرەبی سوننە. کە لەراستیدا ئەم خاکانە خاکی رەسەن و دێرین و مێژوویی کوردستانن و بەشی سەرەکی نیشتمانی کوردستانن. بۆیە ئەگەر دیقەت بدەین گوندە عەرەبیەکان هاوکاری زۆری چەکدارانی داعشیان کرد لەبەرامبەر پەلاماردانی بۆ سەرخاکی کوردستان.

هۆکارێکی دیکە کە بەلای منەوە بیانویەکی لاوازی دوور لەهیچ خوێندنەوەیەکی ستراتیژیە، ئەوەیە کە کورد هاوکار و پشتیوانی پرۆژەی شیعەی ئێران و صەفەوییەکانە، هەر بۆیە پێویستە داعش هەرێمی کوردستان

داگیربکات. لەڕاستیدا ئەم بیانووە لەزۆر شوێنی گرنگ دوورە لە ڕاستیەوە، بۆ نمونە داعش لەسنوری هێز و ئیدارەی پارتی پەلامارێکی بەربڵاوو دڕندانەی هێزی پێشمەرگە و کوردستانی دا. شەنگالی گرت و ئەنفالی کوردانی ئێزیدی ئەنجامدا. ئێمە هەمومان دەزانین پارتی دیموکراتی کوردستان لەمیحوەری تورکیا و سونەکان نزیکە و لەگەڵ ئێران پەیوەندی خراپە، وە دەشکرێ لەداعش بپرسین ئایا شەنگال و کوردە ئێزیدیەکان لەکوێدا هاوپەیمان و پشتیوانی شیعەی ئێران و پڕۆژەی صەفەوین؟

هەروەکو چۆن داعش بیانووی دیکە باس دەکات و ڕایدەگەیەنێت کە کورد لەگەڵ ئەمریکا و حکومەتی عێراق لە پیلانگێریە بۆ لێدان و لەناوبردنی داعش، بەڵام ئەگەر لەسەرەتای ڕووداوەکانی کەوتنی موصڵ لە 10ی حوزەیران تەماشای واقعی ڕوداوەکان بکەین، کورد جگەلە ناوچە کوردستانیەکان بستێك چییە نەچۆتە پێش و بەپێچەوانەوە هیچ هەماهەنگی و سەنگەربەندی پێکەوە لەگەڵ حکومەتی عێراق نەبوو، تاوەکو داعش پەلاماری کوردستانی نەدا، نزیك بوونەوە لەنێوان کورد و حکومەتی عێراق دروست نەبوو، واتە داعش خۆی بەهەڵەی ستراتیژی خۆی کورد و حکومەتی عێراقی لەیەکتر نزیك کردەوە.

دیوی دیکەی بۆچوونەکان لەسەر پەلاماردانی داعش بۆ کوردستان، ئەوەیە کە ئەگەر کورد هیچ کەموکورتیەك یان بیانویەکی بەنسبەت سیاسەتی داعشیش نەبوایە، ئەوا کورد هەر دەبووە ئامانجی داعش، کارکردن و خەون و پلانی داعش فراوانتر و زۆرترە لەوەی هەندێ بیانوو باس بکەین کە ئەم بیانوانە هۆکاری هێرشەکانی داعش بن بۆ سەر هەرێم.

ئەوەی کە جێگای لێوردبوونەوەیە لەهێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان، ڕۆڵی عەرەبەکان و عەشایەر و گوند و هاوڵاتیانی عەرەبە لەناوچە کوردستانیەکانی سنوری مادەی 140، کاتێك پێشمەرگە گەیشتە ئەم ناوچە کوردستانیانە، عەرەبەکان ئامادەییان نیە کە ببنە بەشێك لەئیدارە و سنوری کوردستان. هەر بۆیە ڕۆڵی زۆریان لەناو ڕیزەکانی داعش بینی لەپەلاماردانی کوردستان. هەر ئەوانیش هێزی زۆریان دایە ووزەی چەکدارانی

داعش بۆ ئـەوەی پێشـڕەوی لەناوچە کوردستانیەکان بکـەن. ئێستا کـوردی ئـەم ناوچـە کوردسـتانیانە لـەروی دەرونـی و نەتەوەیـی و سیاسـیەوە، زۆر پڕ و تورە و بێ متمانـەن بەرامبـەر هاوڵاتیانـی عـەرەب. سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد ئـەم دۆخـە بـۆ دۆسـیەکانی داهاتـوو، دۆسـیەی هەسـتیارن. ئـەم ناوچـە کوردسـتانیانە دەبـێ هێڵـی ئـارام و پتـەوو خـاوەن متمانەبـن. دروسـتکردنی کێشـە و گرفتـی نێـوان پێکهاتـەی عـەرەب و کـورد دەبـێ بەلایەکـدا بخرێـت. نەوەکـو کـورد جەولەیەکـی دیکـەی توندوتیـژی رووبەرووبێتـەوە.

## چەکدارکردنی کورد

یەکیەتی ئەوروپا دانیشتنی نائاسایی تایبەت لەسەر دۆخی هەرێمی کوردستان رێکخست، وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتی ئەوروپا تاووتوێی پرۆژەی گرنگیان کرد، بەتایبەت پرۆژەی پێدانی چەك بەکوردستان. فەرەنسا و ئەمریکا هەر زوو بەچەك و کۆمەکی سەربازی پشتیوانی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان دەربڕی. فڕۆکەکانی ئەمریکا جەنگیان لەدژی داعش بەرپاکرد، رۆڵی هێجگار یەکلاکەرەوەیان لەجەنگەکە گێڕا و کۆی هاوکێشەکەیان هەڵگێڕایەوە و شورەی پاراستنی کوردستانیان پتەوتر کرد. ئیتالیا و ئەڵمانیا و بەریتانیا و چیك و نەمسا و....هتد بڕیاری ئەوەیان وەرگرت راستەوخۆ چەك بدرێت بەکورد و هێزی پێشمەرگە بە پێشکەووتوترین چەك جەنگی تیرۆر

بکات. چەکدارکردنی کورد زۆر دیوی هەیە، رەنگ بێت بەمجۆرەی خوارەوە لەزۆر دیوی نزیك ببینەوە:

1 - کاتێك ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا بەم هەموو فراوانی و راستەوخۆیە چەك و تفاقی سەربازی دەدەنە کورد، پەیامێکی جدی و راشکاو و راستەوخۆیە بۆ هەموو گروپ و رێکخراوەکانی لەچەشنی داعش کە کوردستان هێڵی سور و ناوچەیەکی ئاسان نیە و ئەستەمە بکەوێت. واتە ئەم گروپانە دەبێت بزانن باجی قورس دەدەن لەجەنگ دژی کورد.

2 -پەیامێکی رۆشنە بۆ دەوڵەتەکانی ناوچەکە، بەتایبەت داگیرکەرەکانی کوردستان، ئەمریکا و ئەوروپا بەم دەوڵەتانەیان گوت کورد تەنیا نیە و ناتوانن بەهەمان چاویلکەی دوێنێ سەیری پێگە و هەبوونی کوردستان بکەن. بەکورتی ئێستا کورد خاوەنی بەهێزی هەیە کە بەچەك و سەربازی خۆی جەنگی بۆ دەکات. هیوادارم ئەم پشتیوانیەی ئەمریکا و ئەوروپا ئاوێتەی پشتیوانی گەورەی ئەزمونی سیاسی و مەدەنی و فەرهەنگی و پەروەردەیی و ئابوری بێت، کوردستان لەبازنەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێتەوە دەرەوەو ئەمریکا و ئەوروپای ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێت.

3 -شرۆڤەکەی رۆژنامەی»گاردیان»ی بەریتانی سەرنج راکێشە و گاردیان نوسیویەتی هەرێمی کوردستان لەجەنگی دژ بەداعش دایە. ئەمەش وایکردووە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا بە پێشکەوتوترین و بەهێزترین چەك کۆمەکی پێشمەرگە و هێزە کوردیەکان بکەن. ئەمەش مەترسی گەورەیە بۆ سەر یەك پارچەیی عێراق، چونکە ئەگەر کوردستان ببێتە خاوەنی ئەم هەموو چەك و تفاقە گەورە و پێشکەوتوویەی دونیا، ئەوا دەتوانێت جەنگی داعش بکات، بەمجۆرەش دەتوانێت لەبەغداد و سوپاکەی بەهێزتربێت و منەتی ئەوتۆی بەبەغدا نەمێنێت. کورد ببێتە خاوەنی ئەم هەموو چەکەی وڵاتانی دنیا، زیاتر مەیلی سەربەخۆیی و ئیرادەی جیابوونەوەی لا گەورە دەبێت. چونکە ئەوکاتە دڵنیایە لەهێزی خۆی ئەگەر سوپای عێراق پەلاماری بدات. هاوکات جۆرە پەیام و ئاگادارکردنەوەیەکیشە بۆ دەوڵەتانی دراوسێ کە کورد هێزێکی کاریگەر و پێشکەوتوو خاوەن چەکی مۆدێرنە. واتە دەتوانێت جەنگی

دەوڵەت بکات. پێدانی ئەم هەموو چەك و تفاقە کورد وا بەهێز دەکات کە بتوانێت روبەروی دەوڵەت ببێتەوە. (بۆ نمونە ئەگەر جەنگی داعش نەبوایە نەماندەزانی چەکی میلان چیە؟؟).

4 -لەلایەکی دیکەوە، جێگای خۆیەتی مەترسیشمان هەبێت، ئایا بۆچی کوردستان دەکرێتە جبەخانەیەکی گەورە و ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا بەم راستەوخۆییە بۆچی هاتنە ناو هەرێمی کوردستان. ئایا کوردستان نابێتە سوریای دووەم، کە جەنگی گروپ و رێکخراوی وەکو قاعیدە و داعش و دەیەها گروپی دیکەی توندڕەو و تیرۆریست بکات. ئایا چەکدارکردنی کورد بۆ ئەوەنیە کوردستان ببێتە گۆڕەپانێکی خوێناوی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟ بۆیە چەندە خوێندنەوە و بۆچونی سلبیشمان هەبێت ئاساییە چونکە سوریا دەبینین چۆن بۆتە گۆڕەپانی جەنگی ململانێی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی. لەبەرئەوە گرنگە سەرکردایەتی سیاسی کورد بەوردی حساباتی خۆی بکات. نەوەکو بکەوێتە تەڵەیەکەوە کە دواجار هاتنە دەرەوە لێی باجی زۆر مێژویی یان خوێناوی بوێت.

5 -ئەگەر هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پێشمەرگە چالاك نەکات و یاسا سەروەر نەبێت و دەوڵەتداری نەکات، دوورنیە کوردستان ببێتە گۆڕەپانێکی بەهێزی قاچاخچیەتی چەك و هەموو ئەو چەکانەی دراون بە کورد، بگەنە دەست دوژمنانی وەکو نمونەی داعش و هەر بەم چەکە مۆدێرن و بەهێزانە شەڕی کوردی پێ بکەن و کوردی پێ ئەنفال بکەن، وەکو ئەوەی لەشەنگال روویدا. چونکە بیرمان نەچێت ئێستا دەزگای سەربازی و جاسوسی ئەم رێکخراوانە هەموو توانای خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی نمونەی ئەم چەکانەیان دەستکەوێت کە دراوەتە کورد. هاوکات دەزگای هەواڵگری دەوڵەتانی ناوچەکەش رۆڵی گەورە لەپێناو ئاسایشی خۆیان و دژایەتی کورد دەگێڕن و بۆ ئەوەی بزانن توانای سەربازی و چەك وچۆڵی کورد چەندە و چۆنە..لەبەرئەوە دەبێت وەزارەتی پێشمەرگە و دەزگا نیشتیمانیەکانی وەکو حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم زۆر بەجدی و وردیەوە دیقەت لەشتێکی ئەوها بدەن و زەرەری لێ نەکەین لەجیاتی ئەوەی کە کۆمەکی

گەورە کراوین. کورد نابێت هەڵسوکەوتێك بکات کە دەوڵەتان پەشیمان بینەوە لەوەی کۆمەکیان کردووین.

## وەزیری جەنگی خەلیفە بۆچونەکەی ئێمە پشت راست دەکاتەوە

هەر لەسەرەتای پەلامارەکانی داعش بۆچونم وابوو، داعش خەنجەرێکی گەورەی لەکەلەکەی خۆیدا و گۆڕ بۆخۆی هەڵدەکەنێت، رووداوەکانی دواتر ئەم بۆچوونەیان پشت راست کردەوە، وەزارەتی جەنگی داعش نامەیەکی نهێنی بۆ ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەیان ناردووە و باسی شکستەکانیان دەکات بەرامبەر هێزی پێشمەرگە. وەزیری جەنگ داوا دەکات چەکدارانی داعش هەموو ناوچەکانی پێشووتر پێشمەرگەی لێبووە، چۆڵ بکرێن و بدرێنەوە دەست پێشمەرگە. زانیاری ئەوە دەخاتەروو کە ژمارەی چەکدارەکانیان لەمەیدانی شەڕ زۆر کەمترە لە ژمارەی دوژمنەکانیان واتە پێشمەرگە. هاوکات کوژراو و بریندارى زۆریان لەجەنگی پێشمەرگە هەیە، لەنامەکەدا زانیاری ئەوەش دەخاتەروو کە لەموصڵ بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکا 136 کوژراو و 434 بریندارىان هەیە و ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێل و چەك و

تفاقیان سوتاوە. بۆردومانی فڕۆکە جەنگیەکانی ئەمریکا کەمەری داعشی تێکشکاند لەگۆڕەپانی جەنگ باشترین بەڵگەش تونێلەکانیانن، گوند و ناوچە و شارۆچکەی ژێردەستیان هەمووی تونێلە. ئازایەتی راستەوخۆی سەر زەوی و فڕۆکەی ئاسمانی هاوپەیمانان، وایکرد داعش وەکو جورج زەوی هەڵبکۆڵێت. وەزارەتی جەنگی داعش روونکردنەوەی داوە لەسەر ئەوەی کە ئێستا ورەی موجاهیدەکانیان دابەزیوە و پێویستە خەلیفە لەم بارەیەوە بڕیارێك بدات. لەناوەڕۆکی نامەکەدا ئەوە خراوەتە روو کە پێویستە ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش بەم پێشنیارە رازی بێت کە هێزەکانیان لەتەواوی ئەم ناوچانە بکشێنەوە: (تلکێف، مەخمور، سنجار، بەنداوی موصڵ، حەمدانییە، قوش، وانە، زمار، بەعشیقە، بەرتەلە). جێگای باسە نامەکە بەرواری 13ی شەوالی 1435 بەرامبەر 9 8- 2014- لەسەرە و دەزگای ئیستخباراتی عێراقی دەستی کەوتووە و بڵاویکردۆتەوە.

ئێستا داعش لەدۆخێکی سەختدایە، هەم پێشمەرگە لەباکور و هەمیش سوپای عێراق و حەشدی شیعە لەباشور سەنگەربەندی توندیان بەرامبەر داعش گرتۆتەبەر، ئەمریکا و هاوپەیمانانیش درێغی ناکەن لەبۆردومان کردنی بەردەوامی بنکە و بارەگا و شوێنەکانی چەکدارانی داعش. کوردستان سەرەتای کەوتنی داعش بوو.

ئەم عەشیرەت و لایەن و هێزە سونیانەی کە ئێستا هاوکاری داعش دەکەن، خەریکی هەڵگەڕانەوەن، چونکە ئەمانە لەدژی مالیکی و حکومەتەکەی بووبوونە چەکداری داعش. ئێستا کە مالیکی پاشەکشەی کرد و کابینەیەکی تازەی حکومەتی عێراق دروست بوو، ئەم عەشیرەت و لایەن و هێزە سونیانە لەهاوکاری داعش پاشگەزبوونەتەوە و ئەمەش زەبرێکی گەورە لەهەناوی داعش دەدات، چونکە شوێن و جوگرافیا و بوونی داعش لەم ناوچانەیە کە ئەمانەی لێ نیشتەجێن.

## پێش تەقینەوەکەی هەولێر بۆچونم وابوو

داعش بەم پلان و جەبهەبەندیە، هەتا سەر ناتوانێت شەڕی سوپای عێراق و حەشدی شیعە و هێزی پێشمەرگە و هێزی ئاسمانی ئەمریکا و هاوپەیمانان بکات، وردە وردە شوێنی ستراتیژی گرنگ لەدەست دەدات، پاشەکشە دەکات، تەنانەت لەناو موصڵ داوایان لەخەڵك کردووە بەرگریان لێ بکەن و چەکیان بۆ هەڵبگرن. لەبەرئەوە داعش پلانی جەنگ و روبەروبونەوەیانی دەگۆڕێت، 2014/8/23 لەهەولێر ئۆتۆمبێلێك تەقیەوە، نزیکەی چوار کەس بریندار بوون، هەمان رۆژ زنجیرەیەك تەقینەوە کەرکوکی هەژاند و نزیکەی 140 شەهید و برینداری لێکەوتەوە. بەهەمان شێوە لەبەغداش تەقینەوە روویدا. یەکێك لەکەناڵەکانی راگەیاندن لەگەشتی هەواڵەکان ئێوارەی

هەمـان رۆژ واتـە 8/23 گوتـی: داعـش بڕیاریـداوە پلانـی جەنگـی بگۆڕێـت. لەگـەڵ سـەرەتای دەركەوتنـی شـكست و پاشـەكشـەكانی تیرۆریسـتان، بۆچونم وابـوو كـە پلانەكانیـان دەگـۆڕن. وە یەكێـك لـە پلانـە زۆر سـەرەكیەكانیان پشـتكردنە لەبـەرەی جەنگـی فـراوان و رووكـردنـە لەفـەردی. كـاری تەقینـەوە و خۆكوژی. رێك وەكو ئەوەی لەهەولێر و كەركوك و بەغدا لەیەك رۆژدا روویدا. بۆیـە دەبێـت بزانیـن لەرۆژانـی داهاتـوو تەنانـەت دوای رزگاركردنـی موصڵیـش، ناوچەرگـەی شـارەكانی كوردسـتان بـۆ نمونـە سـلێمانی و هەولێـر و دهـۆك ئامانجـی كـردەوەی توندوتیـژی و تەقینـەوە و كـردەی خۆكـوژی دەبن. دامـەزراوە و ناوەنـد و شـوێنی گشـتی دەبنـە ئامانـج. لەبۆنـە ئاینـی و نەتەوەیـی و جەمـاوەری و سیاسـیەكان ئامانجـی داعـش تەقینـەوە و خوێنـاوی دەبێـت. هـاوكات سـەركردە حكومـی و سیاسـی و سـەربازیەكان دەبنـە ئامانجـی تیـرۆری ئـەوان. لەبەرئـەوە لـەدوای نەمانـی داعـش، جەنگـی داعـش لەنـاوەوەی كوردسـتان دەسـتپێدەكات. پێویسـتە دەزگا ئەمنی و سیاسـی و دامەزراوە نیشـتمانی و پەیوەندیدارەكان پلانی ئاسـایش و ئارامـی و كۆنتڕۆڵـی بـاش و گونجـاو و تۆكمەیـان هەبێـت، وەك چـۆن ئێسـتا ئارامـی و ئاسـایش بەرقـەرارە. لەهەموشـی گرنگتـر كاركردنـە لەسـەر فـەزای گشـتی كـە لـەروی فەرهەنگـی و كولتـوری و هونـەری و سیاسـی و رۆشـنبیریەوە لەداعـش بدرێـت و لەگەشـەكردن و فراوانبوونـی زیاتـر بوەسـتێنرێت. پێـش ئـەوەی خۆكـوژ و بكـەری تەقینەوەكانـی نـاو كوردسـتان دەسـتگیربكەین، دەبێـت هۆكارەكانـی بـوون بەخۆكـوژ وكـردەوەی تیرۆریسـتی لاواز بكـەین و كوردسـتان نەكەینـە گۆڕەپانـی جەنگـی دوژمـن. كـورد دەبێـت لـەدوای رزگاركردنـەوەی ناوچـە كوردسـتانیەكانی دەسـت داعـش، سیاسـەتی خـۆی بەرامبـەر داعـش بگـۆڕێـت، دەبێـت كوردسـتان نەكاتـە گۆڕەپانـی شـەڕی دوژمـن. واتـە لەئێسـتا و داهاتـوو ناكرێـت ئێمـە پلـەی یەكـەم بیـن لەجەنگـی تیـرۆر، بەشـی خۆمـان زۆرمـان كـرد. بۆیـە هـەر كاتێـك حەقـی خۆمـان لـە خـاك و نیشـتمان لەداعـش وەرگرتـەوە دەبێـت كار لەسـەر خاوكردنـەوەی دوژمنایەتـی داعـش بكەیـن و بتوانیـن كوردسـتان بخەینـە دەرەوەی بازنـەی دوژمنایەتـی پلـەی یەكەمـی ئـەم گروپـە و رێكخـراوە تیرۆریسـتانە. هەرچەنـدە زەحمەتـە هیـچ

گرەنتیەك لەم رێکخراو و گروپانە وەربگیردرێت، بەڵام دەبێت هەموو هەوڵ و کارتەکان تاقی بکرێنەوە. شەڕی ئێمە لەسەر خاك و گەل و ناوچە دابڕێندراوەکانمانە، لەبەرئەوە نابێت هەوڵ بدەین لق و پۆپ و زۆر و زەوەندی دیکە لەشەڕەکە ببنەوە. ئەوانە هێزی تاریکن دەبێت هەوڵ بدەین لەروناکی کوردستان دووربن. تاوانی جینۆسایدی شەنگال و رفاندنی کچ و ژنانی ئێزیدی لەلایەن داعشەوە، ئەتکێکی گەورەی ئینسانیەت و کوردبوون و دیموکراسی و کەرامەتی ئینسانە. کاری یەکەمی هەموو مرۆڤایەتیە کە کار لەسەر ئەم کەیسە بکات، تەنیا ئەرکی کورد نیە. دەبێت لەرووی مرۆڤایەتیەوە کار لەسەر ئەم کەیسە بکرێت و هۆلۆکۆستی سەدەی بیست و یەکەمە. لەبەرئەوە نابێت کورد لەرفاندن و ئەتکی ژنان و کچانی خۆی خۆش بێت، ئەمەش بەکردەوەی جەنگ و توندوتیژی ناکرێت، ئەوەندەی بە بەهێزبوونی ناوخۆیی دەکرێت لەرووی گوتاری سیاسی، دیموکراسی، نەتەوەیی. لەروی نیشتمانیەوە دەبێت روبەرێکی فراوان بدەین بە جینۆسایدی ئێزیدیەکان، لەکولتور، سیاسەت، نەتەوەبوون، هونەر، نوسین، مێدیا، فەرهەنگ، کۆمەڵایەتی بوونمان رەنگدانەوە و بوونی گەورەی هەبێت. دەبێت چاکسازی زۆر گەورە لەناو پێشمەرگە بکرێت و سوپایەکی بەهێزی نیشتمانی کوردستانی هەبێت و دەستی حیزبایەتی کورت بکرێتەوە، گیانی وشیاری سیاسی و نەتەوەیی و دیموکراسی زیاتر پەرەی پێبدرێت، جەنگی گەورە بەرامبەر دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و هۆشیاریمان بەرپابکرێت، ئازادکردنی تاکی کوردی لەچنگ کۆمەڵێك وەهمی مەزهەبی، ئاینی، سیاسی، حیزبی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، گەورەترین خزمەتە بەکەیسی تاوانی جینۆسایدی ئێزیدیەکان. کوردانی ئێزیدی روبەروی ئەنفالێکی راستەقینە بوونەتەوە. بۆ کورد پرسێکی زۆر سەرەکیە کە جارێکی دیکە لەسەر رەهەندەکانی ئەنفال پێداچوونەوەی زۆر جدی بکات.

ئەگەر جینۆسایدی ئێزیدیەکان، مانەوەیان لەسەر شاخی شەنگال..وانەی تازە و گۆرانی تازە و شۆڕشی تازە فێری کورد نەکات. گەلی کورد بێدار نەکاتەوە لەوەی کە ئێستا لەچ سەردەمێك دەژی. گوتاری نەتەوەیی و

نیشـتمانی و دیموكراسـی دروسـت نـەكات. ئـەوا نـەك ناتوانیـن بـاری ئەمنـی و ئاسایشـی نـاو شـارەكانمان بپارێزیـن و روبـەروی پلانـی تازەی داعش ببینـەوە، ئـەوا دەبێـت چاوەڕێـی تاوانـی زۆر گـەورەتـر بیـن لـەوەی لەجینۆسـایدی شـەنگال رویـدا، دەبێـت چاوەڕێـی ئەنفالـی گـەورەبیـن. كـەواتـە بائیـدی لـە وانـەكان نـەك هـەر تێبـگـەیـن، فێریـش بیـن.

## پەکەکە و تیرۆر

جەنگی داعش، پێگەی پەکەکەی لەباشور و رۆژئاوای کوردستان گۆڕی، سەرۆکی هەرێمی ناکۆك بە پەکەکە و نزیك لە ئاکپارتی دەسەڵاتداری تورکیا لەمەخمور سەردانی هێزەکانی پەکەکەی کرد و تەوقەی گەرمیان کرد؟ ئێستا پرۆسەی ئاشتی لەتورکیا لەپەرلەمان وەکو پڕۆژە یاسایەك دەنگی بۆ دراوە؟ جێگری سەرۆکی حکومەتی ئاکەپە گوتی ئامادەین راستەوخۆ لەگەڵ قەندیل گفتوگۆ بکەین؟ پەکەکە لەتورکیا جەنگ ناکات بەڵکو سەرقاڵی پرۆسەی ئاشتیە(بەداخەوە ئاکەپەی دەسەڵاتدار و هەندێ هەڵەی خۆمان وەکو کورد وایکرد ئاشتی ببێتەوە بە جەنگێکی سەخت و خوێناوی)، لەعێراق شان بەشانی پێشمەرگە بۆ نمونە لە کەرکوك و شەنگال و مەخمور، فرۆکەکانی ئەمریکا جەنگی داعش دەکات.. پەکەکە و پێشمەرگە و ئەمریکا و هاوپەیمانان لەعێراق پێکەوە جەنگی دژی تیرۆر دەکەن. بەهەمان شێوە کورەکەی دیکەی پەکەکە لەسوریا ئەوە بۆ چەند ساڵە لەدژی تیرۆر شەڕ دەکات. ئێستا پەکەکە لەسوریا و عێراق دژی

تیرۆر ڕاستەوخۆ لەجەنگدایە، لەتورکیاش بەردەوامە لەهەوڵەکانی بۆ پرۆسەی ئاشتی لانی کەم ئامادەیە گوێبگرێت، ئیدی بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانان شەرمە لەوە زیاتر پەکەکە لە لیستی تیرۆردا بهێڵنەوە. کاتی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان ئەمریکا و پەکەکە هاتووە، ئەمریکا بەسیاسەتی پێش داعش و پێش کەوتنی موصڵ ناکرێ چاو لەناوچەکە بکات، گرنگە هەنگاوی جدی بەرامبەر پەکەکە بنێت و هاوکێشەکان گۆڕاون؟ ئێمە هەر ئەوەندە دەتوانین بەرامبەر سیاسەتی ئەمریکا قسە بکەین؟ ئەوەی دیکە خودا هەر خۆی دەزانێت چەند پێچ و پەنا و پڕۆژە و شیکردنەوە لەستراتیژ و سیاسەت و فایلەکانی ناو کۆشکی سپی دا هەیە؟

لێرەوە گرنگە لەسەر دوو بابەتی دیکە بوەستین: یەکەم لەباشوری کوردستان واتە لەبازنەی عێراق، هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(ئێران)، هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان(سوریا)، هێزەکانی باکوری کوردستان(تورکیا)، لەمەیدانەکە شەڕی داعش و تیرۆر دەکەن. ئەم هێزانە شەهید و بریندارییان هەیە. بۆیە پێویستە وەزارەتی شەهیدان و پێشمەرگە، هەردوو وەزارەت بەشەهیدی سەنگەر ناویان تۆمار بکەن. ئێستا لەهەرێمی کوردستان هەوڵێکی لەمجۆرە هەیە، کە پێویستە پشتگیری ئەم هەوڵە بکرێت. دەبێت وەکو شەهیدانی دیکەی سەنگەر، هەموو ماف و ئیمتیاز و ڕێزێکیان هەبێت. لەهەمانکاتدا پێویستە حکومەتی عێراقیش هەڵوێستی هەبێت، چونکە ئەمانە دواجار لەبازنەی عێراق و سنوری ئەم دەوڵەتە شەهیدبوونە، بۆیە گرنگە حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا لەرێگای یاسا و ڕێنمایی و چوارچێوەی ئیشکردنی خۆیانەوە قوربانیدان و خوێنی ئەم شەهیدانەی دیکەی پارچەکانی کوردستان لەیاد نەکەن. بابەتی دووەم: ئایا ئەو چەکانەی دێنە ناو هەرێمی کوردستان، ئایا تەنها دەدرێتە هێزەکانی پێشمەرگە؟ یان هەموو ئەو هێزانەی لەشەڕی تیرۆردان و لەسەنگەرەکاندا هەن؟ ئەمە جێگای پرسیارە، بۆ نمونە پەکەکە و پێشمەرگە لە شەنگال و مەخمور شەڕی داعش دەکەن، بۆچی دەبێت چەکی ئەمریکی و فەرەنسی و بەریتانی و ئەڵمانی.....هتد، بدرێتە پێشمەرگە بەڵام نەدرێت بەم هێزانە؟ ئەم بابەتە پێویستی بە بڕیار و لێکدانەوەی

هەمەلایەنە هەیە. چونکە لەزۆر دیوەوە جێگای هەڵوەستەیە، بۆ نمونە ئەگەر پێشمەرگە ئەو چەکانەی کە بەدەستی دەگات بەشی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی لێ بدات، ئێران هەڵوێستی دەبێت و لەروی یاساوە بریتییە لە پڕ چەککردنی ئۆپۆزسیۆنی ئێران. ئەگەر بیداتە پەکەکەش بەهەمان شێوە پڕ چەککردنی ئۆپۆزسیۆنی تورکیایە. بۆ سوریاش بەهەمان شێوە. لەلایەکی دیکەوە هەڵوێستی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپاش دیار نیە، ئایا رازین ئەو چەکەی بۆ پێشمەرگەی دەنێرن، بدرێتە لایەنی دیکەی کوردی، کە بەهەمان شێوەی پێشمەرگە سەنگەریان لەدژی تیرۆر گرتووە و شەهیددەبن و بریندارەدبن و شەڕ دەکەن..راستە پەیەدە لەسوریا و رۆژئاوای کوردستان راستەوخۆ و ناراستەوخۆ چەکیان لە ئەمریکا وەرگرتوە، بەڵام بەراستی ئەمەش بێ سەرئێشە نەبووە، بەهەمان شێوە بەرامبەر هەڵسوکەوتی روسیاش راستە لە سوریا.

## داعشی کوردی

وەزارەتی ئەوقاف و دەزگا ئاینییەکانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەدەن کە 400 بۆ 500 هاولاتی هەرێمی کوردستان، لەریزەکانی چەکدارانی داعشن. داعش لەدەرەوەی هەناوی کوردی نیە، لەناوەوەیەتی. زەمینەی ئاینی و کۆمەلایەتی و سیاسی و حوکمڕانی و ئابوری لەکوردستان کۆمەکی گەورەی دروستبوونی داعشی کوردی دەکات، زۆرێك لەناوەندە سیاسیەکان دووپاتی دەکەنەوە کە روبەروبونەوەی داعش هەر چەك و جەنگ و خوێنڕشتن نابێت، بەڵکو لە هەموو ئاستەکان دەبێت کاری گەورە لەسەر بنەبڕکردنی کولتوری داعش دروستکردن بکرێت. گەلی کورد لەناو جوگرافیای رۆژهەلاتی ناوەڕاست لەهەر چوار دەورەکەی کولتوری داعش دێتە ناو

کۆمەڵگاکەیەوە، گرنگی کارکردن لەسەر رووبەرووبونەوەی داعش، دوای کۆتایی هاتنی جەنگی داعش دەستپێدەکات، نەوەکو هەنوکە لەناو دۆخی جەنگەکە. کورد لە سوریا و عێراق جەنگ لەگەڵ داعش دەکات. راستە واقعی کوردی لەسوریا و عێراق جیاوازی هەیە لە سیستەمی سیاسی و پێگەی کورد و سنوری بەرە وپێشچوونی کێشەکەی. بەڵام دواجار کورد لەدوو دەوڵەت راستەوخۆ شەڕی تیرۆر دەکات. ئێستا رەوتێکی داعشی کوردی لەناو کۆمەڵگای کوردیدا هەیە، لەوانەیە ئەگەر دۆخەکە بەردەوام بێت هاولاتی زیاتر لەکوردستانەوە بچنە ریزەکانی داعشەوە، لەبەرئەوە رێوشوێنی تازەش پێویستە بۆ ئەوەی لەفەزای گشتی کوردستان کاری زیاتر بۆ هاولاتیبوون و دادپەروەری و ئارامی و دیموکراتیزەکردن بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە، پاڵەپەستۆی زۆر لەروی دەرونی و سیاسی و راگەیاندنەوە، لەسەر رەوشەکە هەیە، لەزۆر وتاردا بەتوندی هێزە ئیسلامیەکانی کوردستان و داعش لەیەك تای تەرازون. وەکو یەك بیر وسەرچاوە و کولتور مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ. بۆیە ئەرکی ئیسلامیەکانی کوردستان قورسە لەوەی کەوێنەیەکی روون بۆ کۆمەڵگاکەیان راشکاوتر بخەنەروو..نابێت داعش کۆمەڵگای ئێمە رووبەرووی جەنگێکی ناوخۆیی دیکە بکاتەوە کە بەرەیەکی توندی عەلمانی و ئیسلامی لەدژی یەك بکاتەوە. یاخود ئیسلامی و دژە ئیسلامی..ئەگەر ئەم بابەتەش لەناوخۆی کوردستان دواجار تەقیەوە، پێویستە هەر لەسەرەتاوە رێکخستن و کارکردن و هەستیاری سیاسی و میدیایی لەبەرچاو بگیردرێت. کە دواجار خزمەتی سیاسی و دیموکراسی زیاتر و رۆشنگەری و کولتوری و هۆشیاری کۆمەڵگای ئێمە بکات. نەوەکو لەناوەوە زیاتر پارچەپارچەی بکات. کورد نابێت بەئاسانی کاردانەوەکانی جەنگی داعشی بەسەردا تێبپەڕێت.

## حەشدی شیعە

لەگەڵ داگیرکردنی پارێزگای موصڵ لەلایەن داعشەوە، عەرشی دەسەڵاتی شیعەکانی عێراق کەوتە لەرزین. دوو دیاردە زۆر بەزویی وەکو دیاردەی تیرۆریستی داعش بوونە ناوو نیشانی رۆژانە(هەڵوەشانەوەی زۆر خێرای سوپای عێراق، دروستبوونی میلیشیای چەکدارانی شیعە بەناوی حەشدی شەعبی)، یەکێك لە سەرۆك هۆزە بەرچاوەکانی سوننە لەعێراق گوتی: حەشدی شەعبی نوێنەرایەتی خەڵکی عێراق ناکات و حەشدی شیعەیە. سوننەکان زۆر جیاوازی ناکەن لەنێوان چەکدارانی داعش و چەکدارانی حەشدی شەعبی. ئەم سەرۆك هۆزە دەیگوت: چەکدارە داعشەکان چۆن تالآنی و کوشتاریان بەرامبەر کردوون، بەهەمان شێوە حەشدی شەعبیش هەمان هەڵسوکەوتی بەرامبەر ئەنجام داون. بەمجۆرە لەعێراق سوپا نەماوە و میلیشیاکان خەریکی خواردنی یەکترین.

لەسـەر وردەکاری ئـەم گـروپ و میلیشـیا چەکداریانـە، رۆژنامەنوس(شـالاو محمـد) بـۆ (نیقـاش) راپۆرتێکـی ئامادەکـردووە و زانیاریـەکان بـەم شـێوەیە دەخاتـەروو: لەپارێـزگای نەینـەوا و سـەلاحەدین و قـەزای حەویجـە نـۆ گروپـی چەکـداری چالاکیـان هەیـە، ئەوانیـش بریتیـن لـە گروپـی نەقشـبەندی کـە بەباڵـی چەکداری حیزبی بەعس ناسـراوە. ئەنسـار سوننە، رێکخـراوی سـەربازی شۆڕشـگێڕان، ئەنجومەنـی چەکـداری سـەرۆك هـۆزەکان، سـوپای موجاهیدیـن، سوپای عەشایەری لەنەینەوا و حەویجە، دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق و شام، گروپـی جیهادی سـەلەفیەت، بـەلام لەناویانـدا داعش باڵا دەسـتە و ئەوانیـتری ناچارکـردووە لەژێـر رکێفـی ئەودابـن. هـاوکات لـە6ی حوزەیرانـەوە عەشـیرەتە عەرەبەکانـی خـوارووی کـەرکـوك رۆڵـی گـەورەیـان هەبـوو بـۆ ئـەوەی قـەزای حەویجـە و پێنـج ناحیـەی قەزاکـە(زاب، عەباسـی، رەشـاد، ریـاز، مولتەقـا) بکەوێتـە دەسـت داعـش، چونکـە چەکدارانـی ئـەو عەشـیرەتانە وەك شـانەی نوسـتوو کاریـان بـۆ داعـش دەکـرد و لەگـەڵ نزیکبوونـەوەی ئـەو گروپـە گـورزی خۆیـان وەشـاند و ناوچەکـەیـان کۆنتـڕۆڵ کـرد، لـەوە بـەدواوە چەکدارانـی ئـەو عەشـیرەتانە وەك چەکـداری داعش ناسـێنران و بونـە بەشـێك لـە سیسـتەمی سـەربازی ئـەو گروپـە. لەلایەکـی دیکـەوە ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی سـەقەری عێراقـی بـۆ لێکۆڵینـەوەی سیاسـی راپۆرتێکـی لەسـەر هەڵوەشـاندنەوەی بنەمـا سـەربازییەکانی عێـراق لەقۆناغـی دوای روخانـی رژێـم و سـەردەمی نـوری مالیکـی بڵاوکـردەوە و تێیـدا هاتـووە: زیاتـر لـە 43 گروپـی چەکـداری و میلیشـیایی هەژموونـی خۆیـان بەسـەر دامـەزراوە و سـەربازیەکانی عێراقـدا سـەپاندووە، ئەمریـکا و ئێـران و نـوری مالیکیـش بـە بەرپرسـیار لـەم دۆخـە دادەنرێـت. ئـەم ناوەنـدە دەڵێـت عێـراق گـۆڕاوە بـۆ کۆمەڵگایەکـی میلیشـیایی یـان حکومەتێکـی میلیشـیایی، کـە لـەم قۆناغـەدا پێشـێلکاری گـەورەیـان بەرامبـەر مافەکانـی مـرۆڤ ئەنجـام داوە. یەکێـك لەناسـراوترین و گـەورەتریـن لـەم گروپـە میلیشـیایە حەشـدی شـەعبیە. کـە لـە نێـو وەزارەتـی بەرگـری و ناوخـۆی عێـراق و دامـەزراوە سـەربازیەکاندا بەفەرمی بودجـە و کۆمەکـی سـەربازیان بـۆ دابینکـراوە و ئـەوان سـوپای فەرمـی حکومەتـن لـە جەنگـی داعش..بەفەتـوای مەرجەعـی شـیعە هـەزاران هاولاتـی

شیعە دەستیان داوەتە چەك و ئەجێندای روتی مەزهەبگەرایی جێبەجێدەکەن و بەهیچ شێوەیەك لەلایەن پێکهاتەی سوننەی عێراقەوە نەك جێگای قبوڵ نین، بەڵکو بەچاوێکی دوژمنکارانەوە لە هەموو رەفتاری چەکداری ئەم گروپە ئەڕوانن، هاوکات حەشدی شەعبیش بەجۆرێك هەیمەنەی سوپای عێراقی قووتداوە کە خۆی زۆر لەسوپای عێراق و دامەزراوەکانی دیکەی سەربازی بەگەورەتر دەزانێت، بۆ نمونە شێخ ئەکرەم کەعبی سەرۆکی بەرەی نوجەبا لەحەشدی شەعبی بۆسۆمەریەنیوز رایگەیاندووە: حەشدی شەعبی توانای گۆڕینی سیستەمی دەسەڵاتی هەیە لەعێراقدا بەو مەرجەی( فەتوای شەرعی) مەرجەع یەتیان بۆ دەربکرێت، چونکە لەبنەڕەتدا ئەوان لەسەر فەتوای شەرعی دامەزراون. ئەم سەرکردە باڵایەی حەشدی شەعبی بە راشکاوی دەڵێ: حەشدی شەعبی هەرکاتێك بیەوێت دەتوانێت سیستەمی دەسەڵات ژێراو ژور بکات.

وەك چۆن زۆر بە خێرایی چەمکی چەکدارانی داعش روبەری گەورەی میدیا و واقعی جەنگ و گۆڕەپانی ململانێیەکەی داگیرکرد. شان بەشانی ئەمەش چەمکی حەشدی شەعبی دەنگدانەوەی زۆر گەورەی لەجەنگەکەدا هەبوو. ئێستا سێ کوچکەی پێشمەرگە و تیرۆریستانی داعش و حەشدی شەعبی، ناونیشانی هەرە سەرەکی و بنەڕەتی جەنگی عێراقن. ئەمەش نیشانەی نەمانی شتێکە بەناوی سوپای عێراق.

کورد دەبێت هێندەی چەکدارانی داعش بەوریاییەوە مامەڵە لەگەڵ حەشدی شەعبی بکات، چونکە ئەم هێزە بەفەتوای مەرجەع و مەزهەب دروست بووە، وەك چۆن زۆر بەئاسانی بەفەتوایەکی مەرجەع روبەروی داعش بوونەوە، ئاساییە لەدوارۆژدا بەهەمان فەتوا روبەروی کورد ببنەوە. بۆیە پێویستە کورد بەباشی هێزی پێشمەرگە لەحەشدی شەعبی ئاگاداربکاتەوە و بەوردی چاودێری یەکەبەیەکەی گروپە چەکدارەکانی ناو عێراق بکەن، چونکە لەهەموو ئان و ساتێکدا ئەگەری هەیە لولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی سنگی پێشمەرگە بکەن. وەك چۆن میلیشیای حزب اللەی لوبنانی سنوری دەوڵەتی لوبنانی بڕی و بەشێکە لەهێزەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێگەی هەیە لەجەنگەکاندا و ئێستا دەوڵەتەکانی عەرەبی خستوویانەتە نێو لیستی

تیرۆرەوە..ئەگەر چەکدارانی حزب اللە کاریگەریان نەبوایە زۆرینەی دەوڵەتانی عەرەب کۆبوونەوەیان لەسەر نەدەکرد کە بیخەنە نێو لیستی تیرۆرەوە. حەشدی شەعبیش هەر زوو سنوری دەوڵەتی عێراقی بڕی و لەئاستی ئیقلیمی مشتومڕی لەسەرە، لەم بارەیەوە بۆ رونکردنەوەی مەبەستەکەمان، هەواڵێك دەخەینەروو: سەبارەت بەحەشدی شەعبی وەزیری دەرەوەی ئیمارات گۆمەکەی شڵەقاند و بەئاشکرا رایگەیاند داعش و حەشدی شەعبی وەکو یەکن. عەبدوللا بن زاید ئال نەهیان، وەزیری دەرەوەی ئیمارات لەمۆسکۆ بۆ رۆژنامەنوسان گوتی: کە داعش لەعێراق لەناوچوو، دەبێت میلیشیاکانی حەشدی شەعبیش لەناوبچن. سەرۆك وەزیرانی عێراق، حەیدەر عەبادی هەر زوو وەڵامی ئەم لێدوانەی دایەوە و قسەکانی وەزیری رەت کردەوە و داوای لە ئیمارات کرد دەست لەکار وباری ناوخۆی عێراق وەرنەدات.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەحەشدی شەعبی، شەڕی ئەم گروپە لەگەڵ گەلی کورد لە دووزخورماتوو بەڵگەیەکی بەرچاوە، دۆسیەی ئازادکردنی فەلوجەش بەهەمان شێوە، کە تاوانبارن بە تاوانی جەنگ..هاوکات ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی موصڵ و ئەم کێشە گەورەیەی حەشدی شەعبی دروستی کردووە، یان هەڕەشەکانی لەتورکیا سەبارەت بە بنکەی سەربازی تورك لە باشیك و هەوڵی تورکیا بۆ بەشداریکردنی لە ئۆپەراسیۆنی موصڵ..سەدان هەواڵ کە رۆژانە ناوەندەکانی میدیا بڵاویدەکەنەوە سەبارەت بە حەشدی شەعبی، پێویستە گەلی کورد و هێزی پێشمەرگە بەرامبەر ئەم میلیشیایە مەزهەبیە بێ خەم نەبێت.

## لەشکری تورك

لەوەتەی داعش لەسوریا جوقەجوقی کردووە و، دوایش موصڵی گرت. بەبۆنە و بێ بۆنە ناوی تورکیا بەداعشەوە لکاوە، ئەردۆغانی سەرۆك کۆماری تورکیا خەونی یەکەمی ئەوەیە خەلیفە بێت، ئەبوبەکر بەغدادیش خەلیفەی هەڵتۆقیوی تازەی دەوڵەتی ئیسلامیە، تۆ بڵێی دوو خەلیفە لەمەنجەڵێکدا بەیەکەوە جێگایان بێتەوە؟ ئێستا تورکیا و ناوچەکە لەنێو رووداوەکانی جەنگی داعشدا دەکوڵێت، رەنگ بێت لەنێو ئەم هاوکێشە ئاڵۆز و بەیەکداچووەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاسان درك بەهەموو راستیەکان و نەخشەکان نەکەین، بەڵام بەپێی زانیارییە سنوردارەکانی ئێمە و وردبوونەوەمان لەرووداوەکانیدا.. دەشێ شرۆڤە بۆ هەندێ لایەن بکەین، هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی رووداوەکانی سوریا، روسیا قۆڵی ئەسەدی گرتووە بۆ ئەوەی نەکەوێت. روسیا و ئێران راستەوخۆ لە هەموو مەترسیەك حکومەتی بەعسی سوریا

دەپارێـزن و جەنگـی بـۆ دەکـەن. تورکیـا سـەرکێشـیکرد و فڕۆکەیەکـی روسـیای خسـتەخوارەوە، ئـەم هەنـگاوەی تورکیـا گـڕی لەپەیوەنـدی نێـوان روسـیا و تورکیـا بـەردا. وە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و سـوریا و عێـراق و تورکیـا و ناوچەکـەی خسـتە دۆخێکـی نەخوازراوی تـازەوە. هێشـتا ئـەم قەیرانـە تەواونەبووە، کـە تورکیـا لەشـکری سـەربازی خـۆی هێنایـە نزیـك موصـڵ و سـنوری دەوڵەتـی عێراقـی بـڕی، کـە بۆتـە کێشـەیەکی نێودەوڵەتـی و ئیقلیمی..جارێکـی دیکـە تورکیـا سـەردێڕی هەواڵەکانـی ناوچەکـەی گرتـەوە. تەنانـەت کارگەیشـتە ئـەوەی ئەنجومەنـی ئاسـایش و نەتەوەیەکگرتوەکانیـش بەفەرمـی دانیشـتن و مقۆمقـۆی هەمەچەشـنە بکـەن. ئیـدی لەشـکری تـورك هاتـەوە نێوخاکـی عێـراق و کوردسـتان و تەوقـی مەترسـی ئـەم لەشـکرە داگیرکـەرە بۆ گـەردنی کـورد جوڵەجوڵیەتـی.

هەتـا رەوشـی عێـراق بەمجـۆرە بێـت تورکیـا نـەك هـەر لەکوردسـتان و عێـراق ناکشـێتەوە، بەڵکـو دەبێـت چاوەڕێـی زێدەتربوونـی ژمـارەی سـەربازەکانی بیـن. لەسـاڵی 2003ەوە پـۆل بریمـەر حاکمـی مەدەنـی عێـراق، جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە هاتنـی سـوپای تورکیـا بـۆ پاراسـتنی ئەمنیەتـی عێـراق هەنگاوێکـی ئیجابیە. تورکەکانیـش جەخـت دەکەنـەوە کـە لەبەغـدادەوە ئۆکەمـان وەرگرتـوەو کوردیـش ئـاگادارە و لەخۆمانـەوە نەهاتووینەتـە نـاو عێـراق و دەوروبـەری موصـڵ. بـەڵام سـیناریۆکە هـەر چۆنێـك بێـت، ئـەوا لەشـکری تـورك خێـری بـۆ کـورد نابێـت.

لـەدوای رزگارکردنـی قـەزای شـەنگال، بـوون و ئامادەیـی هێزەکانـی پەکەکـە و یەپەگـە لەشـەنگال و گوندەکانـی دەوروبـەری موصـڵ و ناوچـە کوردسـتانیەکان تورکیـای تووشـی فۆبیـا و دڵەڕاوکێیەکـی توندکـردووە، ناتوانێـت لەسـەر سـنورەکەی خـۆی و موصـڵ و شـەنگال و سـنوری رۆژئـاوای کوردسـتان، پێگـەی تـازەی پەکەکـە قبـوڵ بـکات، بۆیـە لەشـکری نـارد؟ ئەردۆغـان گوتـی رێـگا نادەیـن شـەنگال ببێتـە قەندیلـی دووەم.

تورکیـا دەیەوێـت ببێتـە دەرکـی نێـوان رۆژئـاوا و باشـوری کوردسـتان. لەمپـەری گـەورەی بـەردەم هـەر یەکگرتنـەوە و نزیکبوونەوەیەکـی ئـەم دوو پارچەیـەی

كوردستان بێت، هاوكات خەنجەرێكە لە كەلەكەی باشوری كوردستان و بەدەوڵەتبوونی. وە دەورەدانێكیشە بۆ رۆژئاوای كوردستان و كانتۆنەكانی، هەبوونی لەشكری توركیا بۆ ئاسایشی باشور و رۆژئاوای كوردستان مەترسیەكی حاشا هەڵنەگرە.

لایەنی دیكە توركیا نهێنی پاراستنی بەرژەوەندیەكانی خۆشی لەگۆڕێیە، دوای ئەوەی روسیا بەڵگەنامەكانی بازرگانی نێوان توركیا و داعشی خستەروو، تەنگی پێهەڵچنی، توركیا لەشكری هێنایە نزیك موصڵ و باشیك و دوو بەدوو بازرگانیەكانی نێوانیان رێكدەخەنەوە! لەوانەشە بەهۆی بنكەی سەربازیەوە كۆمەكی گواستنەوە و هاتووچۆی چەكدارەكانی داعش بكات و لەزۆر وێستگەوە پشتیوانیان بێت. لەلایەكی دیكەشەوە كاتێك هاوكێشەكان پێچەوانەوە دەبنەوە و داعش لە موصڵ دەردەكرێت، بەشە تالآنی و دەستكەوتی خۆی دەوێت. ئەوكاتە دەفەرموێت بەلەشكری خۆم لەنزیك موصڵ بوونم هەبووە و شەڕم كردوە و ئەركم كێشاوە و بەشە تالآنی و دەستكەوتی خۆم دەوێت. تابلۆیەكی دیكەی هاتنی لەشكری تورك بۆ ناو عێراق ودەوروبەری موصڵ، بۆ لەبیربردنەوەی كەیسی خستنە خوارەوەی فڕۆكە روسیەكە بێت، قەیرانی دووەم دەخوڵقێنێت بۆ ئەوەی قەیرانی یەكەم لەیاد بكرێت؟ هەر پەیوەست بەم بابەتەوە ناوەڕۆكی هەواڵێك وەكو خۆی دەخەینە روو: « فیلیپ گیراڵدی بەرپرسی باڵا و پسپۆری پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمریكا ناسراو بە سی ئای ئەی. كە بۆ ماوەی زیاتر لە 15 ساڵ لەو دەزگا گرنگەی ئەمریكا كاریكردووە رایدەگەیەنێت كە توركیا هیچ بەرژەوەندی لەرووبەروبونەوەی داعشدا نیە تا ئەو شەڕە بكات. ئاماژە بەوەش دەكات توركیا لەپەیڕەوكردنی سیاسەتی دەرەوەیدا تاكە ئامانجی رێگریكردنە لەدروستبوونی دەوڵەتی كوردی لەناوچەكەدا. هاتنی لەشكرەكەشی بۆ نزیك موصڵ، تەنها بۆ رێگریكردنە لەهەر هەوڵێك لەو رووەوە.

سەرەڕای ئەم باسانەی گوایە توركیا هیچ دژایەتیەكی دەوڵەتی كوردی ناكات لەهەرێمی كوردستان(باشوری كوردستان)، بەڵام ئەو بەرپرسەی پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمریكا بۆ كەناڵی روسیاتودەی قسەی كرد،

وتی: تورکیا ترسی گەورەی لەدروستبوونی دەوڵەتێکی کوردی هەیە کە لەپێکهاتەی خاکی ولآتانی تورکیا، عێراق، سوریا، ئێران بێت. پێش ئەم لێدوانەش فیلیپ گیراڵدی بۆ رۆژنامەی گازتای روسی ئاماژەی بەوەشکردبوو کە تورکیا بەباشی دەزانێت ئێستا کوردانی رۆژئاوای کوردستان(سوریا) لەهەوڵی دروستکردنی هەرێمێکی کوردیدان و دواتریش پەلدەهاون بۆ دەوڵەت، راستەوخۆ دوای ئەوانیش کوردانی باکور(تورکیا) دەست پێ دەکەن، بۆیە تورکیا زۆر دەترسێت.

گیراڵدی کە ئێستا بەرێوەبەری سەنتەری(ناشناڵ ئینتەرستی ئەمریکا)یە بۆ پرسە سیاسیەکان جەختی کردۆتەوە لەسەر ئەوەی خودی رەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆك کۆماری تورکیا لەگەڵ داعش شەڕ ناکات، بەڵکو هەموو هەوڵی ئەو بۆ شەڕکردنە لەدژی دەوڵەتی سوریا و بەتایبەتیش لەگەڵ گەلی کورد لەو ولآتەدا. هەر بۆیە راشکاوانە دەبینین جەیشی تورك چووە ناو خاکی سوریا و ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فوراتی راگەیاند و دەیەوێت کورد نەیەتە رۆژئاوای فورات و بگەرێتەوە رۆژهەلآتی فورات، رێگری دەکات لە گەیشتنی کورد بۆ سەر دەریا و خەریکی بلآوەپێکردنی سەربازە لە کانتۆنی عەفرین لە رۆژئاوای کوردستان. شیعەکانی عێراقیش بەهۆی بنکەی سەربازی باشیك لە موصڵ تەنگیان پێ هەڵچنیوە و تەنانەت حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی شیعە چەندین جار دوپاتیان کردۆتەوە کە وەکو داعش سەیری جەیشی تورك دەکەن. هەبونی جەیشی تورك لەخاکی کوردستان کارەساتە و کورد نابێت بچێتە ژێر فشاری تورکەکانەوە و بەرنامەی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ خواستە رەواکانی گەلی کورد کۆك نیە و دژە، دەبێت وردبین و ئاگاداربین و خاوەنی بڕیاریش بین.

## مەرگی داعش

کۆتایی داعش، تەنها شکستی رێکخراوێکی تیرۆریستی ئیسلامی جیهادی نیە، تەنها لەناوچوونی گروپێکی ترسناکی خوێنخۆر نیە، کۆتایی داعش کۆتایی سەردەمێکی تاریك و دڵتوند و غەمگینە. دەربازبوونی دنیایە لەمەترسیەکی وێرانکەری پڕتوند و تیژی. نەك هەر کورد و گەلانی ناوچەکە، بەڵکو جیهان دەحەسێتەوە، سەرەتایەکی تازە لەدایك دەبێت، مەرگی داعش وەك ئەوە وایە کە پەردەیەکی رەش لەئاسمانی زەوی لابدرێت و خۆر دەربکەوێتەوە. لەوەتەی داعش دروست بووە، سەردێڕی هەواڵەکانمانن، تەرم، تەقینەوە، خوێن، رفاندن، کوشتن، سوتاندن...هتد، ئێمە رۆژ نیە بەسەر کارەساتێکی دڵتەزێندا نەکەوین. تاوەکو داعش مابێت، دڵتوندی و غەمگینیەکی خوێناوی روخسارمان بەرنادات، لەلایەکی دیکەوە کەوتنی داعش، مانای زۆری سیاسی، ئایدۆلۆژی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و ئاینی و فەرهەنگی هەیە، دەبێت کۆتایی داعش، کۆتایی فەرهەنگەکەشی بێت. داعش بۆتە درزی گەورەی نێوان گەلانی جیهان، پەیوەندیەکی باش لەنێوان کورد و تورکدا دروست بوو بوو، بەڵام بەهۆی پەیوەندی دەوڵەتی تورکیا بە داعشەوە، بێ متمانەیی کەوتە نێوان هەردوو لا، داعش بەشێکی بەرچاوی لەخێڵە عەرەبەکان هەڵخەڵەتاند و تاوانی دەرهەق بەگەلی کورد پێ ئەنجام دان بۆ نمونە عەرەبەکانی دەوروبەری

شەنگال کە چەندین ساڵ بوو لەگەڵ کورد بەیەکەوە دەژیان. لەناوچوونی داعش کردنەوەی دەرگایە بەسەر برایەتی و لەیەك نزیکبوونەوەی گەلانی ناوچەکە.

کۆتایی داعش دەروازەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی قسەی جددی لەسەر قوڵ بوونەوەی دیموکراسی بکەین. هەوڵ بدەین لەبری فەرهەنگی داعش فەرهەنگی دیموکراسی جێگای کولتوری سیاسی و ململانێی ناوچەکە بگرێتەوە، بۆ نمونە لەنێوان داعش و دیموکراسیدا، گومانی تێدانیە کە دەشێ دیموکراسی هەڵبژێرین. بەڵام ئەگەر فەرهەنگ و رەگی داعش لەناو نەبەین، ئەوا گروپ و هۆز و خەڵکی ناوچەکە لەجیاتی دیموکراسی، داعش هەڵدەبژێرن.

مەرگی داعش، دەبێت دەرفەتی ئەوەمان بۆ برەخسێنێت، ئاین لەچنگی سیاسەت رزگار بکەین، قەدەغە بکرێت کە هیچ گروپ و رێکخراوێك بە پاشگری ئاین و مەزهەبیەوە دروست ببێت. ئاین لەدەستی تی ئێن تی دەرباز بکرێت و لەبری ئەوەی مرۆڤی ئاینپەروەر بکرێتە بۆمبی تەوقیتکراو تی ئێن تی رێژبکرێت و خۆی بتەقێنێتەوە، ئەوا بچێ لەمیحراب روو بکاتە کەعبەی خۆی و دڵ نەرم و لێبوردە داوای نزای بەختەوەری بۆ خۆی و نەتەوەکەی بکات. داعش ئەو راستیەی بۆ دەرخستین کە تێکەڵاوی ئاین و سیاسەت، ئاین و جەنگ دەرەنجامەکەی چی یە؟ داعش وانەیەکی روونە لەسەرئەوەی کە رێگربین لەوەی ئاین ببێتە کەرەستەی ململانێی سیاسی و ئایدۆلۆژی و چەکداری. بەکۆتایی داعش کەس زیان ناکات، ژیان دەبیاتەوە، خۆشەویستی و ئازادی براوە دەبن. هاوڵاتیان گیانیان دەکرنەوە. ئەوانەی دژی مرۆڤایەتین دژی پێکەوەژیانن ئەوانەی بازرگانی خوێنن، ئەوانە زیان دەکەن. کەواتە بۆ ئەوەی ژیان و ئازادی و مرۆڤایەتی سەرکەوتووبێت، پێویستە هەموومان دژی داعش بین. کۆتایی داعش وەکو سەرەتایەکی گرنگ و پڕ ئومێد تەماشا بکەین. چەندە روبەری هێز و دەسەڵاتی داعش زیاد بکات، ئەوەندە روبەری ژیان بچوك دەبێتەوە.

## پەروەردە

دوای هاتنی داعش و بڵاوبوونەوەی مەترسییە راستەقینەکانی ئەم رێکخراوە تیرۆریستیە. یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بەرەنگاربوونەوە و زاڵ بوون بەسەر داعش و هاوشێوەکانی سیستەمی پەروەردە و دەستکاریکردنی کۆی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەیە. خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان درکی بەم بابەتە گرنگەکرد و لەبواری پەروەردە و خوێندنی ئاینی هەنگاوی کرداری نا، بەڵام گۆڕین و چارەسەرکردنی قوڵایی کاریگەری ئەمجۆرە سیستەمەی خوێندن و پەروەردەیە کارێکی هەروا ئاسان نیە و لەشەوو رۆژێکدا جێبەجێ ناکرێ، بەڵام هەر کەمتەرخەمیەك لەم بوارەدا کوشندەیە.

بەهەرحاڵ، چۆن دەستبکەین بەقسەکردنێکی فراوانی هەمەلایەنە لەسەر پرۆسەی پەروەردە و خوێندن لەعێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی، نەك هەر کوردستان. راستە نابێت کورد لەسەر خەڵکی دیکە بوەستێت، دەبێ

ئـاگای لەواقعەکـەی بێـت و گۆڕانـکاری خـۆی بـکات. بـۆ نمونـە ئەبوبەکـر بەغـدادی، خەلیفـەی داعش خاوەنـی ماجسـتێر و دکتۆرایە، لەزانـکۆی ئیسـلامی لەبەغـدا، هـەر زوو بەکالۆریـۆس وەردەگـرێ. کـاری مامۆسـتایەتیش دەکات. دواجـار دەبێتـە بانگخوازیـش، دیـارە ئەبوبەکـر بەغـدادی نـاوی ابراهیـم عـەواد ابراهیـم ئەلبەدریـە، سـاڵی 1971 لەشـاری سـامەرای عێـراق لەدایـك بـووە، ئـەم ابراهیمـە نازنـاوی زۆرن، لەوانـە: عەلـی ئەلبـەدری سـامەرائی، ئەبـو دعـا، الدکتـۆر ابراهیـم، ئەلکـەرار، ئاخیـر نازناویشـی ئەبوبەکـر بەغدادییـە و ئەمیـری داعشـە. لەراستیدا هەتاوەکو خاوەن ئەمجۆرە زانکۆ و پەیمانـگا و سیسـتەمی پەروەردەیە بیـن، نمونـەی هاوشـێوەی ئەبوبەکـر بەغـدادی زیاتـر دەبێـت. دەبێـت بـە قوڵایـی کـۆی سیسـتەمی پەروەردەی خێزانـی و خوێنـدن و پرۆگرامەکانـی زانکۆکانـدا بچینـەوە. دەبێـت دەسـتکاری ئـەم رۆشـنبیری و خوێندەوارییـە بـاوەی عێـراق و کوردسـتان بکرێـت، گۆڕانـی بنەڕەتـی بەرامبـەر بەداعـش و هاوشـێوەکانی لەسیسـتەمی پـەروەردەوە دەسـت پـێ دەکات. تاکـی خـاوەن زانسـت و زانیـاری و فرەکولتـور و فەرهەنـگ، تاکـی خـاوەن هێـزی دیالـۆگ وبیرکردنـەوە، تاکـی خـاوەن ئـازادی رادەربڕیـن و خـاوەن ئیـرادە. گورجێکـی کاریگـەرە لەبونیـادی رێکخـراوو فکـری توندوتیـژی دەدرێـت، وە هەنـگاوی سـەرەکیە بـەرە و دروسـتکردنی کۆمەڵگایەکـی نوێ کەلەسـەر پایەی پێکەوەژیـان و مەدەنیـەت دروسـت بووە. بەبێ پەروەردەی دروسـت و پێگەیاندنی تاکی وشیار و بەرپرسیار، ئەسـتەمە کارێکـی جددی بکرێـت لەسـەر عەدالەتـی کۆمەڵایەتـی. هـەردوو بنەمـای پەروەردەیەکـی سـەرکەوتوو، عەدالەتـی کۆمەڵایەتـی. دەتوانـن رێگـری گـەورە لەدروسـتبوون و گەشـەکردنی تیرۆر و رێکخـراوو گروپـی هاوشـێوەی داعـش بکـەن.

پایەیەکـی دیکـەی کۆمەڵگایەکـی دوور لەداعش و رەفتـاری داعشیەتی ئەوەیە زانکۆ و پەیمانگاکان لەدەستی حیزبایەتی و نەخوێندەواری دەربهێنین، زانکۆی کـوردی ئیفلیجـە بەداخـەوە قەیرانـی دارایـی و موچـەش هەڵـی تەکانـد، خاوەنـی سـەربەخۆیی فکـری و زانسـتی و پەروەردەیـی خـۆی نیـە. بـڕوا بکـەن زیـادەڕەوی نیـە ئەگـەر بڵێـم زانکۆکانـی کوردسـتان ناوەندێکـی دیکـەی گەشـەکردنی

فکری توندوتیژی و سەلەفیەتی جیهادی و تەقلیدیەتە. دیارە ئەمە بڕیارێکی رەها و گشتگیر نیە، بۆ تەواوی زانکۆی کوردی، نەخێر، وزە و کارکردن و کادیر و کەسی زۆر باشیشی تێدایە، عەقڵی زۆر باشیش لەناو زانکۆی کوردی هەیە، بەلام بەداخەوە کێشە و دواکەوتوویی و تەقلیدی کارکردن و سیستەمەکە کۆسپی گەورەن، کە دەبێت دەستکاری ریشەیی بکرێن.

## موصڵ

موصڵ بابەتی بەرژەوەندی هێزەکانە، مشتومڕی حساباتی سیاسیە، کەس خەمی هاولاتیانی ناو سنوری پارێزگاکەی نیە، پلانەکان بۆ ئەوە نیە موصڵ ئازاد بکرێت، بۆ ئەوەیە لەم ئازادکردنە بەشی من چیە؟ کاربەدەستانی بەغدا مانەوەی داعشیان لەموصڵ پێ باشترە وەك لە پێشڕەویکردنی پێشمەرگە. لەنوێترین لێدوانی کەریم نوری وتەبێژ بەناوی حەشدی شەعبی دەڵێت ئەم ناوچانەی پێشمەرگە کۆنترۆڵی کردوون دەبێت بکشێتەوە. ئەگەر هاتوو بەشداری ئازادکردنی موصڵیشی کرد، ئەوا دوای پرۆسەکە بەزوویی ناوچەکان چۆڵ بکات. بەرپرسانی عێراقی جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێشمەرگە مەترسیە بۆ سەر دیموگرافیای ناوچەکە بەتایبەت موصڵ، سنوری هەرێمی کوردستان بە ناشەرعی فراوان دەکەن، بۆیە بەهەموو شێوەیەك خەریکی ئەوەن پێشمەرگە کۆتوبەند بکەن لە پرۆسەی رزگارکردنی موصڵ.

پڕۆژەیەکی ئەمریکی هەستیار

ئێستا لەکۆنگرێسی ئەمریکی پڕۆژەیەك هەیە، دیموکراتیەکانو کۆماریەکان پشتیوانی دەکەن، دەیانەوێت بۆ کەمە نەتەوەو پێکهاتە ئاینیەکانی سنوری پارێزگای موصڵ «ناوچەی ئارام»دروست بکەن، واتە ئێزیدیو شەبەكو مەسیحیو تورکمانو،....هتد، بە بیانوی ئەوەی مەترسی کۆمەڵکوژیو پێشێلکردنی مافەکانیان لەسەر هەیە. بەتایبەت بەهۆی جیاوازی نەتەوەییو مەزهەبی. ئەگەر ئەمە سەربگرێت مانای وایە دەبێت پێشمەرگە لەم ناوچانەی دەکەونە سنوری «ناوچە ئارام»ەکە بکشێتەوە. بەم مانایە هیچمان نەکرد، لەو کاتەدا ئایا تورکیا سوپاکەی دەکشێنێتەوە؟ گەریلاکان دەکشێنەوە؟ حەشدی شەعبیو حەشدی نیشتمانی کاریان چی دەبێت؟ یان ئایا سوپای ئەمریکا خۆی پارێزگاری لەناوچە ئارامەکە دەکات. بێگومان سنوری ناوچە ئارامەکە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان دەگرێتەوە بەتایبەت ئێزیدیو شەبەك..ئەوکاتە ماددەی سەدو چلو دەستوری عێراقی چی لێدێت؟ کورد بۆ ئەم ئەگەرە پێویستە پلانو پڕۆژەو وەڵامی خۆی ئامادە بێت.

موصڵ بۆ کێ دەبێت

دوای دەرپەڕاندنی داعش لە موصڵ، ئیدارەی خۆجێی ناو پارێزگاکە دەبێتە مشتومڕ، بەتایبەت لە چۆنیەتی روبەروبوونەوەی کولتوری بەجێماوی داعش، ئاسایشو سەقامگیری، ئاوەدان کردنەوە، قەرەبووکردنەوە، تۆڵەکردنەوە، پۆلیسو دەزگای ئەمنی، بودجە، ...هتد کورد کە بەشێکی سەرەکی ناو پارێزگاکەیە چۆن خۆی بۆ ئەم مشتومڕە ئامادە دەکات؟ بەبۆچونی من مانەوەی موصڵ بۆ کورد زیانی هەیە، چونکە ئەجێندای تورکی، ئەمریکی، سونی لەم پارێزگایە بەرژەوەندیو قوربانی کوردی تێدانیە، عەرەب نەك وەفای بۆ کورد نیە، وەکو هێزی داگیرکەر دەڕوانێتە پێشمەرگە، بۆ نمونە هەموو بەرپرسە عەرەبەکان داوا دەکەن ئەم شوێنانەی کورد کۆنترۆڵی کردون دەبێت چۆڵیان بکات. لەخۆگرتنی ملیۆن ئاوارەی عەرەب نەبۆتە وەرەقەی سیاسی دەست کورد، بڕواتان هەبێت دوای نەمانی داعش دەوڵەتە عەرەبیە

هەرێمیەکان کورد خەتاباریش دەکەن. خودی ئەم ئاوارانە دەبینی چۆن دەیانهێنە سەر تەلەفزیۆنو داوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە دەکەن.

حەشدی شەعبی

سونە سورە لەسەر ئەوەی حەشدی شەعبی بەشداری ئازادکردنەوەی موصڵ نەکات، ناکۆکی توند هەیە، لەگرتنەوەی فەلوجە ئەم بابەتە باش تەقیەوە. حەشدی شەعبی بۆ راکێشانی سۆزی عەرەبەکانی موصڵ لێدوانی توند دژی کورد دەدات، نوێترین لێدوانیان ئەوەیە کە دەبێت پێشمەرگە لە ناوچەکانی موصڵ بکشێتەوە کە بەهۆی شەڕی داعش کۆنترۆڵی کردون، بۆ نمونە هەرەشە دەکەنو دەڵێن با کورد یاری بە ئاگر نەکات. یاخود قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە حەشدی شەعبی لەگەڵ سوپای عێراق دەبێتو پابەندی رێنمایەکان دەکات. بەبۆچونی من کورد پێویستە هاوکاری حەشدی شەعبی بکاتو بە هەڵوێستە دوژمنکارەکانیان سەغڵەت نەبێت، چونکە ئەگەر حەشدی شەعبی بێتە ناو موصڵ تالاَنو تاوان ئەنجام دەدەن، ئەوکاتە لەجیاتی شەڕی کوردو عەرەب، شەڕی عەرەبو عەرەب لەموصڵ روودەدات، شەڕی نێوان حەشدی نیشتمانی سونە، حەشدی شەعبی شیعە. بەومانایەی هاتنی میلیشیا شیعەکان بۆ ناو موصڵی سونە نشین، زۆر بێ کێشەو ئاڵۆزی نابێت، هاوکات بیرمان نەچێت ئەمە کشانی ئێرانە بۆ سنوری تورکیا، بەمجۆرە کێشەیەکی ئیقلیمیش روو دەدات، مانەوەی کێشە لەبەرژەوەندی کوردە، موصڵ سەقامگیر بێتەوەو بەهێز بێت، یەخەی پێشمەرگە دەگرێت.

پێشنیارەکان چین؟

بەبۆچونی من گرنگە کورد لەسەر دۆسیەی موصڵ ئەم هەنگاوانە بنێت:

1 - زۆر بەتوندی دژی پرۆژە ئەمریکیەکە بوەستێتەوە سەبارەت بە دروست کردنی ناوچەی ئارام. ئەگەر هەر لەدەستی چوو، پێداگیری لەسەر ئەوە بکات ناوچە ئارامەکە ئاسایشو پاراستنی لەچنگ پێشمەرگە بێت. یان بکەوێتە سنوری هەرێمی کوردستان. بەمجۆرە بەجدی ناوچە کوردستانیەکان دەگەڕێنێتەوە سەر کوردستان.

2 - ئەگەر ئەمریکا سور بوو لەسەر پرۆژەکە، کورد خەڵکەکە بجوڵێنێتو

دەست بکات بە هەڵمەتی دبلۆماسی گرنگو بەرفراوان. واتە خودی خەڵکی ئێزدیو شەبەكو مەسیحی لەدژی پرۆژەکە بهێنێتە سەرجادە.

3 - دەست بەجێ ناکۆکی نێوان پەیەدەو پەکەکەو پارتی لە شەنگالو سنوری رۆژئاوای کوردستان کۆتایی پێبهێنرێت، ژوری هاوبەشی ئۆپەراسیۆنی کوردی دروست بکەن بۆ جەنگی موصڵ.

4 - کورد بەهەموو شێوەیەك دژی مانەوەی هەیکەلو سنوری ئێستای موصڵ بێت، بۆ نمونە بەهەموو هێزیەوە هەوڵ بدات شەنگال بکاتە پارێزگا. پارچە پارچە کردنی موصڵ لەبەرژەوەندی کوردە.

5 - کورد وریای ئەوە بێت وەرەقەی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوانی دەستی داعش بەتایبەت کوردە شەبەكو ئێزدیەکان نەکەوێتە دەست خەڵکی دیکە. خۆی خاوەنی مەلەفەکە بێت.

6 - داوا بکرێت، ساڵانە لەبودجەی موصڵ لە 2% وەکو قەرەبوو بۆ ناوچە زیانلێکەوتووەکانی ئێزیدیو شەبەكو ناوچەکانی دیکە تەرخان بکرێت، واتە لەدەرەوەی هەموو بودجەو پرۆژەو پارەیەکی دیکە، بەزیادە بۆ ماوەی 20 ساڵ ئەم پارەیە بدرێتە ناوچە زیان لێکەووتووەکان. وەکو بەزمی کوێت بەرامبەر عێراق، بۆ ئەمەش سیغەیەکی دەستوری عێراقی بۆ بدۆزرێتەوە.

7 - ختوکە دانی بەردەوامی ئەو خەڵکە عەرەبو شەبەكو ئێزدیو مەسیحیانەی داوا دەکەن ناوچەکانیان ببنە بەشێك لە هەرێمی کوردستان. ئەمە بەردەوام هەڵمەتی راگەیاندنی گەورەی بۆ بکرێت.

8 - کورد داوا بکات بنکەیەکی سەربازی ئەمریکی، یان هاوپەیمانان لەناوچەی موصڵ جێگیر بکرێت، واتە لەنێوان عەرەبو کورد، بە سونەو شیعەوە، هێزی ئەمریکی هەبێت. ئەمە لەروی ستراتیژیەوە بۆ کورد گرنگە، بەتایبەت لەزۆر شەڕی لابەلا لەگەڵ عەرەب بەربەستێکی بۆ دروست دەبێت. جۆرێکیشە لە وەڵامی وەفایانەی کورد بۆ هاوپەیمانان.؟؟

9 - پێویستە دوای ئازادکردنی موصڵ کورد دەسبەرداری هێزی هاوپەیمانان نەبێت رێکەوتنی تازەیان لەگەڵ مۆر بکات.

10 - پێویستە کورد لەروی بازرگانیەوە هەوڵ بدات موصڵ بەرەو هەرێم بێت،

نەوەکو ناوچەکانی دیکە، بەتایبەت لەروی گەشتیاریو پیشەسازیو کالآی کشتوکاڵی..هتد.

11 - پێویستە لە ئازادکردنی موصڵ، کورد مەرجی ئەوەی هەبێت لە ئاوەدان کردنەوەی شارەکەو ناوچە وێرانبووەکانیدا، کۆمپانیا کوردەکان پشکی گەورەیان پێ بدرێت. ئەمەش مافی سروشتی خۆمانە، لانی کەم حەقی ئەوەی زۆرمان لە ئاوارەکاندا سەرف کردووە.

12 - پێویستە بۆ ناوچە زیان لێکەوتووەکان، کورد مەلەفی خۆی هەبێتو خۆی داتاو ئامارو کۆنگرەو کۆنفرانسی هەرێمیو نێودەوڵەتی رێکبخاتوچاوەڕێی کەس نەکات، واتە خۆی سەفیری ئەم ناوچانە بێت. دەستەو گروپو ناوەندی تایبەتی بۆ دروست بکات.